# پایەکانی کۆمەڵگا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هێنریک ئیپسن

# پایەکانی کۆمەڵگا

شانۆگەرییەک لە چوار بەشدا

وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە

هاودەم ساڵح جاف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: پایەکانی کۆمەڵگا - شانۆگەرییەک لە چوار بەشدا
نووسینی: هێنریک ئیپسن
وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە: هاودەم ساڵح جاف
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٦٢
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٦٣ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پایەکانی کۆمەڵگا، هێنریک ئیپسن و شانۆی ڕیالیزمی

دانا ڕەئووف

هێنریک ئیپسن ١٨٢٨– ١٩٠٦ یەکێکە لەو نووسەرانەی کە زۆر بە ڕاستگۆیی و دیقەتەوە، سەردەمەکەی، وێنەیەکی زیندووی کۆمەڵگاکەی، هەست و نەستی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی بەرجەستە دەکا و وەک هونەرمەندێکی نووسەر توانیویەتی ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانی، بۆچوونە فەلسەفییەکانی و دیدە واقیعییەکەی بە ئامرازی جیاواز ئاراستە بکا. ئەم هەستە قووڵ و ساکارە، هێنریک ئیپسن دەگەیەنێتە لووتکە و هەروەها بە یەکێک لە نووسەرە هەرە گەورەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی دادەنرێ. مارتین لام، سەبارەت بە شانۆی هێنریک ئیپسن وتوویەتی: ڕۆمایەکی مۆدێرن: هەموو ڕێگاکان بەرەو ڕۆما دەچێن و هەر لەوێشەوە ڕەت دەبن.

شانۆی ناتورالیزم، ڕیالیزم یان ڕیالیزمی هیماگەری و لەسەر هەموو ئاستەکان لەلای ئەم نووسەرە بەهیچ شێوەیەک نابێتە هەستێکی ساکار، دیالۆژێکی بێگیان و ڕووداوێکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لەکاتێکدا کە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە شێوازێکی ڕۆژانە و ئاسایی لەخۆدەگرن، دەبنە هونەرێکی بەرز و لەچەندین ئاست و مەغزای جیاوازدا ماناکانی دەردەکەون.

بەشێکی زۆر لەو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتی، دەروونی و تەنگژە



خێزانییانەی ئیپسن لە شانۆنامەکانیدا باسیان دەکا، تاکو ئێستا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە. یاخود بە شێوەیەک لە شێوەکان، وەک تارماییەکی تۆقێنەر و قێزەون لە سترکتوری کۆمەڵگاکانماندا، لە ناوەوەی خۆماندا، وەک تاکەکەس دەردەکەون و ساتەوەختەکانمان، پێوەندییەکانمان و ڕەوتی ژیانمان ژەهراوی دەکەن.

ئیپسن ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت بەرز ڕادەگرێ و کارەکتەری ئافرەتی شانۆنامەکانی زۆر باشتر لە ڕەگەز و کارەکتەری پیاو حاڵی دەبن، وەک ئەوەی ڕەگەزی بەرامبەر لە وان (ئافرەتان) بگەن. دەرگا بەیەکادانەکەی نورا لە شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵە) دا هەموو کۆمەڵگای پیاوسالاریی ئەوروپا دەلەرزێنێ و ئافرەتان، ئیپسن دەکەنە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی خۆیان. بەڵام ئیپسن خۆی بەرپەرچی ئەو بۆچوونانەی دەدایەوە کە ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە گوایە ئەو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داکۆکیی لە مافی ئافرەتان و پرسەکانی ئافرەت کردبێ، بەڵکو ئیپسن هەمیشە ئەوە دووپات کردووەتەوە کە ئەو داکۆکیکار و سەرگەرمی بەرجەستەکردن و لەسەر نووسینی پرسەکانی مرۆڤایەتییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئافرەتان، یان بڕوای وا بووە کە ئافرەتان زیاتر لە پیاوان پەرۆشی بانگەشەکردنی تەوژمە ئازادیخوازەکانن و ئەوان زیاتر بەدەنگ سەربەستی مرۆڤایەتییەوە دەچن.

لەلایەکی ترەوە، ئیپسن کۆمەڵێ پرسیاری چارەنووسسازی گرنگی وەک بەرپرسیاریەتی، سەربەستی و مانای ئەو نائومێدییەی کە ڕەگ و ڕیشەی لە خودێتی و بوونی مرۆڤدا داکوتاوە، دەورووژێنێ، ڕەگ و

ڕیشەی مرۆڤ لە مێژوودایە، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕەگ و ڕیشەی مێژوو لەلای ئەو مرۆڤانەیە کە لە دەرەوەی پێداویستییەکانەوە بنەماکانی کۆمەڵگا دەخوڵقێنن. ئیپسن زۆر بە وردی و بە وریایی مرۆڤەکانمان وەک ڕۆحێکی تراژیدی بۆ دەخوڵقێنێ کە لە کێشەیەکی دژواردان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان و لەگەڵ خودی خۆیاندا.

ئیپسن لە ڕوانگەی خودێتی و مرۆڤیی تاکەوە، لەناو خانەکانی تاکە کەسەوە پرسیارەکانی دەخاتە ڕوو، نەک لە تەوژمەکانی سۆسیالیزم و سیاسەتێکی بە کۆلێکتیڤ کراوەوە. سەربەستییش پرۆسەیەکی ئێجگار دوورو درێژە و وڵاتێکە کە هەرگیز داگیر ناکرێ. بیروبۆچوونە خودێتییەکەی ئیپسن هەمیشە لە کێشەدایە، دەنگەکان لە ناوەوە دێن و ملکەچی یاساکانی سەرەوە نابن، منی تاک لەگەڵ خۆم، لەگەڵ دەوروبەر و لەگەڵ ئەوانیتردا لە چەقی ڕووداوەکانداین.

ئەم نووسەرە هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی بەهێزی فەیلەسووفی دانیمارکی، کریگیاردەوە و بەر لە دەرکەوتنی فەلسەفەی خودێتی، ئیپسن لەو تێزانەدا بیری کردووەتەوە.

بەهەمان شێوە خۆیشی کاریگەرییەکی لەبەرچاوی بەسەر زۆر نووسەر، شانۆنامەنووس، هونەرمەند و بیریارەکانی سەردەمی خۆیەوە هەبووە هەروەها. بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی دادەنرێت بە ئەدەبێکی بەرزی کولتووری جیهانی. هەر بۆ نموونە ئیپسن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزی بەسەر فرۆید و تیۆری و بۆچوونە سیکۆئەنالیس (شیکاریی دەروونی) و دەروونییەکانەوە هەبووە. فرۆید زۆرجار گەڕاوەتەوە سەر شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە، بەتایبەتییش، هیداگابلەر، ئێولۆڤی بچووک، یوهان گابریل بۆرکمان، کاتێک ئێمەی



مردوو هەڵدەستینەوە.... هتد. لەم شانۆنامانەدا مەسەلەکانی خۆشەویستی و ژیان، یان پەیوەندیی ژن و مێردایەتی، کێشەکانی ژیان و هونەر لە چەقی ڕووداوەکاندان. ئەو پیاوانەی کە خۆشەویستی و ژیانێکی پڕ لە حەزی ژن و مێردایەتی دەکەنە قوربانیی هەڵپە و سەرکەوتن بەسەر پەیژەکانی کۆمەڵگا و پلەوپایەدا.

## هێنریک ئیپسن

هێنریک یۆهان ئیپسن لە ٢٠ ی مانگی مارتی ساڵی ١٨٢٨ لە شین (Skien) لەدایک بووە. لە ٢٣ ی ئایاری ساڵی ١٩٠٦ دا لە کریستیانا (ئۆسلۆ) کۆچی دوایی کردووە.

ئیپسن تەمەنی تەنیا هەشت ساڵان دەبێ کە باوکی بەهۆی کاروباری بازرگانییەوە هەموو سەروەت و سامانەکەی لەدەست دەدا، لە ماڵە ڕازاوەکەیان دەکرێنە دەرەوە و تووشی نەهامەتییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی گەورە دێن. ئەم کارەساتە کاریگەرییەکی قووڵ لە دەروون و ڕەوتی ژیان و ئایندەی ئیپسن دەکا، هەر ئەم ڕووداوەش وا لە ئیپسن دەکا کە لە خێزانەکەی داببڕێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەموو خانەوادەکەیان پەرتەوازە دەبن، دایک و باوکی جیادەبنەوە و دواتریش دایکی و خوشک و برا بچووکەکانی تووشی قەیرانێکی دەروونی دەبن، گۆشەگیر ڕوودەکەنە کڵێساکان و بە تەواوەتی دەبنە کەسانێکی ئاینپەروەر.

هێنریک ئیپسن هەروەک ستریندبێری ڕقی لە باوکی بووەتەوە، کەم یەکتریان بینیوە و هەستی بەهیچ پەیوەندییەکی فەرزەند و باوان نەکردووە، بەڵام هەست و سۆزێکی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیی بۆ

دایکی و هێدفیگی خوشکی هەبووە. ئیپسن دواتر وێنەیەکی بەرز و نموونەیی هێدفیگی خوشکی و هەر بە ناوە ڕاستەقینەکەیەوە لە شانۆنامەی (مراویی کێوی دا دەنەخشێنێ.

هێنریک ئیپسن سێ برا و خوشکێکی دەبێ، بەڵام هەمیشە تەنیا و دوورەپەرێز دەبێ، حەزی بەوە نەکردووە کە لەگەڵ منداڵی تر گەمە بکا و تەنیا لە دوورەوە تەماشای کردوون. ئەم نووسەرە سەرەتا و بۆ ماوەی شەش ساڵ لە دەرمانخانەیەکدا کاردەکا، هەر لەم قۆناخەدا و لە ساڵی ١٨٥٠ دا یەکەم شانۆنامەشی Catilina دەنووسێ و هەر لەهەمان ساڵدا بە مەبەستی خوێندن دێتە کریستیانیا و تێکەڵاوی هەندێ لە نووسەرە لاوەکانی ئەو سەردەمە دەبێ. ئیپسن لەم قۆناخەی ژیانیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تەوژمە نەتەوایەتییە ڕۆمانتیک و بۆچوونە ڕادیکالە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەوە و هەر خێرا ناوێکی کولتووری بۆ خۆی بەدەست دەهێنێ. هێنریک ئیپسن لە شانۆەوە دەست پێ دەکا و هەر لە ڕێگای شانۆیشەوە سنوورەکانی دنیا دەبڕێ و هەر دەبێتە یەکێک لە گرنگترین شانۆنامەنووسەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی.

لەساڵی ١٨٥١ دا وەک ڕێژیسور و نووسەری شانۆیی و لە شانۆی نەرویژی و لە شاری بێرگن دادەمەزرێ، بەمەرجێ کە هەموو ساڵێک شانۆنامەیەک بەرهەم بهێنێ، بەڵام ئیپسن لەم شانۆیەدا زیاتر دەبێتە یاریدەدەری ڕێژیسۆرەکان و کۆمەڵێ شانۆنامەی مێژوویی دەنووسێ. ئیپسن لە ساڵی ١٨٥٧ دا دەبێتە بەڕێوەبەری هونەری شانۆی نەرویژی لە کریستیانیا، ئەم شانۆیە تازە بنیات نرابوو، باری هونەری و ئابووریی زۆر باش نابێ و ئیپسن هەوڵی ئەوە دەدا کە ئەم شانۆیە



لە تەلەزگە و قەیرانەکانی ڕزگاربکا. بینەری ئەم شانۆیە و لەو سەردەمەدا زیاتر بەدوای شانۆنامەی هەزەلی و ساکاری کات بەسەربردندا گەڕاون. ئیپسن خۆشی لەبری شانۆنامەی باش و ناوەڕۆک دەوڵەمەند، کۆمەڵێ شانۆنامەی ساکاری میللی و گاڵتەوئامێز پێشکەش دەکا. ئەم نووسەر و هونەرمەندە شانۆییە و دوای پێنج ساڵ واز لەم شانۆیە دەهێنێ، لەم قۆناخەدا چ شانۆکە و چ ئیپسن خۆیشی لە ئاستێکی خراپی ئابوری، دارایی، کۆمەڵایەتی و دەروونیدا دەبن و شانۆکەش بەتەواوەتی نابووت دەبێ.

هێنریک ئیپسن لەم قۆناخەی ژیانیدا، وەک بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شانۆ، گرفتە پراکتیکییەکان و تەکنیکی بەرجەستەکردنی شانۆدا دەکا. کاریگەری و گرنگیی کارەکانی ئەم قۆناخە، دواتر لە پرۆژە شانۆییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەر لەم قۆناخەشدا ئاوڕێکی ئایدیایی لە گرفتەکانی خێزان و ژن و مێردایەتی دەداتەوە. دوای داخستنی ئەم شانۆیە، هێنریک ئیپسن بەیارمەتیی دەسگیرییەکی دارایی دەوڵەت و لە ساڵی ١٨٦٤ دا نەرویژ بەجێ دێڵێ، سەرەتا لە ڕێگەی دانیمارکەوە دەگاتە ئەڵمانیا و لەوێشەوە بەرەو ئیتالیا دەکەوێتەڕێ و تا ساڵی ١٨٩١ ناگەڕێتەوە. ئیپسن بەم سەفەرگەل و گەشتی دوورە وڵاتییەی خۆی دەڵێ: گەشت لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی و سەربەستی و ڕۆشنبیری. هەر لەم ماوەی دوورە وڵاتییەشیدا گرنگترین بەرهەمە شانۆییەکانی خۆی نووسیون.

ئیپسن لە ساڵی ١٨٦٧ دا شانۆنامەی پییێرگێنت دەنووسێ، کارەکتەرە سەرەکییەکەی ئەم شانۆنامەیەی لە چیرۆکە میللییەکانی نەرویژەوە وەرگرتووە. دواتر ئیپسن لە دیدە ڕۆمانسییەکانی

دووردەکەوێتەوە و دەکەوێتە چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتە هەنووکەییەکانی ئەو سەردەمە. شانۆنامەی ماڵی بووکەڵەکە، لە ساڵی ١٨٧٩ دا دەینووسێ، سەرکەوتنتێکی گەورە لە بواری ڕەخنەی کۆمەلآیەتیدا بەدەست دێنێ. خودی ماڵی بووکەڵە، دەبێتە سیمبوڵی ئافرەتێک کە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا هەموو ڕێگاکانی بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکارییەکانی لێ گیراون و مافەکانی بەتەواوەتی زەوت کراون. (نورا) کارەکتەرە سەرەکییەکەی ئەم شانۆنامەیە، لەم خێزانە پیاوسالارییەدا ڕووبەڕووی ڕاستییەکی ڕەها دەبێتەوە. مێردەکەی کە هەڵەیەکی نورای بۆ دەردەکەوێ، هەرچەندە نورا هەڵەکەشی بۆ بەرژەوەندی مێردەکەی و پاراستنی تەندروستیی ئەو کردووە، ڕووبەڕووی لێپرسینەوە، لێپێچانەوە و بەرکەوتنێکی توندوتیژانەی مێردەکەی دەبێتەوە. ئەم هەڵوێستەی مێردەکەی، نورا بەتەواوەتی وریا و ئاگاداردەکاتەوە و ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ: ماڵ، منداڵ و مێردەکەی بەجێ دێڵێ تا خودی خۆی بدۆزێتەوە و دەرگای ماڵەکەشیان، لەدوای خۆیەوە زۆر بە توندی پێوە دەدا. ئەم نووسەرە گەورەیە لە ساڵی ١٨٨١ دا و بە شانۆنامەی تارماییەکان، وزەیەکی گەورە دەبەخشێتە ڕێبازی ناتورالیزم.

شانۆنامە هەنووکەییەکانی ئیپسن بەشێوەیەکی بەردەوام باس لە پەیوەندی و گرفتەکانی تاک لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکا، ئەم مەسەلەیەش لە شانۆنامەی دوژمنی گەلدا، دەگاتە ئاستیکی بەرز. لەنێوان سالآنی ١٨٨٣– ١٨٨٤ دا شانۆنامەی مراویی کێوی، دەنووسێ. مراویی کێوی، بەڕای زوربەی ڕەخنەگر و شانۆکاران بە ترۆپکی



شانۆنامەکانی هێنریک ئیپسن دادەنرێ. لەم شانۆنامەیەدا سیمبول و واقیع لە یەکەیەکی هونەری و فیکریدا پێکدا دەچن، سیمبولی مراویی کێوی تەنیا وێنەیەک نییە، یان خەیاڵێکی ساکار، بەڵکو مراویی کێوی، دەبێتە سیمبولێکی قووڵ بۆ شتە ناتەبا و لەهەمانکاتدا بۆ سەربەستی. دواتر بە شانۆنامەی هێدا گابلەر، کە لە ساڵی ١٨٩٠ دا نووسیویەتی دەگەڕێتەوە بۆ تەوژمەکانی شانۆی ناتورالیزم و ڕیالیزم، لەم شانۆنامەیەدا هەندێ لە بەکارهێنانی هێماکان دووردەکەوێتەوە و زیاتر ڕێچکەیەکی سایکۆلۆژی دەگرێتەبەر. ڕێبازی ڕیالیزمی سایکۆلۆژیی ئیپسن بە شۆڕشێکی گەورە و گرنگ دادەنرێ لە مێژووی دراما و شانۆی ئەوروپی و جیهانیدا. ئەم نووسەرە لەهەر سێ شێوازەکەی نووسینی شانۆییدا: مێژوویی، ریالیزمی سایکۆلۆژی و هێماگەریدا، هەنگاوێکی گەورەی ناوە و شانۆی هاوچەرخی ئەوروپیی گەیاندووەتە ئاستێکی بەرز.

هێنریک ئیپسن و ئاگوست ستریندبێری ئەدەبی مۆدێرنی باکوری ئەوروپا دەگەیەننە ترۆپک و وڵاتانی سکەندنافیاش دەکەنە دەسەلآتێکی گەورە و بەهێزی ئەدەب و کولتوور.

## لە ڕۆمانتیکەوە بۆ ڕیالیزم

هێنریک ئیپسن لە سەرەتادا کەوتبووە ژێر کاریگەریی تەوژمەکانی شانۆ و ئەدەبی ڕۆمانتیکی نەرویژی و ئەوروپییەوە. بە قەیرانەکانی ئەم تەوژمەدا گوزەر دەکا، ڕۆدەچێتە خوارەوە، ڕادەمێنێ و لە ئەنجامدا زۆر بە هۆشیاری تێ دەپەڕێ و چارەسەرەکان لە شانۆی ڕیالیزمدا دەدۆزێتەوە. لە بنەماکانی شانۆی ناتورالیزم و ڕیالیزمەوە،

دەروازەکانی شانۆیەکی میللی بەڕووی جیهاندا دەکاتەوە، بیگومان وشەی میللی لە شانۆی هێنریک ئیپسندا هەمان ئەو چەمکەی شانۆی میللی ناگەیەنێ، بەتایبەتی بە گەڕانەوە و بەکارهێنانی داو ونەریت و مۆسیقای میللی، بەڵکو ئیپسن ڕیگاخۆشکەرێکی گرنگ و گەورەی شانۆی ناتورالیزم و ڕیالیزم دەبێ. دەروازەکانی ئەم شانۆیەش بنەمایەکی بەربلاو و میللی و چەمکێکی جیاوازی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بینەراندا خولْقاندووە. ئەم تەوژمە شانۆییە یان وێژەییە لەسەرەتادا لە پاریس و لەسەر دەستی ئەمیل زۆلا و شانۆی سەربەستیی ئەندریە ئەنتواندا وەدیارکەوت. بەڵام هێنریک ئیپسن و ئاگۆست ستریندبێری لە باکووری ئەوروپاوە، توانییان پێودانگ و ڕەوش و شێوازەکانی ئەم شانۆیە و لەسەر ئاستێکی بەرز دیاری بکەن. ئیپسن توانی بە شانۆنامە ناتورالیستی و ریالیستییەکانی خۆی دیدە سروشتییەکانی چڕ بکاتەوە و وێنەیەکی سەراپاگیر، لەهەمانکاتدا قوولْ، پڕ وردەکارن و ڕواڵەتئاسای کۆمەڵگای نەرویژی دەستەبەر بکا. ئەم نووسەرە پێنج شانۆنامەی نووسیوە کە ڕاستەوخۆ لە خانەکانی شانۆی ناتورالیزم/ ریالیزمدا کۆدەبنەوە، ئەو شانۆنامانەش بریتین لە: پایەکانی کۆمەڵگا، ماڵی بووکەڵە، تارماییەکان، دوژمنی گەل و مراویی کێوی. بەڵام شانۆنامەی مراویی کێوی زیاتر دەکەوێتە نێوان، یان ڕاستتر وایە بڵێین پێکداچوونێکی بەرزی تەوژمەکانی ڕیالیزم و هێماگەریی و ئیپسن لەم شانۆنامەیەدا هەنگاوێکی گەورە لە تێکەڵاوکردن و بەکارهێنانی هێماکان و بەرەوپێشەوەچوونی توانا هونەری و دیدە شانۆییەکانیدا بەدەست دێنێ. بابەتی سەرەکیی هەر چوار شانۆنامەکەش بریتییە لە



مەسەلەکانی ناپاکی، درۆ، ڕیایی و چەواشەکردنی ئەوانیتر، ئەو درۆ و ڕیایانەی کە هەموو بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگا دەگرنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ژیانی هاوسەرێتی ژەهراوی دەکەن و ڕەوتی ژیان بە ئاراستە جیاواز و چەواشەئامێزەکاندا دەبەن.

هەر لەم رووەوە دەتوانین ڕەوتی نووسینی شانۆنامەکانی هێنریک ئیپسن بەسەر چوار قۆناخدا دابەش بکەین: یەکەم، لەنێوان ساڵانی ١٨٥٠ بۆ ١٨٦٦، ئەم قۆناخەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە زیاتر دەکەونە ژێر خانەی ڕۆمانتیک، مێژوویی و ئیدیالیزم، دووەم لە ساڵی ١٨٦٦ەوە دەست پێدەکات و لەساڵی ١٨٧٧ دا کۆتاییی پێ دێ، ئەم قۆناخە گەشەکردنێکی بەرچاوە لە ڕۆمانتیکەوە بۆ ڕیالیزم، قۆناخی سێیەمیشیان کە لە ساڵەکانی ١٨٧٧ هوە دەست پێ دەکا و تا ساڵی ١٨٨٢ بەردەوام دەبێ و بە لووتکەی قۆناخی ڕیالیزم و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی ئەم نووسەرە دادەنرێ. بەڵام دوا قۆناخی شاکارەکانی ئیپسن لە ساڵی ١٨٨٣ەوە دەست پێ دەکا و بنەمایەکی قووڵی سایکۆلۆژی و هێماگەری لەخۆدەگرێ.

هێنریک ئیپسن لە قۆناخی یەکەمدا، بەرهەمەکانی زیاتر گەڕانەوەیەکی ناسیونالیستیین بۆ مێژوو و کولتووری نەرویژی، بۆ نموونە لەم قۆناخەدا مێژوو و بەسەرهاتەکانی جەنگی پاشاکانی نەرویژ لە سەدەی یازدەدا دەکاتە چیرۆکی شانۆنامەکانی. لە قۆناخی دووەمدا، یەکەم سەرکەوتنی گەورەی خۆی بە شانۆنامەی براند بەدەست دەهێنێ. ئەم شانۆنامەیە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێت، چ لە نەرویژ و چ ئەوروپا و دەکەوێتە بەر شالاوی ڕەخنە و لە زوربەی ولاتانی ئەوروپاش قەدەخە دەکرێ کە لەسەر شانۆکان نمایش بکرێ.

دواتر ئیپسن وەک کاریگەری و کاردانەوەیەکی ئەو شالاو و بۆچوونە نێگەتیڤانە، شانۆنامەی دوژمنی گەل، دەنووسێ. لە دوژمنی گەلدا بە روون و ئاشکرا هێرش دەکاتە سەر مێگەلیزم و دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە مرۆڤی بەهێز دەتوانێ هەر خۆی و بە تەنیا ڕووبەڕووی هەموو ڕاستییەکان ببێتەوە و خۆی بگرێ. لە قۆناخی سێیەمیشدا و بە شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا دەرگاکانی شانۆی ڕیالیزم دەخاتە سەر پشت، شانۆنامەی (مراویی کێوی) یش، شانۆی ئیپسن و تەوژمەکانی ڕیالیزمی هێماگەری دەگەیەنێتە ئاستی ترۆپک. مراویی کێوی، وەک سەرەتای قۆناخی چوارەم و کۆتاییی هێڵی بەرەوپێشەوەچوونی شانۆنامەکانی ئیپسن، سەرەتایەکی گرنگی شانۆی هاوچەرخی جیهانیشە. ڕیالیزمی هێماگەری، یان سایکۆلۆژی هێماگەری بە شێوەیەکی بەرفراوانتر، قووڵ و هەمەلایەن سترکتوری شانۆنامەکانی، بەسەرهات و کارەکتەرەکانی دەگرێتەوە. بەڵام هێنریک ئیپسن لە ڕێبازی ڕیالیزم و ڕیالیزمی هێماگەرییەوە نەپەڕیوەتەوە بۆ مۆدێرنیزم و لەو ئاستەدا ماوەتە، بەپێچەوانەی ستریندبێرییەوە کە بە شانۆنامەکانی سێینەی بەرەو دیمەشق، گەمە خەونێک و شانۆنامەکانی گەمەی ژوور، سنووری شانۆی ناتورالیزم و ڕیالیزم دەبڕێ. ئەم دوو نووسەرە کێشە و ململانێیەکی گەورەیان لەنێواندا بووە و هەرگیز دانیان بەیەکتردا نەناوە، ئیپسن وێنەیەکی گەورەی پۆترێتی ستریندبێری بەسەر مێزی نووسینەکەیەوە هەڵدەواسێ و لەم بارەیەشەوە ووتوویەتی:(ستریندبێری دوژمنی سەرەکیی منە، هەر لەبەرئەوەشە کە ئەم وێنە گەورەیەم هەڵواسیوە تا ئاگادار بێ و بزانێ کە من چی دەنووسم.)



## زمان/ دیالۆژ و ستروکتوری شانۆ

هێنریک ئیپسن دەسەڵاتێکی ئەفسوونی بەسەر زمانەکەیدا هەبووە، لە نهێنییەکانی گەیشتووە، بەرەو پێشەوەی بردووە و توانیویەتی بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکار بهێنێ. هەر شانۆنامەیەک لە شانۆنامەکانی هێنریک ئیپسن زمانێکی وێنەییی تایبەتمەند و ئەتمۆسفێرێکی جیاواز لەخۆدەگرێ. دیالۆژی شانۆنامەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە، ڕەوتی شانۆنامەکان دەبەن بەڕێوە، وشەکان لە ستروکتوری دیالۆژەکاندا ڕووداوەکان بەرجەستە دەکەن و زمان و زمانە شانۆییەکە جیهانی دراماکە دەخوڵقێنن. ئیپسن زمانێکی وا بەکاردەهێنێ کە لەیەک کاتدا پەردەیەکی نهێنی بەسەر ڕووداوەکاندا دەپۆشێ و لەهەمان کاتدا نهێنییەکان ئاشکرا دەکا . خودی دیالۆژەکان ساکارن، لەهەمان کاتدا قووڵ و پڕ مانان و هیماکانیشی ئاڵۆز و تەمومژاوی نین. زمانەکەی ئیپسن جۆرە چەکێکە بەدەست کەسی تاکەوە تا مەرامەکانی خۆی بەدەست بهێنێ و ئامرازێکی بەرگریشە بۆ تایبەتمەندێتی و خۆدێتیی کارەکتەرەکانی. لەسەر ئاستێکی ڕووکەش ساکارە و زمانی مامەڵەی ژیانی ڕۆژانەیە، بەڵام بەردەوام ماناکانی خۆی لەوەوە وەردەگرێ کە باسی شتە قەدەغە و نەوتراوەکان دەکا ، لەهەر کاتێکیشدا ، لەهەر شوێنێکیشدا زمان بوەستێ، جەستە لەبری ئەو دەکەوێتە ئاخافتن.

دیالۆژ و زمانی کارەکتەر و شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە ڕووداوەکان ناگێڕنەوە، بەڵکو لە پرۆسەیەکی ورد و بەهۆی پلانێکی شانۆیی و سەلیقەی ئیپسنەوە ڕووداوەکان بەرجەستە دەکەن. شانۆنامەکان لە ئێستادا و لەنێوان کەسی یەکەم و کەسی دووەمدا ڕوو دەدەن، هەمیشە (من) لە ئێستا و لێرەدا ڕووبەڕووی (تۆ)

دەبێتەوە و (من) بەردەوام لەگەڵ (تۆ) دا جێگا دەگۆڕێتەوە.

پرۆسەی دیالۆگ، چەمکی زمان لە شانۆنامەکانی ئیپسندا پێک دەهێنێ، شێوازی قسەکردنی ئەکتەرەکانی لە کارەکتەرێکەوە بۆ کارەکتەرێکی تر دەگۆڕێ. ئیپسن توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو خودی ئەتمۆسفێری شانۆنامەکانی لە دیالۆژەکاندا بەرجەستە بکا و ڕەنگیان پێ بداتەوە، کارەکتەرەکانیشی لە خودی دیالۆژەکانەوە ببنە بەشێکی گرنگی ئەتمۆسفێر و دەوروبەرەکە.

## تەکنیکی نووسین لای هێنریک ئیپسن

ئیپسن لە تەمەنی سی ساڵیدا بە قەیرانێکی دەروونیی ئاڵۆزدا تێ دەپەڕێ، هەر لەم قۆناخەی ژیانیدا لە پۆستی بەڕێوەبەری شانۆکەیدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، کەمتر یان هەر هیچ نانووسێ. بەڵام ئیپسن زۆر بە هێمنی لەم قەیرانە دێتە دەرەوە، وردە وردە توانای دەربڕینی گەشە دەکا، قووڵ دەبێتەوە و دیدێکی فراوانی نووسینی لەلا دروست دەبێ. ئەم قۆناخەی ژیانی ئیپسن درێژخایەن دەبێ و بۆ یەکەمجار لە ئیتالیا، لە دەرەوەی سنووری وڵاتی نەرویژەوە، بورکانی وزە و تواناکانی دەتەقێتەوە و براند و پێرگینت دەنووسێ. هەر لە ئیتالیا و دواتریش لە ئەڵمانیا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی تەوژمە کولتووری و شانۆییيە گەورەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا دەبێتەوە. ئەم نووسەرە بە دوو ساڵ شانۆنامەیەکی نووسیوە، سەرەتا زۆر بە وردی و بەرلەوەی دەست بکا بە نووسینی شانۆنامەکەی، بیری کردووەتەوە، بنەما و ستروکتورێکی فراوانی لە مێشکیدا داڕشتووە، دوای ئەوە کەوتۆتە نووسینی تێبینییەکانی سەبارەت بە ناوەڕۆک،





بابەت و کارەکتەرەکانی. ئیپسن بەردەوام دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە ویستوویەتی کارەکتەرەکانی، بەر لە جووڵانەوەیان لەسەر شانۆکان، زۆر باش بناسێ. لە سەرەتای بیرکردنەوە و کۆکردنەوەی تێبینییەکانییەوە، تا بە تەواوەتی شانۆنامەکەی نووسیوە، پرۆسێسێکی دوور و درێژ بووە بۆ ئیپسن. بەلای نووسەرەوە زۆر گرنگ بووە کە دوای نووسینی شانۆنامەکانی و بەر لە نەمایشکردنی لەسەر شانۆکان، خودی شانۆنامەکە بە کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوبکاتەوە.

ئیپسن پانتاییەکی فراوان دەبەخشێتە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر خودی ڕووداوەکان و ئایندەی کارەکتەرەکانیشەوە هەیە، ئەمەش تەکنیکێکە کە ئیپسن لە زوربەی شانۆنامەکانیدا بەکاری هێناوە.

ئیپسن بەم تەکنیکە ڕابردوو و ئێستا پێکەوە دەبەستێتەوە، تێڕوانین و بۆچوونەکانمان زیاتر قووڵ دەکاتەوە و بوارێکی فراوانتریش دەبەخشێتە زەمەنی دراماکە. ئێستا و ساتەوەختەکانی ڕووداوەکان بە ڕابردوو و لەهەمانکاتدا بە ئایندەش بارکراون. هێڵی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی و لەیەک ڕوانگەوە ناجووڵێنەوە، بەڵکوو هەمیشە و بەهۆی ڕابردووەوە لەبارێکی بزۆز، پێچاوپێچ و هەڵبەزودابەزدایە. دیالۆژی کارەکتەرەکان دەبێتە پرۆسێسێکی شیکاری بۆ خودی ڕووداوەکانی ئێستا، یەکە یەکە و بە شێوەیەکی ئازاد، بەرگی کارەکتەرەکان، ڕووداوەکان و هێڵی گشتیی چیرۆکەکە دادەماڵێ و لەهەمانکاتدا ئاوڕدانەوەیەکی بەردەوامی چاودێر و ڕەخنەئامێزی ڕابردووشە. بەڵام ئیپسن لەم تەکنیکەدا و زۆر بە

سەلیقەوە خودی تەنگژە و گیروگرفتەکانی خستووەتە زەمەنی ئێستاوە. ئەم گێڕانەوە تەکنیکییەی ئیپسن باسی مرۆڤ دەکا و سەبارەت بە مرۆڤە، خودی ڕووداوە درامییەکانیش لەنێوان مرۆڤەکاندا ڕوودەدەن، هەموو شتێک لەلای ئیپسن لەنێوان مرۆڤەکاندا ڕووئەدات. رووداوەکان لەناوەوەی خۆیەوە گەورە دەبن، گەشە دەکەن و سیماکانی خۆیان لە ڕووداوەکانەوە وەردەگرێن. کارەکتەرەکانی مرۆڤی ئاساین و لە ڕووداوەکانەوە و لەبەرچاوی بینەراندا دەردەکەون.

## پایەکانی کۆمەڵگا وەک نموونە

تەکنیکی گێڕانەوە، ڕابردوو لە ئێستا و کاریگەرییەکانی بەسەر ئایندە و چارەنووسی کارەکتەر و ڕووداوەکانەوە، دەبێتە تەکنیکێکی بەرچاوی ئیپسن و لە زوربەی شانۆنامەکانیدا دەگەڕێتەوە سەری. ئیپسن سەرەتای ئەم تەکنیکە لە شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگادا بەکاردەهێنێ و دواتر دەبێتە مۆدێلێک و لەزوربەی شانۆنامەکانی تریدا پەیڕەوی دەکا و زوربەی نووسەر و شانۆنامەنووسەکانی تریش شوێن پێی هەڵدەگرن. ئیپسن خۆی ئەم تەکنیکە بە هەندێ گۆڕانکاری و نوێکردنەوەوە لە دراما و شانۆی گرێکییەوە وەردەگرێ: سەرەتا لە ئێستادا دەست پێ دەکا، بەتایبەتیش لە بارودۆخێکی هێمن و ئارامدا، بڕوانە سەرەتای پایەکانی کۆمەڵگا:

(کۆمەڵێ ئافرەت لەناو هۆڵی پێش باخچەکەدا لە دەوری مێزێک دانیشتوون. لە ناوەڕاستدا، لەبەردەم مێزەکەدا بێتی دانیشتووە. لەلای چەپی ئەوەوە هۆڵت خانم و



کچەکەی دانیشتوون، ئینجا ڕوومێل خانم و ڕوومێل خاتوون. لەلای ڕاستی بێرنیک خانمەوە، لینگە خانم و مارتا و دینا دۆرف دانیشتوون. ئافرەتەکان هەموویان خەریکی ئیشی دەستن. لەسەر مێزەکە قوماشی کەتانی نیوە دووراو و بڕاو لەگەڵ جلوبەرگی تردا هەڵدراونەتەوە. لە دواوە، لەسەر مێزێکی بچکۆلە کە دوو ئینجانەی گوڵ و پەرداخێک شەربەتی لەسەرە، مامۆستا ڕۆرلووند دانیشتووە و بە دەنگی بەرز کتێبێکی قەراغ زەرد دەخوێنێتەوە، بەجۆرێک کە دانیشتووان تەنیا گوێیان لە تاکوتەرای وشەکانە. لە دەرەوە لە باخچەکەدا ئۆلاف بێرنیک بەملاوبەولادا ڕادەکا و بە تیروکەوانەکەی نیشانە دەگرێتەوە.)

پایەکانی کۆمەڵگا، سەرەتای بەشی یەکەم

دواتر هێدی هێدی گومان، دڵەڕاوکێ، ترس و دوودڵی خۆی دەخزێنێتە ئەو دۆخە ئارام و ئاسایشەوە و هەنگاو بەهەنگاو پەردە لەڕووی ئەوە هەڵدەماڵێ کە بۆچی ئەو بارودۆخە هێمنە ڕەوتێکی دراماتیکی و دڵتەزێن لەخۆدەگرێ و لەکۆتایی و بەرئەنجامدا، دەمانگەیەنێتە ئاشکراکردن و کردنەوەی گرێیەکان و چارەسەرکردن. لەم شانۆنامەیە و زوربەی شانۆنامەکانی تری ئیپسندا کارەساتەکان ڕوویان داوە (کونسووڵ بێرنیک) بەشێوەیەکی نابەجێ سەروەت و سامانەکەی کۆکردووەتەوە و ئەو پایەیەش نییە بۆ کۆمەڵگاکەی وەک ئەوان ئاماژەی بۆ دەکەن و بەپێی تەکنیکێکی وردی گێڕانەوە، ئارامیی ئێستا دەشڵەقێ و ئێستا و ئایندەش ڕووبەڕووی گێژاوێکی گەورە و

تەقینەوەیەکی تری ئەو ڕابردووە دەبن. هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە هۆکارە سایکۆلۆژییەکان ئاشکران و لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی ڕووداوەکان، ئەو هۆکارانە قووڵتر و فراوانتر دەبن و سیمای کارەکتەرەکانیش ئاشکراتر دەکا.

بەم شێوەیە هەر پیەسێکی ئیپسن، پریشکێکە، پارچەیەکە لەو ئاوێنە گەورە شکاوەی کە دەیەوێ وێنەیەکی گشتگری ژیان بەرجەستە بکا. بەرهەمەکانی هێنریک ئیپسن لە دیالۆژێکی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتریدا، یەکتری تەواو دەکەن، تیشک دەخەنە سەر یەکتری و زەمینە بۆ یەکتری خۆش دەکەن. هیچ شانۆنامەیەکی ئیپسن بە تەنیا وێنەیەکی تەواوەتی ژیان لە هەموو لایەنەکانییەوە ناخاتە ڕوو. تەنیا هەموو شانۆنامەکانی پێکەوە بەرجەستەی دید و بۆچوونەکانی ئیپسن بەرجەستە دەکەن و باری مرۆڤ و مرۆڤایەتیمان بۆ شی دەکاتەوە.

## پایەکانی کۆمەڵگا

هێنریک ئیپسن لە پایزی ساڵی ١٨٧٥ دا لە شاری درێستنەوە کە حەوت ساڵ تیایدا ژیاوە، دەگوێزێتەوە بۆ شاری میۆنشن و لەوێ جێگیردەبێ. ئیپسن لە میۆنشن بە تەواوی هەست بە ئاسوودەییەکی ڕۆحی و فیکری تەواوەتی دەکا و هەر لێرەش و لەگەڵ جێگیربوونی دەست دەکا بە نووسینی شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا. دوای دوو ساڵ بیرکردنەوە، پلاندانان و ڕەشنووسی کردن و لە ساڵی ١٨٧٧ دا شانۆنامەکەی تەواو دەکا و هەر لە هەمان ساڵیشدا دەنێرێ بۆ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. هەر لەم ساڵەدا ئەندریە ئەنتوان شانۆکەی خۆی (شانۆی سەربەست) لە پاریس دەکاتەوە و ڕۆمان و شانۆنامەکانی ئەمیل زۆلا ی تێدا پێشکەش دەکا.



پایەکانی کۆمەڵگا، سەرکەوتنێکی دەوڵەتیی گرنگ و ناوبانگێکی مەزن بۆ هێنریک ئیپسن بەدەست دەهێنێ و هەر دوای بڵاوکردنەوەی، شانۆکان لە سەرانسەری ئەوروپادا دەکەونە پێشبڕکێی ئەم شانۆنامەیە.

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە شارێکی بچووک و لە ماڵی کونسووڵ بێرنیکدا ڕوودەدەن، ئەم کونسووڵە دەسەڵات و ناووناوبانگی خۆی بە ناپاکی، درۆ، دزی، هەڵخەڵەتان و چەواشەکردنی خەڵکی داناوە و لە کۆتاییی شانۆنامەکەشدا بێرنیک ناچار دەبێ کە پەردە لە ڕووی تاوانەکانی هەڵبماڵێ و دان بە هەڵە و خراپەکارییەکانیدا بنێ.

ئەم شانۆنامەیە چەندین ڕووداوی چڕ و جۆراوجۆر لەخۆدەگرێ و بە ئاسانی هەمووی لەیەکتری جیاناکرێتەوە، لیستی کەسایەتی و کارەکتەرە سەرەکییەکان لە زۆربەی شانۆنامەکانی تری ئیپسن بەربڵاوترە و جگە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان، چەندین کەسایەتیی لاوەکیی تریش لەخۆدەگرێ. ئەتمۆسفێر و شوێنی ڕووداوەکان ژوورێکی دانیشتنی دەرگا شووشەییە کە دەچێتە سەر باخچەی ماڵەکە، ماڵەکە و شوێنی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، هێمایەکە یان ڕاستتر وێنەیەکی ژیانی بۆرژواکانی ئەو سەردەمە و ستایلی گوزەرانیانە.

بەشی یەکەمی شانۆنامەکە شاکارێکە بۆ خۆی، لە دووتوێی دیالۆژەکانەوە، کە بە ئاراستەیەکی ساکار، سروشتی و دوور لە ئاڵۆزی و زۆرلێکردنەوە ڕووداوەکان ڕەوتی خۆیان وەردەگرن. هەر لەم بەشەدا کارەکتەرەکان یەکە یەکە دەردەکەون، سیمای ڕۆڵەکانیان ئاشکرا دەبێ و پاڵەوانەکانی شانۆنامەکەش لە ڕێگای دیالۆژەکانی

نێوانیان و لە بەکارهێنانی زمانەکەیانەوە، وێنەیەکی ئاشکرای ڕووداوەکان بە بینەران دەبەخشن.

مامۆستایەکی کۆنەپارێزی شار، کتێب بۆ خانمەکان دەخوێنێتەوە، ڕەخنە لە کۆمەڵگاکان دەگرێ و پایەی کونسووڵ بێرنیک بەرز ڕادەگرێ و ئافرەتەکانیش بەدەم گۆرەوی چنینەوە گوێڕایەڵی مامۆستان. هەر لە سەرەتاوە پایەی ئافرەتەکان دەردەکەوێ کە لەژێر سێبەری ڕۆڵی پیاودا دەسووڕێنەوە و خۆیان هیچ پێگە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووریی بەهێز و دیاریان نییە. هەموو ووردەکارییەک، ئاماژە و دیالۆژێکی بچووک و گرنگە و لە ستروکتورە گشتییەکەدا جێگای خۆیان دەکەنەوە و گرفت و بەرئەنجام و کۆتاییی شانۆنامەکە بەرجەستە دەکەن.

## سەرەتا/ گرێ و کێشەکان

پایەکانی کۆمەڵگا بە وتوێژێکی هەڵچووی نێوان ئەونای بەلەمساز و پارێزەر کراپ دەست پێ دەکا. پارێزەر کراپ ئەونای بەلەمساز بەوە تاوانبار دەکا کە هانی کرێکارەکان دەدات و بە ناوی کونسووڵ بێرنیکەوە داوای لێ دەکا کە چیتر لە ڕۆژانی شەممەدا وتاری هاندانیان بۆ نەخوێنێتەوە.

**ئەونای بەلەمساز:**

کونسووڵ ناردبووی بەدوامدا.

**پارێزەر کراپ:**

وایە، بەڵام ناتوانێ بتانبینێ، منی ڕاسپاردووە تا...

**ئەونای بەلەمساز:**

ئێوە؟ من بەڕاستی زیاتر حەزم دەکرد...



**پارێزەر کراپ:**

منی ڕاسپاردووە پێتان بڵێم کە ئێوە دەبێ لە وانە وتنەوەی ڕۆژانی شەممان بە کرێکاران دەست هەڵگرن.

**ئەونای بەلەمساز:**

ئەوها؟ من بە ڕاستی وام دەزانی ئازادم کاتی بێ ئیشیی خۆم ئازادانە بەسەر بەرم.

**پارێزەر کراپ:**

ئێوە نابێ کاتی بێ ئیشیی خۆتان بەکاربێنن بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بکەن لەکاتی ئیشکردندا بێ کەڵک بن. ئێوە شەممەی ڕابردوو وتارتان داوە دەربارەی ئەو زەرەرەی کرێکارەکان پێیان دەگا بەهۆی ئامێرە تازەکانمانەوە و ئەو شێوە ئیشکردنە تازەیە لە کارگەی بەلەمسازیدا. ئێوە بۆچی ئاوا دەکەن؟

**ئەونای بەلەمساز:**

هەتا یارمەتیی کۆمەڵگا بدەم.

**پارێزەر کراپ:**

سەیرە! کونسووڵ دەڵێ ئەمە کۆمەڵگا شێواندنە.

**ئەونای بەلەمساز:**

کۆمەڵگاکەم کۆمەڵگای کونسووڵ نییە، جەنابی پارێزەر! وەکو لێپرسراو لە کۆمەڵگای کرێکاران من دەبێ..

**پارێزەر کراپ:**

پێش هەموو شتێ ئێوە لێپرسراون لە وەرشەکەی کونسووڵ بێرنیک، ئێوە دەبێ خۆتان بە قەرزارباری ئەو کۆمەڵگایە بزانن کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگای کارگەی کونسووڵ بێرنیک؛ چونکە

ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە دەژین. بەڵی ئێستا ئێوە دەزانن کونسووڵ چیی هەبوو پێتان ڕابگەیەنێ.

پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی یەکەم

درۆ و چەواشەکردنی خەڵکی یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکانی پاڵەوانەکانی پایەکانی کۆمەڵگا: کونسووڵ بێرنیک و بازرگانەکانی هاوڕێی ڕوومیل، ڤیگەلاند، ساندستاد و تەنانەت مامۆستای شارەکە ڕۆرلووند. ئەم کارەکتەرانە لە ڕواڵەتدا کەسانی خێرخواز و پایەکانی کۆمەڵگان، بەڵام هەر ئەوەندەی ئارەزووەکانیان، پلان و هەڵپەی پارە و دەسەڵاتیان ڕووبەڕووی گرفت و تەنگەژە بێتەوە، ئەوا هەموو شتێک، تەنانەت ئامادەن کە زۆر بە توندوتیژی هەر کەسێک لەسەر ڕێگایان بوەستێ، لەناوی بەرن. کونسووڵ بێرنیک کە هێمای پایەکانی کۆمەڵگایە، لە دەروازەکانی دیمەنی شانۆنامەکە و ڕەوتی ڕووداوەکانەوە، پەردە لەسەر ڕابردووە پڕ لە درۆ و ساختە و دزییەکانی هەڵدەماڵدرێ، ئەو ڕابردووەی کە پێگەی خۆی لە ئێستادا لەسەر ڕۆناوە.

## گەڕانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو

یۆهان تۆننەسێن و لوونا هێسڵ بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و زۆر کوتوپڕانە لە ئەمریکاوە دەگەڕێنەوە، ئەم گەڕانەوەیە گۆمێکی مەنگ دەشڵەقێنێ و مقۆمقۆ و بەرەهەڵستییەکی بەهێز دروست دەکا.

کونسووڵ بێرنیک هەموو تاوانەکانی دزی و نابوتبوونی کارگە و کاروباری بازرگانییەکانی خستووەتە ملی یوهان توننەسێن و یوهانیش ناچار دەبێ کە ڕابکا و لە ئەمریکا ژیانێکی تر بۆ خۆی



هەڵبژێرێ. ئێستا یوهان توننەسێن گەڕاوەتەوە و هەموو کەسێکیش نهێنییەکانی گەمەکەی کونسووڵ بێرنیک نازانێ و بە چاوی گومان و ڕق و شەرمەزارییەوە دەڕواننە یوهان توننەسێن. بەڵام لەم گێژاوەدا بزوێنەری سەرەکیی پەردە هەڵماڵین و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان یوهان توننەسێن نییە، بەڵکو لوونا هێسڵە. یوهان و لوونا هەردووکیان بەشێوەیەکی چاوڕواننەکراو دەگەڕێنەوە تا ڕازی دڵی خۆیان دەربڕن، یوهان تۆننەسێن دڵی بە دینا دۆرفەوەیە کە مامۆستا ڕۆرلووند دەیەوێ لەخشتەی بەرێ و لووناش تا سەرلەنوێ چاوی بە پاڵەوانی خەونەکانی و دڵدارە گەورەکەی کونسووڵ بێرنیک، ئەو کەسەی کە لەگەڵ ڕۆژگار بووەتە هێما و تاکە دەسەڵاتی شار و ناوچەکە، بکەوێتەوە. وەک لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد دەسەڵات و سەروەت و سامانەکەی کونسووڵ بێرنیک، لەسەر کۆمەڵێ درۆ و دزی و ناپاکی وەستاوە، ناپاکییەکانی بێرنیک تەنانەت لوونا هێسڵی خۆشەویستی ژیانیشی گرتووەتەوە. بێرنیک و لوونا پەیوەندییەکی بەهێز و بێگەردی خۆشەویستی لەنێوانیاندا دەبێ، بەڵام بێرنیک دەستبەرداری لوونا و خۆشەویستییەکەیان دەبێ و لەپێناوی پارە و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتدا، لەگەڵ زڕ خوشکێکی دەوڵەمەندی لوونادا، بێتی خانم دەست تێکەڵاو دەکا و ژیانێکی هاوسەری بێگیان و بێ خۆشەویستی دروست دەکا. لوونا دەگەڕێتەوە و ڕووبەڕووی هەموو درۆ و ڕواڵەت و نهێنییەکان دەبێتەوە و بەهێز و توانا و بڕواوە دژایەتییان دەکا و کونسووڵ بێرنیک هان ئەدات کە لەو گۆمی تاوان و درۆ و دەلەسانە بێتە دەرەوە و ددان بە تاوانەکانیدا بنێ و پەردە لەڕووی ڕاستییەکان هەڵبماڵێ.

**لوونا:**

کەشتن، من دەمەوێ یارمەتیت بدەم بۆ گەیشتن بە کەنارێکی جێگیر تا لەسەری ڕاوەستی.

**کونسووڵ بێرنیک:**

تۆڵە! تۆ دەتەوێ تۆڵەی خۆت بکەیتەوە؟ من باش ئەوە دەزانم، بەڵام تۆ لەوەدا سەرکەوتوو نابی! بەس تەنیا یەکێک لێرەدا دەتوانێ ئەو نهێنییە بدرکێنێ، ئەو کەسەش قسە ناکا.

**لوونا:**

یۆهان؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

بەڵێ، یۆهان. هەر کەسێکی تر بیەوێت تاوانبارم بکا، ئەوا من نکوڵی لێ دەکەم. ئەوەی بیەوێ لەناوم ببا، ئەوا من شەڕی ژیانی لەگەڵ دەکەم. بەڵام من پێم وتی، تۆ هەرگیز لەوەدا سەرکەوتو نابی! ئەوەی کە دەتوانێ تاوانبارم بکا، ئەو هیچ ناڵێ، ئەو دووبارە دەگەڕێتەوە.

پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی دووەم

لوونا هێمای ئافرەتێکی بەهێزە و هەوڵ دەدات پشتگیریی ئافرەتەکانی تریش بکا و هانیان بدا، هەر لە ڕێگای ئەم کەسایەتییەوە ئیپسن مافی ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگا و لەناوجەرگەی ڕووداوەکاندا بەرجەستە دەکات. کارەکتەری لوونا و یۆهان بیرۆکەی خەونی کۆچ، تاراوگە و وڵات جێ هێشتن بۆ ئەمریکا، وەک سیمبوڵی سەربەستی و ئایندەیەکی باشتریش دووپات دەکاتەوە.



شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستێکی ڕووکەش بریتییە لە کۆمەڵێ ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی یەک لەدوای یەک، ئەم ڕووداوانە بارێکی چاودێری و چاوەڕوانی چ لەلای خوێنەر و چ لەلای بینەران دروست دەکەت. لەسەر ئاستێکی قووڵتر، دۆخی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی کارەکتەری کونسووڵ بێرنیک دەخاتە بەردەم دووڕێیانێکی سەختی بوون و نەبوونەوە، لەهەمانکاتدا ڕووبەڕووی بڕیاری هەڵبژاردنێکی دژواری دەکاتەوە.

ئەم ئاستەیان کارەکتەرە سەرەکییەکە (بێرنیک) تێ کدەشکێنێ و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆشی بەسەر کەسایەتییەکانی تر و تێکڕای ڕەوتی ڕووداوەکانیشەوە دەبێ.

ئیپسن گرنگییەکی زۆری داوە بە هەردوو کارەکتەری کونسووڵ بێرنیک و لوونا هێسڵ و زۆر بە وردی دای ڕشتوون، بەڵام لەهەمانکاتدا بە بایەخەوە ڕۆڵ و کارەکتەرەکانی تریشی کردووەتە بەشێکی گرنگی گەمە و نهێنییەکان: دینا دۆرف، مارتا، ئەونای بەلەمساز، مامۆستا ڕۆرلووند، یۆهان تۆننەسێن.... هتد. کارەکتەری کونسووڵ بێرنیک ڕووبەڕووی لوونا هێسڵ دەکاتەوە، دوو هێزی دژ و جیاواز، بە هەمان شێوە بەرامبەر جوانی، بێگەردی و تەنهاییی دینا دۆرف، ڕۆڕلووندی درۆزن، دەبێتە هاوکێشەیەکی دژوار و پڕ لە کێشە. دینا دۆرف هەست بە گونا و تاوانەکانی دایکیشی لەخۆیدا دەکا و لەم گێژاوەدا یۆهان تۆننەسێن، کە لە ئەمریکاوە گەڕاوەتەوە، دەبێتە دەروازەی هیوا و هێزی ڕزگاری و ئایندەیەکی جیاواز. دینا دۆرف دەیەوێ هەموو شتێک بزانێ، ژیانی خۆی سەرلەنوێ بنیاتبنێتەوە، خۆی بدۆزێتەوە و لەگەڵ یۆهان تۆننەسێن بڕوا بۆ ئەمریکا.

**یۆهان تۆننەسێن:**

دینا!

**دینا:**

من لەگەڵ ئێوەدا دێم!

**یۆهان تۆننەسێن:**

چی؟

**لوونا:**

تۆ دەتەوێ برۆی؟

**دینا:**

بەڵێ، من لەگەڵیان دەڕۆم! ئەوی تر بۆی نووسیوم، دەڵێ کە ئەم ئێوارەیە بە فەرمی هەموو کەسێک دەبێ بزانێ...

**یۆهان تۆننەسێن:**

دینا، ئێوە ئەوتان خۆش ناوێ؟

**دینا:**

من هەرگیز ئەو مرۆڤەم خۆش نەویستووە. خۆم فڕێ دەدەمە بنی دەریاوە ئەگەر من بکرێمە دەسگیرانی ئەو! ئەو، دوێنێ چەند بە قسە لووسەکانی فشاری بۆ هێنام و خستمییە سەر چۆک! وای لێ کردم هەست بکەم کە چۆن ئەو مەخلوقێکی بێ نرخی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە! من نامەوێ ئیتر بێ نرخ بکرێم. دەمەوێ سەفەرکەم. دەکرێ لەگەڵ ئێوەدا بێم؟

**یۆهان تۆننەسێن:**

بەڵێ، بەڵێ... هەزار جار!



**دینا:**

من نامەوێ زۆر سەخڵەتتان بکەم. تەنیا یارمەتیم بدەن تا بگەمە ئەوێ، کەمێک لە سەرەتادا یارمەتیم بدەن..

**یۆهان تۆننەسێن:**

بە خۆشحاڵییەوە دینا، ئەوە خۆی لە خۆیەوە جێبەجێ دەبێ!

پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی چوارەم

## بێرنیک ڕووبەڕووی ڕاستییەکان دەبێتەوە

کونسووڵ بێرنیک گرفتێکی ئاکاریی قووڵ دەوروژێنێ کە پابەستە بە گۆڕانکاری، دارایی، بازرگانی و مۆراڵی سەرمایەداری و بە هەر شێوەیەک و بە هەر نرخێکیش بووە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدایە. بۆ نموونە کونسووڵ بێرنیک لەگەڵ مامۆستا ڕۆرلووندا باسی ئەوە دەکات کە ئەندازیارێک مافی ئەوەی هەیە کە لەپێناوی کۆمەڵگا و سوودی گشتیدا، کرێکارێک بدا بە کوشت!

نرخی ژیانی کریکارێک لە پرۆژەیەکی سەرمایەداریدا، یان هەر پرۆژەیەکی تر بۆ کونسووڵ بێرنیکی پایەکانی کۆمەڵگا هیچ ماناو بەهایەکی نییە.

**کونسووڵ بێرنیک:**

.... گوێ بگرە، شتێکم پێ بڵێ، جەنابی مامۆستا، گەر ڕێگەم بدەن پرسیارێکتان لێ بکەم...

**مامۆستا ڕۆرلووند:**

زۆر بە خۆشحاڵییەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:**

بێریک کەوتۆتە مێشکمەوە، کاتیک مرۆڤ خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەورە بێ، کە تیایدا مەبەستی گەیشتنی هەزارەها مرۆڤ بێ، بەخێر و خۆشی، ئەگەر ئەو پرۆژەیە داوای قوربانییەکی بچووک بکا..؟

**مامۆستا رۆرلووند:**

مەبەستتان چییە؟

**کونسووڵ بێرنیک:**

بۆ نموونە من پیاوێک دادەنێم، بیرکاتەوە لە دامەزراندنی کارگەیەکی گەورە، ئەو پیاوە بەدڵنیاییەوە دەزانێ.. لەبەرئەوەی لە ئەزموونەکانییەوە فێربووە، درەنگ یان زوو لەکاتی دروستکردنی ئەو کارگەیەدا هەندی کەس ژیانیان تێدادەچێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:**

بەڵی، ئەمە لەوانەیە.

**کونسووڵ بێرنیک:**

یان کەسێک کە خەریکی ئیشی کانەخەڵووزە. ئەو کەسە هەم ژیانی باوکە خێزاندارەکان و هەم مرۆڤە گەنجە تەندروستەکان دەخاتە، خزمەتی خۆیەوە. ناکرێ بە هۆشیارییەوە بوترێ کە ئەمانە هەموویان لەوێدا ژیانیان دەرباز نابێ؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:**

با، بەداخەوە، ئەمە وایە.

**کونسووڵ بێرنیک:**

کەواتە، پیاوێکی بەو جۆرە پیش وەخت دەزانێ، کە ئەو



پرۆژەیەی ئەو دەیەوێ بیخاتە بواری کارکردنەوە، بێگومان.... جارێک لەجاران دەبێتە هۆی لەکیسچوونی ژیانی مرۆڤ. بەڵام ئەو پرۆژەیە لە بەرژەوەندی گشتیدایە؛ چونکە لەکیسچوونی ژیانی هەر مرۆڤێک لەو پرۆژەیەدا، بێگومان دەبێتە هۆی گەیشتنی سەدەها کەس بەخێر و خۆشی.

## پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی سێیەم

ئەمە لۆژیکی بێرنیکە و بەهەمان شێوە بە وشەی ڕازاوە و سوودی کۆمەڵگا و نیازی شاراوە، ڕێگای لە دروستکردنی هێڵێکی شەمەندەفەر دروستکردن گرتووە، بێباکانە پاپۆڕێکی شکاوی ئەمریکی ڕەوانەی دەریا دەکا.

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ هەڵوێست و ئاکاری بێرنیک دەگونجێ، کونسووڵ بێرنیک دەیەوێ ئەوە دووپات بکاتەوە کە درۆکانی ئەو یارمەتیدەر بوون لە گەشەکردنی کۆمەڵگا و خۆشگوزەرانکردنی خەڵکیدا.

بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی زڕ خوشکەکەی بێتی خانم، لوونا و یۆهان تۆننەسێنی برای، پەردە لە ڕووی تاوان و نهێنییەکان هەڵدەماڵرێ، پایە و ناووناوبانگی کونسووڵ بێرنیک درزی تێ دەکەوێ و بێرنیک تووشی پەشیمانی، دڵەڕاوکێ و چۆکدادان دەبێ. کاریگەریی لوونا زۆر بەهێز دەبێت و لە کۆتایی و لە دوا ساتەکانی ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانەدا و بێگومان لەژێر کاریگەریی لوونا هێسلدا، کونسووڵ بێرنیک دان دەبێ بە تاوانەکانیدا و ویژدانی خۆی پاک دەکاتەوە.

کونسووڵ بێرنیک لەبەردەمی ئەو حەشاماتەی کە هاتوون بۆ ستایش و پیرۆزبایی لێکردن و دووپاتکردنەوەی ڕێزی خۆیان و دەسەڵاتی تاکەکەسیی ئەو لە شارەکەدا، پەردە لە ڕووی هەموو نهێنییەکان هەڵدەماڵێ و داوای لێبوردن دەکا.

**کونسووڵ بێرنیک:**

من پێویستە بگەڕێمەوە و لەو وشە پەسنانەوە دەست پێ بکەم کە ئێوە، جەنابی مامۆستا، بەگوێرەی دابونەریتی ئەم جۆرە بۆنانە، بەسەر منتاندا داباراند. من لایقی ئەو قسانە نیم، لەبەرئەوەی من هەتا ئەمڕۆ پیاوێک نەبووم بیرم لە قازانجی خۆم نەکردبێتەوە، ئەگەرچی من هەمیشە بەدوای سوود و قازانجی پارەدا هەوڵم نەداوە، بەڵام بەهەرحاڵ من ئێستا تێ دەگەم کە هەوەس و شەیداییەک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، کاریگەری، ڕێز و شکۆ، هێزی خستنەگەڕ بووە لە زوربەی زۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مندا.

پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی چوارەم

هێنریک ئیپسن شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا بە ئەهەنگێکی قوتاربوون و دەرکەوتنی ڕاستییەکان کۆتایی پێ دەهێنێ، بەڵام پایەکانی کۆمەڵگا بەوە کۆتایی نایەت و وەک لەوەوپێش ئاماژەم بۆ کردووە، پاڵەوانەکانی ئەم شانۆنامەیە و ڕووداوەکانی بە فۆرم و شێوە و شێوازی جۆراوجۆر لە شانۆنامەکانی تری ئیپسندا دەردەکەونەوە.

دواتر ئیپسن، ئەندامەکانی کارگەی کونسووڵ بێرنیک و بازرگانەکانی هاوڕێی لە شانۆنامەکانی تریدا ڕەنگ لێدەداتەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان باسی ئەوان دەکا: نهینییەکانی خێزان، خاوەن



کارگەکان، دژایەتییە ئابوورییەکان، بەڕێوەبەرانی بانکەکان، پزیشک، پارێزەرەکان و ژنەکانیان کە لەژێر دەستی ئەم کارەکتەرانەدا دەچەوسێنرێنەوە. کارەکتەرە ئافرەتەکانی ئیپسن لە شانۆنامەکانیدا، لەیەک کاتدا لەژێر دەستی کۆمەڵگایەکی بۆرژوازی و پیاوسالاریدا دەچەوسێنەوە، هەروەها لەهەمانکاتدا دەرکەوتنی ئافرەتە بەهێزەکانیش (لوونا، نورا) کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی پیاو و پیاوسالاری دەبنەوە، بە مانایەکی تر زوربەی بابەتەکانی تری شانۆنامەکانی تری ئیپسن، کارەکتەرەکانی و ئەتمۆسفێری شانۆنامەکانی، پرۆسێسێکی بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکارییەکانە و لە پایەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن.

# پایەکانی کۆمەڵگا

## کەسایەتییەکان

کونسووڵ بێرنیک: کەشتی

بێرنیک خانم: بێتی هاوسەری کونسووڵ بێرنیک.

ئۆلاف: کوڕی بێرنیک خانم و کونسووڵ بێرنیک، تەمەنی ١٣ ساڵانە.

بێرنیک خاتوون: مارتا، خوشکی کونسووڵ بێرنیک.

یوهان تۆننەسێن: برا بچوکی بێرنیک خانم.

هێسڵ خاتوون: لوونا، زڕخوشکی گەورەی بێرنیک خانم.

هیلمار تۆننەسێن: کوڕی مامی بێرنیک خانم.

مامۆستا ڕۆرلووند: Adjunkt.

بازرگانی جوملە فرۆش ڕوومێل.

بازرگان ڤیگەلاند.

بازرگان ساندستاد.

دینا دۆرف: کچێکی گەنج لە ماڵی کونسووڵدا.

پارێزەر کراپ.

ئەونای بەلەمساز.

ڕوومێل خانم: هاوسەری بازرگانی جوملە فرۆش ڕوومێل.

هۆڵت خانم: هاوسەری هۆڵت سەرۆکی پۆست.



لینگە خانم: هاوسەری دکتۆر لینگە.

ڕوومێل خاتوون: هیلدا، کچی ڕوومێل خانم و بازرگان ڕوومێل.

هۆڵت خاتوون: نێتە کچی هۆڵت خانم و هۆڵت.

هاووڵاتییانی شار وخەڵکی بێگانەی لە ڕێی دەریاوە هاتوو نەفەرەکانی پاپۆڕێکی هەڵمی.... هتد.

ڕووداوەکان لە ماڵی کونسووڵ بێرنیکدا، لە یەکێک لە شارە بچووکەکانی سەرکەنار دەریا لە نەرویج ڕوو دەدەت.

## بەشی یەکەم

(هۆڵێکی فراوانی سەر باخچەیەک لەماڵەکەی کونسووڵ بێرنیکدا. لەبەشی پێشەوەی هۆڵەکەدا، بە لای چەپا دەرگایەک دەباتە ناو ژوورەکەی کونسووڵەوە؛ زۆرتر بەرەو دواوە، لە هەمان دیواردا، دەرگایەکی وەکو دەرگاکەی پێشوو هەیە. لە ناوەڕاستی دیوارەکەی بەرامبەردا، دەرگایەکی گەورەتری چوونە ژوورەوە هەیە. دیوارەکەی پشتەوە هەمووی جامخانەیە و دەرگای جامخانەکەش کەوتووەتە سەر هەیوانێک کە بووەتە پلیکانەیەکی فراوان بۆ باخچەیەک و بەسەریدا کەپرێکی چارۆکەدار بۆ خۆ پاراستن لە تیشکی خۆرگیراوە، لە خوارەرەوەی پلیکانەکە بەشێک لە باخچەکە، کە بە پەرژینێکی ئاسنین دەورەدراوە لەگەڵ دەرگایەکی چوونە ژوورەوەی بچکۆلە دەبیندرێ. بەبەردەم دەرگاکەو بە درێژی پەرژینەکە شەقامێک تێ دەپەڕێ، ئەو بەر پێچەوانەی ئەم بەر بە خانووی لە دار دروستکراوی بچکۆلەی بەڕەنگی کاڵ بۆیە کراو ئاوەدان کراوەتەوە.

هاوینە و خۆرهەتاوێکی گەرمە. تاکوتەرا خەڵک بەسەر شەقامەکەدا تێ دەپەڕن؛ ڕادەوەستن و پێکەوە قسە دەکەن؛ لە بەردەم دووکانێکی بچکۆلەدا کە دەکەوێتە سووچێکەوە، خەڵک خەریکی شت کڕینن... هتد.)

(کۆمەڵێ ئافرەت لە ناو هۆڵی پێش باخچەکەدا لە دەووری مێزێک دانیشتوون. لە ناوەڕەستدا لەبەردەم مێزەکەدا بێتی دانیشتووە. لە



لای چەپی ئەوەوە هۆڵت خانم و کچەکەی دانیشتوون، ئینجا ڕوومێل خانم و ڕوومێل خاتوون. لە لای ڕاستی بێرنیک خانمەوە، لینگە خانم و مارتا و دینا دۆرف دانیشتوون. ئافرەتەکان هەموویان خەریکی ئیشی دەستن. لەسەر مێزەکە قوماشی کەتانی نیوە دووراوو بڕاو لەگەڵ جلوبەرگی تردا هەڵدراونەتەوە. لە دواوە، لەسەر مێزێکی بچکۆلە کە دوو ئینجانەی گوڵو پەرداخێک شەربەتی لەسەرە، مامۆستا ڕۆرلووند دانیشتووەو بە دەنگی بەرز کتێبێکی قەراغ زەرد دەخوێنێتەوە، بە جۆرێک کە دانیشتووان تەنیا گوێیان لە تاکو تەرای وشەکانە. لە دەرەوە لە باخچەکەدا ئۆلاف بێرنیک بەم لاو بەولادا ڕادەکاو بە تیرو کەوانەکەی نیشانە دەگرێتەوە.)

(پاش ماوەیەکی کەم (ئەونا)ی بەلەمساز لە سەر خۆ لە دەرگای ڕاستەوە دێتە ژوورێ. لەو کاتەدا هەندێ پشێوی لە خوێندنەوەکەدا ڕوو دەدا، بێتی سەری بۆ ڕادەوەشێنێ و پەنجە بۆ دەرگای ژوورەکەی لای چەپ ڕادەکێشێ. ئەونا لە سەر خۆ بەرەو ئەوێ دەچێ و هێواش دووجار بە کەمێک چاوەڕوانکردنەوە لە مابەینی. لە دەرگادانەکەیدا لە دەرگای ژوورەکەی کونسووڵ دەدا. پارێزەر کراپ، بە شەپقەکەی دەستییەوە و هەندێ کاغەز لە ژێر باڵیدا، لە ژوورەکەی دێتە دەرێ.)

**پارێزەر کراپ:** ئا بەڕاست ؛ ئەوە ئێوەن لە دەرگا دەدەن؟

**ئەونای بەلەمساز:** کونسووڵ ناردبووی بە دوامدا.

**پارێزەر کراپ:** وایە؛ بەڵام ناتوانێ بتان بینێ، منی ڕاسپاردوە تا –

**ئەونای بەلەمساز:** ئێوە؟ من بەڕاستی زیاتر حەزم دەکرد–

**پارێزەر کراپ:** منی ڕاسپاردوە پێتان بڵێم، کە ئێوە دەبێ لە وانە وتنەوەکانی ڕۆژانی شەممانتان بە کرێکاران دەست هەڵگرن.

**ئەونای بەلەمساز:** ئەوها؟ من بەڕاستی وامدەزانی ئازادم کاتی بێ ئیشیی خۆم ئازادانە بەسەر بەرم.

**پارێزەرکراپ:** ئێوە نابێ کاتی بێ ئیشیی خۆتان بەکاربێنن بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بکەن لە کاتی ئیشکردندا بێ کەڵک بن. ئێوە شەممەی ڕابردوو وتارتان داوە دەربارەی ئەو زەرەرەی کرێکارەکان پێیان دەگا بە هۆی ئامێرە تازەکانمانەوە و ئەو شێوە ئیشکردنە تازەیە لە کارگەی بەلەمسازیدا. ئێوە بۆچی ئاوا دەکەن؟

**ئەونای بەلەمساز:** هەتا یارمەتیی کۆمەڵگا بدەم.

**پارێزەر کراپ:** سەیرە! کونسووڵ دەڵێ ئەمە کۆمەڵگا شێواندنە.

**ئەونای بەلەمساز:** کۆمەڵگاکەم کۆمەڵگای کونسووڵ نییە، جەنابی پارێزەر! وەکو لێپرسراو لە کۆمەڵگای کرێکاران من دەبێ–

**پارێزەر کراپ:** پێش هەموو شتێ ئێوە لێپرسراون لە ورشەکەی کونسووڵ بێرنیک.

ئێوە دەبێ خۆتان بە قەرزارباری ئەو کۆمەڵگایە بزانن کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگای کارگەی کونسووڵ بێرنیک، چونکە ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە دەژین. بەڵێ ئێستا ئێوە دەزانن کونسووڵ چیی هەبوو پێتان ڕابگەیەنێ.

**ئەونای بەلەمساز:** جەنابی پارێزەر! کونسووڵ هەرگیز نەیدەویست بەو شێوەیە قسەبکا. بەڵام من خۆم دەزانم دەبێ سوپاسی کێ بکەم بۆ ئا ئەمە. ئەویش ئەو پاپۆڕە بە نەفرەتبووە شکاوە ئەمریکاییەیە. ئەو خەڵکە دەخوازن ئیشەکە وا بڕوا وەکو لای خۆیان خوویان پێوە گرتووە. ئەوەش –



**پارێزەر کراپ:** ئا، ئا، ئا، من ناتوانم لەمە زیاتر درێژەی پێ بدەم، ئێستا ئێوە لە مەبەستی کونسووڵ تێ گەیشتن، ئیتر بەسە! فەرموون بڕۆنەوە بۆ سەر ئیشەکەتان، لەوانەیە وا پێویست بکا، تۆزێکی تر خۆشم دێم بۆ دەوێ. –

ببوورن خانمەکانم!

(سڵاو دەکا و لە باخچەکەوە دەڕواتە دەرەوە و لە شەقامەکەوە بەرەو خواردەبێتەوە. ئەونای بەلەمساز لەسەرخۆ بەلای ڕاستدا دەچێتە دەرێ. مامۆستا بە درێژاییی ئەو دەمەتەقێ هێمنە هەر بەردەوام بووە لەسەر خوێندنەوە، یەکسەر دوای تەواو بوونی لەکتێبەکە و داخستنی.)

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ببینن ئاوها، گوێگرە ئازیزەکانم بەم شێوەیە کۆتایی هات.

**ڕوومێل خانم:** ئەه، چ داستانێکی پڕ پەندە!

**هۆڵت خانم:** وە هەروەها زۆر ئاکار بەرز!

**بێتی:** کتێبێکی ئاوها بەڕاستی وات لێ دەکا زۆر بیربکەیتەوە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئۆ، بەڵێ ؛ ئەوە خێرخوازییەکی دژ بەوە دادەمەزرێنێ کە ئێمە بەداخەوە ڕۆژانە دەتوانین، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بیانبینین. ئەو کۆمەڵگا گەورانەی کە دیوی دەرەوەی زەرکەشکراو ئارایشکراویان خستووەتە بەر چاو– لە ڕاستیدا ئەمانە ناوئاخنیان چییە؟ من دەبێ بڵێم، پووکی و ڕزیوی. هیچ بنچینەیەکی ئەخلاقییان نییە کە لەسەری ڕابوەستن. بە کورتییەکەی، ئێستا لەم ڕۆژەدا ئەم کۆمەڵگا گەورانە چاڵی گەچن.

**هۆڵت خانم:** بەڵێ بێ گومان ئەوە ڕاستە.

**روومێل خانم:** بۆ ڕاستی ئەمە ئێمە تەنیا پێویستمان بە سەیری پیاوانی تاقمی پاپۆڕە ئەمریکییەکە یە کە لەم کاتەدا لێرەن.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئێستا، نامەوێ بە هیچ کلۆجێ لە بارەی ئەم جۆرە پۆخڵەواتەی مرۆڤایەتییەوە قسە بکەم. بەڵام ئاخۆ لە ناو خودی تویژەکانی بەرەو ژوورتر لەوێ چۆن چۆنی بێ؟ گومان و نائارامییەکی هەڵچوو لە هەموو لایەکەوە، نائاشتی لە میزاجەکان و دوودڵی لە هەموو پەیوەندییەکاندا. دەبێ چۆن چۆنی ژیانی خێزانی لەوێ دانەڕزابێ؟ چۆن چۆنی ئارەزووە ئاوەژووە بێ شەرمەکان خۆیان یەکسان بەرامبەر جیددیترین ڕاستییەکان دەرنابڕن؟

**دینا:** (بەبێ ئەوەی سەیرکا) بەڵام ئایا لەوێش زۆر کاری خێرخوازانەی گەورە ناکرێ؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** زۆر کاری گەورە–؟ من تێ ناگەم

**هۆڵت خانم:** (بەسەر سامییەوە) ئۆی خوایە، دینا–!

**روومێل خانم:** (لە هەمان کاتدا) بەڵام، دینا، تۆ چۆن دەتوانی ئاخر–؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** من لەو باوەڕەدانیم سوودبەخش بێ کە ئەو جۆرە ئیشانە ڕێگەی هاتنە ناو ئێمەوەیان پێ بدرێ. نەخێر پێویستە ئێمە لێرە لە وڵاتی خۆماندا سوپاسی خوا بکەین کە، ئێمە بەو شێوەیەین کە هەین. دیارە لێرەش زڕە گیا لە ناو قەرسیلەی گەنمدا گەورە دەبێ، بە داخەوە، بەڵام ئێمە ڕاشکاوانە تێ دەکۆشین ئەوەندە بکەینەوە کە لە تواناماندا هەیە. ئەمە پەیوەندیی بە پاک ڕاگرتنی کۆمەڵگاوە هەیە. خانمان،–



ئەستەمە کە تەحەممولی ئا ئەم هەموو شتە تازانە بکرێ کە زەمەنێکی شپرزە دەیەوێ بە سەرماندا بیانسەپێنێ.

**هۆڵت خانم:** بەداخەوە زیاد لە پێویست ئا لەو جۆرە شتانە هەن.

**روومێل خانم:** بەڵێ، پارساڵ ئەمەندەی نەمابوو کە لەم شارە ئێستگەی شەمەندەفەرمان بۆ بکرێتەوە.

**بێتی:** بەڕاستی، کەشتن نەی هێشت.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئیرادەی خوا، بێتی خانم. باوەڕتان بێ کە پیاوەکەتان ئەنجامدانی ئەو کارەی ڕەتکردەوە ئامڕازێ بوو بۆ دەربڕینی ویستی پیرۆزی قودرەتی باڵا.

**بێتی:** ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکان ئەو هەموو قسە ناخۆشانەیان دا بە گوێیدا. بەڵام ئێمە سەرجەم خەریکە لەبیرماندەچێ کە سوپاستان بکەین، جەنابی مامۆستا. بەڕاستی ئەمە گەلێک لە هاوڕێیەتی زیاترە لە ئێوەوە کە ئەم کاتە زۆرە بۆ ئێمە بەخت دەکەن.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ها چی، لەبەر ئەوەی کە لە کاتی پشووی قوتابخانەدا....

**بێتی:** بەڵێ، بەڵێ، بە هەرحاڵ ئیتر ئەوەش چەشنێکە لە خۆ بەخت کردن، جەنابی مامۆستا.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** (کورسییەکەی خۆی دەگوێزێتەوە نزیکتر) هەرگیز لەم بارەیەوە قسە مەکە، باشترین خانم، ئایا ئێوە هەمووتان پێکەوە ئامادە نین بۆ خاتری مەسەلەیەکی باش خۆ بکەنە قوربانی؟. بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە ئەم کارە ناکەن؟ ئەم ئاکار گەندەڵبووایە، کە ئێمە بۆ بەرەو چاککردنیان کاردەکەین،

دەبێ وایان واژمێرین کە سەربازگەلێکی بریندار کراون لە مەیدانی جەنگدا، ئێوە خانمەکانم، پەرستارەکانن، ئێوە خوشکە بە ڕەحمەکانن، لەوێ لەفاف و سارخی هەڵدەبژێرن بۆ ئەو بەدبەختە بریندارکراوانە، برینەکان بە کەتان دەپێچنەوە و تیماریان دەکەن و چاکیان دەکەنەوە.

**بێتی:** ئەوە دەبێ دیارییەکی بەڕەحمانەی خودای گەورە بێ کە بتوانرێ گشت لە ڕووناکییەکی هێندە جواندا ببینرێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** لەو ڕوانگەیەوە گەلێ شت هەر بەزگماک لەگەڵ مرۆڤدان، بەڵام گەلێکی تریش دەتوانرێ وەدەست بهێنرێن. ئەوە تەنیا پەیوەستە بە بینینی شتەکانەوە لەبەر ڕووناکییی جیددیی ئەزموونی ژیاندا. بەڵێ، مارتا خاتوون ئێوە ئێستا چی دەڵێن؟ ئایا ئێوە خۆتان وا نابیننەوە وەکو ئەوەی کە ئێوە زەمینەیەکی ئاسوودە ترتان بەدەست هێنابێ تا لە سەری ڕاوەستن، لەوەتەی ئێوە خۆتان بۆ کارو ئەرکەکانی قوتابخانە تەرخان کردووە؟

**مارتا:** بەداخەوە. من نازانم بڵێم چی. زۆرجار، کاتێک لەقوتابخانە دەچمە پۆلەوە، ئاوات دەخوازم کە دوور لە پشتی ئەو دەریا کێوییەوە بوومایە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵێ تەماشا کە، خانمی ئازیز ئەوە گومان و ڕاڕاییەکانن. بەڵام بەڕووی ئەم چەشنە میوان گەلە نائارامانە دا وا چاکترە دەرگا دابخرێ. ئەو دەریا کێوییە.—— بێگومان ئێوە مەبەستان دەقاو دەق ئەو دەریا کێوییەی دەرەوە نییە، ئێوە مەبەستان ئەو جمووجۆڵە نائارامە گەورەیەی کۆمەڵگای



مرۆڤایەتییە، کە بێشمار خەڵکی تێدا نقووم دەبێ.
ئایا ئێوە بەڕاستی ئەمەندە نرخ بۆ ئەو ژیانەی کە ئێوە گوێتان لە گێزە گێزو هاژە هاژێتی لێرەو لەوێ لە دەرەوەی ئێرە دادەنێن؟ تەنیا تەماشایەکی شەقامەکەی خوارەوە بکە. خەڵکەکان لەوێ لەبەر گەرمای خۆردا ئارەقە دەڕژن و دێن و دەچن و لەگەڵ بابەتە بچکۆلەکانی خۆیاندا خەریکن. نەخێر، لە ڕاستیدا ئێمە باشترین، ئێمە، کە لێرە لەفێنکاییدا دانیشتووین و پشتمان کردووەتە ئەو گۆشەیەی کە بۆنی جاڕزبوونی لێوە دێ.

**مارتا:** بەڵێ، خوای گەورە، بێگومان ئێوە ڕاستن –

**مامۆستا ڕۆرلووند:** لە یەک خانووی وەکو ئەمەدا– لە یەک ماڵی چاک و پاکدا، کە ژیانی خێزانی بەجوانترین دیمەنی خۆیەوە دێتە بەر چاو و ئاشتی و تەبایی سەردارن– (ڕوو دەکاتە بێتی) خانم، ئێوە گوێتان بۆ چی هەڵخستووە؟

**بێتی:** (ئاوەڕێ داوەتەوە بەرەو دەرگای پێشەوەی لای چەپ). ئەوانەی لەو لە ژوورەن چەند دەنگیان بەرزە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئایا شتێکی تایبەتی لە ئارادا هەیە؟

**بێتی:** نازانم، گوێم لە یەکێکە لە ژوورەوە لەلای پیاوەکەم.

(هیلمار تۆننەسێن، چرووتێکی بەدەمەوەیە، لە دەرگایی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە، بەڵام هەر کە چاووی بەو هەموو ژنانە دەکەوێ دەوەستێ)

**هیلمار تۆننەسێن:** ئۆ، داوای لێبووردن دەکەم – (دەیەوێ بگەڕێتەوە دواوە.)

**بێتی:** نا، هیلمار، وەرە نزیک بەرەوە، تۆ کەس ناڕەحەت ناکەی، پێویستت بە هیچ هەیە؟

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، تەنیا دەمویست سەیرێکی ئێرە بکەم.

بەیانیتان باش، خانمەکانم. (ڕوو دەکاتە بێتی) بەڕاست، ئەوە بەچی گەیشت؟

**بێتی:** چی بە چی گەیشت؟

**هیلمار تۆننەسێن:** بێرنیک کۆبوونەوەی هەیە.

**بێتی:** ئەلیهوو؟ چییە دیسان؟

**هیلمار تۆننەسێن:** ئۆ، ئەوە دیسان بەزمی ئێستگەی شەمەندەفەرەکەیە.

**ڕوومێل خانم:** نا، شتی وا دەبێ؟

**بێتی:** کەشتنیی داماو، دیسان دەبێ تووشی چەندین کێشە ببێتەوە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵام چۆن چۆنی قافیەی ئەمە بهێنینەوە، جەنابی تۆننەسێن؟ کونسوولّ بێرنیک ئەو ساڵی پار ئاشکرا خستییە ڕوو کە ئەو بەهیچ جۆرێک ئێستگەی شەمەندەفەری ناوێ.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، منیش پێم وابێ وابوو، بەڵام من کراپی پارێزەرم بینی، ئەو باسی کرد کە مەسەلەی ئێستگەکە دووبارە هەڵی داوەتەوە و بێرنیک لەگەڵ سێ پیاوی دەولەمەندی شاردا کۆبووەتەوە.

**ڕوومێل خانم:** ها، چی، پێم وابێ گوێم لە دەنگی ڕوومێل بوو لەژوورەوە.

**هیلمار تۆننەسێن:** ئا، بێگومان بەڕێز ڕوومێلیان لەگەڵەو، هەروابێتەوە



بازرگان ساندستادی سەرگردەکە و میکێل ڤیگەلاندیش، – کە پێی دەڵێن " میکێلی پیرۆز"

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هەم

**هیلمار تۆننەسێن:** داوای لێبووردن دەکەم، جەنابی مامۆستا.

**بێتی:** ئێستا ئێرە چەند خۆش و ئاسوودە بوو.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، من بەش بەحاڵی خۆم، هیچ دژی ئەوە نیم ئەگەر ئەوان دووبارە بیکەنەوە بەهەراوهووریا. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوە دەبێتە مایەی سەرگەرمی.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ها، من پێم وایە ئەو جۆرە سەرگەرمییانە مرۆڤ دەبێ لێیان گەڕێ.

**هیلمار تۆننەسێن:** ئەوە کەوتووەتە سەر مرۆڤ خۆی، بێگومان هەندێکەس پێویستیان بە خەباتێکی پڕمەترسییە. بەڵام بە داخەوە ژیانی ناو شارە بچکۆلەکان بەم شێوەیە ئەوەندەی لەو خەباتە پڕمەترسییانە تێدانییە.

هەموو کەسێکیش ناتوانێ کە – (کتێبەکەی مامۆستا هەڵدەداتەوە) " ئافرەت وەکو خزمەتکاری کۆمەڵگا" ئەم قسە قۆڕانە چین؟

**بێتی:** خوایە هاوار، هیلمار، تۆ نابێ قسەی وا بکەی. بێگومان تۆ ئەو کتێبەت نەخوێندووەتەوە.

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، نیازیشم نییە بیخوێنمەوە.

**بێتی:** ئەمڕۆ تەواو نیت.

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، تەواو نیم.

**بێتی:** لەوانەیە ئەم شەو باش نەخەوتبی؟

**هیلمار تۆننەسێن:** نا، هەر زۆر خراپ نووستم. دوێنێ ئێوارە چووم بۆ پیاسەیەک لەبەر خاتری نەخۆشییەکەم. ئینجا چوومە سەرێ بۆ یانە، لەوێ سەفەرنامەیەکم لەسەر قوتبی باکوور خوێندەوە، لە بەدواداچوونی مرۆڤ و جەنگەکەی لەگەڵ توخمەکانی سروشتدا، بەرەنگاربوونەوەیەکی سەخت هەیە.

**ڕوومێل خانم:** بێگومان دیارە کە ئەوە بۆئێوە شتێکی باش نەبووە، جەنابی تۆننەسێن.

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، ئەوە بۆ من زۆر خراپ بوو. هەموو شەوەکە پاڵ کەوتبووم و بەدەم نیمچە خەوەوە ئەم دیو ئەو دیوم دەکردو خەوم دەبینی. لەخەومدا شێرماسییەکی پیس دوام کەوتبوو.

**ئۆلاف:** (کە هاتووەتە سەرەوە بۆ سەر پلیکانەکانی باخچەکە) مامە شێر ماسییەک بە دوای تۆوە بوو؟

**هیلمار تۆننەسێن:** لە خەومدا، هەی گەلۆر! هێشتا تۆ لێرە دیت و دەچی و بەو کەوانە هەزەلیە یاری دەکەی؟ تۆ بۆ چی تفەنگێکی ڕاستەقینە پەیدا ناکەی؟

**ئۆلاف:** با، زۆرم حەز لە تفەنگێکە بەڵام

**هیلمار تۆننەسێن:** چونکە هەندێ مانا لە تفەنگی ڕاستەقینەدا هەیە. هەمیشە هەندێ مێشک خرۆشێنەرە کاتێک مرۆڤ دەیەوێ بیتەقێنێ.

**ئۆلاف:** مامە، ئەوسا من دەتوانم تەقە لە ورچ بکەم. بەڵام من بۆم نییە باوکم نایەڵێ.



**بێتی:** هیلمار بە ڕاستی نابێ تۆ ئەم شتانە بخەیتە مێشکی ئەو منداڵەوە.

**هیلمار تۆننەسێن:** هم، بەڵێ، ئەمڕۆ ئەم نەوەیە ئەوا پەروەردە دەکرێن! باس هەر باسی وەرزش و وەرزش،–– خوا ڕەحم کا، بەڵام هەمووی گەمەیە، هەرگیز جووڵەیەکی جیددی بۆ ئەو تۆکمەکردنە نییە کە مەبەستی ئەوەبێ کە ئەم نەوەیە پیاوانە بە بەرچاوی باوکانەوە هەڵسوکەوت بکەن. لاچۆ کەوانەکە بەرەو من مەگرە، هەی دەستە پاچە، لە دەستت دەردەچێت.

**ئۆلاف:** نا، مامە، خۆ تیری تێدا نییە.

**هیلمار تۆننەسێن:** تۆ چووزانی، لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە تیرێکی تێدا بێ. دەڵێم ئەوە لابە!––– بە ناخێرت تۆ بۆ چی قەت بەیەکێک لە پاپۆڕەکانی باوکت نەچووی بۆ ئەمریکا؟ لەوێ دەتتوانی ڕاوی ڕەوە گامێش یان شەڕێک لەگەڵ سوور پێستەکاندا ببینی.

**بێتی:** نا، بەڵام هیلمار–––

**ئۆلاف:** با، مامە حەزم لەوەیە، ئەوسا لەوانە بوو بمتوانیایە مامە یۆهان و پوورە لووناش ببینم.

**هیلمار تۆننەسێن:** هم –– قسەی هیچ.

**بێتی:** ئۆلاف، تۆ دەتوانی ئێستا بچیتەوە ناو باخچەکە.

**ئۆلاف:** دایە، دەتوانم بچمە کۆڵان؟

**بێتی:** بەڵێ، بەڵام دوورنەکەویتەوە.

(ئۆلاف لە دەرگاییی پەرژینەکەوە ڕادەکاتە دەرەوە)

**مامۆستا ڕۆرلووند:** جەنابی تۆننەسێن نەدەبوو ئێوە ئەو بیرە خراپانە

بخەنە مێشکی ئەو منداڵەوە.

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، بێگومان، ئەو پێویستە هەر لێرە بمێنێتەوە و ببێ بە یەکێک لەوانەی کە هەر لەماڵەوە دادەنیشن، وەکو زووربەی ئەوانی تر.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵام بۆچی ئێوە خۆتان سەفەر ناکەن بۆ ئەوێ؟

**هیلمار تۆننەسێن:** من؟ بەم نەخۆشییەمەوە؟ بەڕاستی، خۆ ئاشکرایە، لەم شارە خەڵک زۆر گوێ بەو شتانە نادەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئیتر بێگومان مرۆڤ چەند ئەرکێکی لەسەرشانە لەو کۆمەڵگایەیی تێیدا دەژی. ئاخر لێرە بەلای کەمەوە دەبێ چەند کەسێک هەبێ کە ئالای بیر بڵند ڕاگرن. ئاخ، دیسان کەوتەوە هاوار هاوار!

**خانمەکان:** کێ هاوار دەکا؟

**هیلمار تۆننەسێن:** ها، نەخێر، نازانم. ئەوان لە ژوورەوە تۆزێ دەنگیان بەرزە و ئەوەش تووشی شڵەژانم دەکا.

**ڕوومێل خانم:** جەنابی تۆننەسێن. ئەوە پیاوەکەی منە. بەڵام با پێتان بڵێم کە ئەو گەلێک بە وتاردان لە نێو کۆڕی گەورەدا ڕاهاتووە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** من لەو باوەڕەدام کە ئەوانی تریش ئەمەندە دەنگ نزم نین.

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، خوایاربێ، هەڵبەتە، ئەگەر باس لە پاراستنی کیسە پارە بێ، ئاوهایە-- ئا هەموو شتێک لێرە دەچێتە نێو کەرەسەی وردی حیساب کارییەکانەوە. ئاخ!

**بێتی:** بە هەرحاڵ ئەوە لە جاران باشترە، کە هەموو شتێ دەچووە





خانەی سەرگەرمییەوە.

**لینگە خانم:** بەڕاستی ئێرە جاران ئەمەندە خراپ بوو؟

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، لینگە خانم، باوەڕکەن بەختەوەرانە دەتوانن ستایشی خۆتان بکەن کە ئەوسا لێرە نەدەژیان.

**هۆڵت خانم:** ئا، ئێرە بەڕاستی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە! کاتێک من بیر دەکەمەوە لە جاران، ڕۆژانی کچێنیم --

**ڕوومێل خانم:** ئۆ، بیرکەرەوە لە پڕاو چواردە- پانزە ساڵ بەرەو دواوە خوا عافوومان کات، چ ژیانێک بوو لێرە! ئەوسا هەردوو سەندیکای تۆپان و سەندیکای مۆسیقاران هەبوون-

**بێتی:** و سەندیکای شانۆکارانیش. باش دێتەوە بیرم.

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، جەنابی تۆننەسێن، لەوێ شانۆگەرییەکەی ئێوەش پێشکەش کرا.

**هیلمار تۆننەسێن:** (بەرەو دواوە). ها، چی، چی!-

**مامۆستا ڕۆرلووند:** شانۆگەرییەک لەنووسینی تۆننەسێنی قوتابی؟

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، ئەوە زۆر پێش هاتنی ئێوە بوو بۆ ئێرە، جەنابی مامۆستا. پاشان تەنیا یەکجار نمایش کرا.

**لینگە خانم:** ئەوە لەو شانۆگەرییەدا نەبوو ڕوومێل خانم ئێوە بۆتان باس کردم کە دەوری عەشیقەتان تێدا بینیبوو؟

**ڕوومێل خانم:** (سەیرێکی خێرایی مامۆستا دەکا) من؟ لینگە خانم بەڕاستی ئەوەم بیر نایەتەوە، بەڵام باش ئەو هەموو هەراو هووریایەی ئاهەنگێڕانی ناو خێزانەکانم بیرە.

**هۆڵت خانم:** بەڵێ، هەڵبەتە من چاک ئەو ماڵانەم بیرە کە هەفتەی دوو

نانخواردنی گەورەی ئێوارانیان تێدا دەدرا.

**لینگە خانم:** من گوێم لێ بووە گوایە گرۆیەکی شانۆکارانی گەڕۆک لێرە هەبووە.

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، تازە کە ئەوە لە هەمووان خراپتر!

**هۆڵت خانم:** (بێ قەرارانە) هم، هم

**ڕوومێل خانم:** بەڕاستی، ئەکتەرەکان؟ نەء، بە هیچ کلۆجێ ئەوەم بیر نایەتەوە.

**لینگە خانم:** بەڵێ، هەروەکو دەڵێن، ئەو خەڵکانە گەلێ کاری شێتانەیان کردووە. بەڕاستی ئەو بەسەرهاتانە چۆن چۆنی بوون؟

**ڕوومێل خانم:** ئۆ، لینگە خانم، لە ڕاستیدا هیچ نییە.

**هۆڵت خانم:** دینای شۆخ، ئەو کەتانەم بدەرێ لەویادا.

**بێتی:** (لە هەمان کاتدا) عەزیزم دینا، بچۆ بە کاترینە بڵێ تا قاوەکەمان بۆ بێنێ.

**مارتا:** دینا، منیش لەگەڵت دێم.

(دینا و مارتا لە لای چەپی دەرگاکەی سەرەوە دەچنە دەرێ.)

**بێتی:** (هەڵدەستێتە سەرپێ) دەقەیەک، دەبێ بمبوورن خانمەکان؛ وابەشترە قاوەکەمان لە دەرەوە بخۆینەوە.

(بێتی دەچێتە دەرەوە بۆ سەر پلیکانەی باخچەکەو مێزێک دەرازێنێتەوە؛ مامۆستا لە ناو دەرگاکەدا قسەی لەگەڵدا دەکا. هیلمار تۆننەسێن لە دەرەوە دانیشتووە و جگەرە دەکێشێ.)

**ڕوومێل خانم:** (لەسەر خۆ) خوایە، هەر ڕۆحت بردم! لینگە خانم.



**لینگە خانم:** من؟

**هۆڵت خانم:** بەڵێ، ڕاستە ڕوومێل خانم بەڵام، ئێوە خۆتان دەستان پێ کرد.

**ڕوومێل خانم:** من؟ نەخێر، چۆن وا دەڵێیت، هۆڵت خانم؟ من لەوێدا تاقە وشەیەکی زیندوو بە دەممدا نەهات.

**لینگە خانم:** بەڵام چی بووە ئێستا؟

**ڕوومێل خانم:** چۆن توانیتان دەست بکەن بە باس کردنی! بیرکەرەوە دیناتان نەبینی کە لێرە لە ژوورەوە بوو؟

**لینگە خانم:** دینا؟ خوا ڕەحم کا، بۆ شتێک لە ئارادا هەیە لەگەڵ —؟

**هۆڵت خانم:** ئینجا لێرەش لەم ماڵەدا! نازانن کە ئەوە برای بێرنیک خانم بوو؟

**لینگە خانم:** چی ئەو؟ من هیچ شتێک نازانم؛ هەروەکو دەزانن من هێشتا تازەم –

**ڕوومێل خانم:** گوێتان لێ نەبووە کە –؟ هم (ڕوو دەکاتە کچەکەی) هیلدا، دەتوانی کەمێک بچیتە باخچەکەوە.

**هۆڵت خانم:** تۆش برۆ، نێتە. ئاگاتان لە دینای بەسەزمان بێ کە هات دڵی ڕاگرن

(هیلدا و نێتە دەچنە دەرێ بۆ ناو باخچەکە.)

**لینگە خانم:** ئێ، چی بووە لەگەڵ براکەی بێرنیک خانمدا؟

**ڕوومێل خانم:** بۆ ئێوە ئەوە نازانن کە براکەی بێرنیک خانم هۆکاری ئەو بەسەرهاتە ناشرینەی بوو؟

**لینگە خانم:** تۆننەسێنی قوتابی بەسەرهاتی ناشرینی لێ وەشایەوە؟

**ڕوومێل خانم:** نەخێر، لینگە خانم، قوتابی کوڕی مامی بێرنیک خانمە، من باسی براکەی دەکەم

**هۆڵت خانم:** ئەو نارەسەنە –

**ڕوومێل خانم:** یۆهانی ناو بوو. هەڵهات بۆ ئەمریکا.

**هۆڵت خانم:** هەر دەبووایە ڕای کردایە. بیری لێ بکەنەوە.

**لینگە خانم:** ئەو بەسەرهاتی ناشرینی لێ وەشایەوە؟

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، شتێ لەو بابەتە؛ چی ناو بنێم؟ شتێ لەو بابەتە لەگەڵ دایکی دینادا. ئۆی، هەروەکو ئەمڕۆ ڕووی دابێ وا لە بیرم ماوە. یۆهان تۆننەسێنی ئەوسا لە نووسینگەی بێرنیک خانمی پیر بوو؛ کەشتن بێرنیک تازە لە پاریس گەڕابوویەوە، هێشتا ژنی نیشانە نەکردبوو

**لینگە خانم:** باشە، بەڵام ئەی ئەو بەسەرهاتە ناشرینە چی بوو؟

**ڕوومێل خانم:** ئاخر، سەیرکەن ئەو زستانە تیپی شانۆی (ئاش) لێرە بوو.

**هۆڵت خانم:** دۆرفیی ئەکتەرو ژنەکەی لەو تیپەدا بوون. کوڕو کاڵیش هەموویان تەواو شەیدایی ئەو ژنە بوو بوون.

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ ئێوە نازانن کە چەند شۆخ و شەنگ بوو. بەڵام دۆرفیی ئەکتەر ئێوارەیەک درەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە –

**هۆڵت خانم:** تا بڵێی شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو.

**ڕوومێل خانم:** دەبینێ، نە، بە ڕاستی ئەمە ناگێڕدرێتەوە.

**هۆڵت خانم:** نەخێر، ڕوومێل خانم، ئەو هیچی نەبینبوو، چونکە دەرگاکە لە دیوی ناوەوە داخرابوو.



**ڕوومێل خانم:** ئاخر، منیش هەر وا دەڵێم؛ ئەو دەرگاکەی بینی بوو کە داخرابوو. ئینجا بیرکەنەوە، ئەوەی کە لە ژوورەوە بوو. ناچار لە پەنجەرەکەوە بۆی دەرچوو بوو.

**هۆڵت خانم:** لە پەنجەرەیەکی بەرزی ژووری سەرەوە.!

**لینگە خانم:** ئەو کەسە براکەی بێرنیک خانم بوو؟

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، بێ گومان ئەو بوو.

**لینگە خانم:** پاشان ئەو هەڵهات بۆ ئەمریکا؟

**هۆڵت خانم:** بەڵێ، دەبووایە هەڵبێ، تێ گەیشتن.

**ڕوومێل خانم:** لە پاشان شتێک ئاشکرا بوو تا ڕادەیەک هێندەی ئەوە ناخۆش بوو؛ (قاسە) کەشیانی بریبوو

**هۆڵت خانم:** بەڵام ڕوومێل خانم، کەس ڕاستیی ئەمە نازانێ، لەوانەیە تەنیا قسەو باسی نێو خەڵک بێ.

**ڕوومێل خانم:** نەخێر، ئێستا من دەبێ بڵێم–! لە سەرانسەری شارەکەدا وا بڵاو نەبوو؟ بێرنیک خانمی پیر، خەریک بوو مایەپووت بێ لەبەر خاتری ئەو مەسەلەیە؟ من ئەوەم لە خودی ڕوومێلەوە بیست. خوا لێم نەگرێ.

**هۆڵت خانم:** ئێستا بەهەرحاڵ پارەکان بۆ مەدام دۆرف نەبوون؛ چونکە ئەو

**لینگە خانم:** باشە، پاشان دایک و باوکی دینا نێوانیان چۆن چۆنی بوو؟

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، دۆرف ژن و منداڵی بەجێ هێشتن و ڕێگەی خۆی گرتەبەرو سەفەری کرد. بەڵام خانم هێند بێ شەرم بوو، بایی

ئەوەی کە ساڵێکی ڕەبەق لێرە بمێنێتەوە. نەی وێرا زیاتر لەسەر شانۆ خۆی نیشان دا؛ بەڵام بە کارەکەرێنی و دوورمان کردن بۆ خەڵک خۆی دەژیان.

**هۆڵت خانم:** و زۆر هەوڵی دا قوتابخانەیەکی سەماکردن بکاتەوە.

**ڕوومێل خانم:** بێ گومان بۆی نەچووە سەر. چ دایک و باوکێک متمانەیان بە یەکێکی ئاوها دەکرد منداڵەکانیان بکەونە بەردەستی؟ زۆری نەخایاند؛ ئەو ژنە جوانە دیاربوو ڕانەهاتبوو بەکارکردن؛ سینگی تووشی نەخۆشی بوو، مرد.

**لینگە خانم:** ئۆی، بەڕاستی ئەم داستانانە ترسناک بوون!

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، باوەڕکەن ئەوە هەزم کردنی بۆ بێرنیکیش گران بوو. هەروەکو ڕوومێل جارێکیان وتی،ئەمە ئەو پەڵە ڕەشەی سەر خۆری سەرکەوتنیانە. لەبەر ئەوە لینگە خانم هەرگیز لە بارەی ئەو شتانەوە لێرە لەم ماڵەدا قسە مەکە.

**هۆڵت خانم:** وە، بۆ خاتری خوا، هەرگیز لە بارەی زڕخوشکەکەشیەوە قسەمەکە!

**لینگە خانم:** بەڵێ، بێتی زڕخوشکێکیشی هەیە؟

**ڕوومێل خانم:** خۆشبەختانە، ئێستا خوشکایەتی لە نێوان ئەو دووانەدا نەماوە. ئا، ئەویش یەکێ بوو بۆ خۆی! بیهێنە پێش چاوتان کە چۆن قژی خۆی بڕیبوو و لە کاتی باران باریندا بە جزمەی پیاوانەوە هاتوچۆی دەکرد.

**هۆڵت خانم:** و کاتێ زڕبراکەی ئەو کەسە ناڕەسەنە هەڵهات و هەموو شارەکە بە گژیدا ڕاپەڕین، دەزانن ئەو خانمە چیی کرد؟ سەفەری کرد و چوو بۆلای ئەو!



**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، بەڵام هۆڵت خانم، ئەو پێش ئەوەی سەفەرەکا کارێکی زۆر ئابڕوبەرانەی کرد!

**هۆڵت خانم:** وس، باسی ئەوە مەکە.

**لینگە خانم:** خوای گەورە، ئەمە بەکاری ئابڕووبەرانەش هەستاوە؟

**ڕوومێل خانم:** ئا، لینگە خانم، تۆ هەروا گوێ بگرە. بێرنیک تازە (بێتی تۆننەسێن) ی نیشانە کردبوو؛ پێکەوە قۆڵ لە قۆڵدا دەچن بۆ لای پووری بێتی هەتا هەواڵی نیشانەکردنەکەی پێ ڕاگەیەنن.

**هۆڵت خانم:** بێتی و یۆهان لە ڕاستیدا بێ دایک و باوکن، با بزانی

**ڕوومێل خانم:** – ئینجا لوونا هێسل لەسەر ئەو کورسییەی کە لە سەری دانیشتووە هەڵدەسێتە سەر پێ و، زللەیەک لە پەنا گوێی ئەو کەشتن بێرنیکە جوانە خوێندەوارە دەسرەوێنێ و کاسی دەکا.

**لینگە خانم:** نا من هەرگیز –!

**هۆڵت خانم:** بەڵێ، هەر چۆن دەڵێم ئاوها!.

**ڕوومێل خانم:** ئینجا جانتاکەی کۆکردەوەو لێی دا چوو بۆ ئەمریکا.

**لینگە خانم:** بەڵام دەبێ ئەو خۆی چاوی لەسەر ئەو پیاوە بوو بێ.

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، دەتوانن دڵنیابن لەوە کە ئەو خۆی حەزی لێی کردبوو. ئەو لێرە وا خۆی نیشان دەدا کە پێکەوە دەبنە هاوسەری یەکتری کاتێک کە بێرنیک لە پاریس گەڕایەوە.

**هۆڵت خانم:** بەڵێ، بیری لێ بکەرەوە کە ئەو باوەڕی بەشتێکی وا هەبوو!

بێرنیک، ئەو گەنجە بە ئەدەبەی دنیای پیاو، کۆمپلێت کەسێکی بەڕێز، ئازیزی دڵی هەموو ئافرەتان

**ڕوومێل خانم:** لەگەڵ ئەوەشدا ئینجا هۆڵت خانم، زۆر بە ئەدەب؛ زۆر ئاکار بەرز.

**لینگە خانم:** بەڵام ئەم هێسل خانمە بەچی یەوە خەریکە لە ئەمریکا؟

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، دەبینن، ئەوە چارشێوێکی بەسەردا دراوە، هەروەکو جارێکیان ڕوومێل وتی، کە هەرگیز نابێ هەڵدرێتەوە.

**لینگە خانم:** ئەمە مانای چی؟

**ڕوومێل خانم:** ئەو ئیتر پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەیدا نییە، تێ گەیشتن، بەڵام هەموو شارەکە هێندە دەزانن کە ئەو لەوێ بەپارە لە ئوتێلەکاندا گۆرانی دەڵێ –

**هۆڵت خانم:** وە کە ئەو لە هۆڵەکاندا وتار دەخوێنێتەوە

**ڕوومێل خانم:** وە کە ئەو کتێبێکی شێتانەی بە چاپ گەیاندوە.

**لینگە خانم:** نا، ئینجا بزانە –!

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، بێ شک لوونا هێسل یەکێکە لە پەڵەکانی سەر خۆری بەختی خێزانی بێرنیک. بەڵام ئێوە ئێستا هەواڵەکەتان زانی لینگە خانم. بەخوا، من هەر لەبەر ئەوە ئەمەم باس کرد هەتا ئێوە ئاگاتان لە خۆتان بێ.

**لینگە خانم:** بەڵێ، خەمی منتان نەبێ بەڵام ئەو بێ چارەیە دینا دۆرف! بەڕاستی خەفەتی بۆ دەخۆم.

**ڕوومێل خانم:** بەڕاستی، دینا بەختی هەبوو. بیرکەرەوە ئەگەر بکەوتایەتە دەست دایک و باوک! بێ گومان ئێمە هەموومان



پێکەوە ئاگاداریی لێ دەکەین و ئامۆژگاریی چاکی دەکەین ئەوەندەی کە لە توانامـاندا هەبێ، لەو کاتەوە بێتی حەزوخۆزگەی هاتەدی کە ئەو هاتە ناو ئەم ماڵەوە.

**هۆڵت خانم:** بەڵام دینا هەمیشە منداڵێکی سەرسەخت بوو. ئەو هەموو نموونە خراپانە، بهێننە بەر چاوی خۆتان. یەکێکی ئەوها، بەو جۆرە دیارە کە وەکو یەکێک لەوانەی خۆمان نییە؛ لینگە خانم پێویستە لەگەڵ ئەو نەرم بین.

**ڕوومێل خانم:** بێدەنگ، ئەوە هات. (بەدەنگی بەرز) بەڵێ، ئەو دینایە، بەڕاستی کچێکی زیرەکە، ها ئەوە لێرەی، دینا؟ ئێمە دانیشتووین خەریکین جلەکان کۆ دەکەینەوە.

**هۆڵت خانم:** ئۆه، قاوەکەی تۆ چەند بۆنی خۆشە. دینای جوان. کوپێک قاوەی پێشی نیوەڕۆ بەم جۆرە –

**بێتی:** (لە دەرەوە لەسەر قادرمەی باخچەکە) فەرموون، خانمەکانم!

(بێتی و دینا لەهەمان کاتدا یارمەتیی کچەخزمەتکارەکە دەدەن لە هێنانی کەرەسەکانی قاوە خواردنەوەدا. هەموو ژنەکان لە دەرەوە دادەنیشن؛ ئەوان زیاد لە پێویست مجامەلەی دینا دەکەن. پاش تۆزێک دینا دەچێتەوە هۆڵەکەو دەست دەکاتەوە بە کار دەستییەکەی.)

**بێتی:** (لەدەرەوە لەسەر مێزی قاوە خواردنەوەکەوە) دینا، تۆش نایەی؟

**دینا:** نەخێر سوپاس؛ من نایەم. (ئەو لە جێگەی دروومان کردنەکەی خۆی دادەنیشێ. بێرنیک خانم و مامۆستا پێکەوە چەند قسەیەک دەکەن؛ پاش دەقیقەیەک مامۆستا دەچێتە ژووری بۆ ناوهۆڵەکە)

**مامۆستا رۆرلووند:** (وانیشان دەدات کە خەریکی شتێکە لەسەر مێزەکە و لەسەرخۆ دەڵێ) دینا.

**دینا:** بەڵێ.

**مامۆستا رۆرلووند:** بۆچی ئێوە ناتانەوێ بێنە دەرێ؟

**دینا:** کە هاتمە ژوورەوە و قاوەکەم هانی، لەو ژنە غەریبەدا بەدیم کرد کە ئەوان باسی منیان دەکرد.

**مامۆستا رۆرلووند:** بەڵام ئێوە نەتان بینی کە هەڵسوکەوتی لە دەرەوە چەند دۆستانە بوو لەگەڵتان.

**دینا:** من تاقەتی ئەوەم نییە!

**مامۆستارۆرلووند:** دینا تۆ سەرسەختی.

**دینا:** بەڵێ.

**مامۆستا رۆرلووند:** بەڵام بۆچی ئێوە خاوەنی ئەو خوڵق و خووەن؟

**دینا:** من جیاواز نیم.

**مامۆستا رۆرلووند:** ناتوانن ئێوە هەوڵ بدەن کە جیاوازبن.

**دینا:** نەخێر.

**مامۆستا رۆرلووند:** بۆچی نا؟

**دینا:** (سەیری دەکا) ئیتر من سەر بەو ئاکارە خراپانەم.

**مامۆستا رۆرلووند:** شەرم کە، دینا!

**دینا:** دایکیشم سەر بەو ئاکار خراپانە بوو.

**مامۆستا رۆرلووند:** کێ لەبارەی ئەم شتانەوە قسەی بۆ کردوون؟

**دینا:** هیچ کەسێک؛ هەرگیز ئەوان قسە ناکەن. بۆ چی قسە ناکەن! هەموویان تابلێی لەسەرخۆن لەگەڵمدا هەر وەکو من وردو



خاش بم ئەگەر – ئای چەند ڕقم لەم هەموو دڵباشییە دەبێتەوە.

**مامۆستا رۆرلووند:** ئازیزەکەم دینا، من چاک تێ دەگەم ئێوە لێرە وا هەست دەکەن لەژێر گوشاردان لێرە، بەڵام

**دینا:** بەڵێ، بەس بمتوانیایە لێرە دوورکەوتمایەتەوە ئیتر دەمتوانی خۆم بەڕێوەبەرم، تەنیا لەنێو خەڵکێکدا نەژیامایە کە وەکو ئەمانەی ئێرە بن– ئاوها.

**مامۆستا رۆرلووند:** چۆن چۆنی ئاوها؟

**دینا:** ئاوها بەئەدەب و ئاوها بە ئەخلاق؟

**مامۆستا رۆرلووند:** بەڵام، دینا، ئەوە بەڕاستانە.

**دینا:** ها، ئێوە باش دەزانن مەبەستی من چییە. هەموو ڕۆژێک هیلدا و نێتە دێنە ئێرە تا بیانکەم بە نموونەی بەرزی خۆم. من هەرگیز ناتوانم هێندە ڕێکوپێک بم، وەکو ئەوان. ناشمەوێ وا بم. ئۆ، لێرە دوورکەوتمایەتەوە، ئیتر بێ شک دەبووم بە ئینسانێکی باش.

**مامۆستا رۆرلووند:** دینای ئازیز، ئێوە کە ئینسانی باشن.

**دینا:** چی یارمەتیم دەدا لێرە؟

**مامۆستا رۆرلووند:** کەواتە سەفەر–. بەڕاستی ئێوە بیر لەوە ناکەنەوە؟

**دینا:** من نامەوێ رۆژێک زیاتر لێرە بمێنمەوە ئەگەر ئێوە نەبن.

**مامۆستا رۆرلووند:** بەڕاستی پێم بڵێ، دینا – بۆ چی هێندە حەزدەکەن لەگەڵمدا بن.

**دینا:** چونکە ئێوە زۆر شتی جوانم فێر دەکەن.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** جوان؟ ئێوه بەوەی کە من فێرتان دەکەم دەڵێن شتی جوان؟

**دینا:** بەڵێ، یان لەڕاستیدا– ئێوە هیچم فێر ناکەن؛ بەڵام کاتێ گوێم لێتانە وتار دەدەن، زۆر شتی جوان دێنە بەرچاوم.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** لەڕاستیدا ئێوە چی لە شتێکی جوان تێ دەگەن؟

**دینا:** هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئێستا بیر لەوە بکەرەوە. ئێوە چی لە شتێکی جوان تێ دەگەن؟

**دینا:** شتێکی جوان. شتێکی گەورەیە– و زۆر دوورە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هم. دینای ئازیز، من لە دڵەوە بۆتان نیگەرانم.

**دینا:** هەر ئەوەندە؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان ئێوە چاک دەزانن کە ئێوە هێندە ئازیزن لەلام هەر لە باسکردن نایە.

**دینا:** ئەگەر من هیلدە یاخود نێتە بوومایە، ئێوە لەوە نەدەترسان کە کەسێک بەمە بزانێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئۆ، دینا، ئێوە زۆر کەم دەتوانن حوکم بدەن بەسەر ئەو هەزارەها بەرژەوەندیانەی کەدەبێ لەبەرچاوبگیرێن. کاتێ پیاوێک دانرابێ کە پایەیەکی ڕەوشتی بێ بۆئەو کۆمەڵگایەیی تیاییدا دەژی، ئیتر –؛ پیاو ناتوانێ بەڕاستی لەسەرخۆ بێ. تەنیا لەوە دڵنیا بوومایە کە خەڵک ڕاستی تێ دەگەن و چاک تەفسیری هۆکارەکانی هەڵسوکەوتم دەکەن–، بەڵام با هەر ئاوها بێ؛ دینا، ئێوە پێویستە و دەبێ یارمەتی



بدرێن. ئەمە پەیمانێکە، کە کاتێک من دێم– کاتێ پەیوەندییەکان ڕێگام دەدەن کە بێم– و دەڵێم؛ ئەمە دەستی من – ئەوکاتە دەخوازن ئێوە دەستم بگرن و ببنە هاوسەرم؟ دینا، بەڵێنی ئەوەم پێ دەدەن؟

**دینا:** بەڵێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** سوپاس، سوپاس! منیش بەڵێن بێ –. ئۆ، دینا لەلای من ئێوە گەلێ ئازیزن–. بێدەنگ؛ ئەوە هاتن. دینا، لەبەر خاتری من، بچۆرە دەرەوە بۆ لای ئەوانی تر.

(دینا دەچێتە دەرەوە بۆ لای مێزی قاوە خواردنەوەکە. لە هەمان کاتدا بازرگان ڕومێل، بازرگان ساندستاد و بازرگان ڤیگەلاند لە ژوورەکەی پێشەوەی لای چەپەوە دێنە دەرێ بە یاوەریی کونسووڵ بێرنیک، کە دەستەیەک کاغەزی بە دەستەوەیە.)

**کونسووڵ بێرنیک:** کەواتە ئێستا، مەسەلەکە بڕیاری لەسەر درا.

**بازرگان ڤیگەلاند:** بەڵێ، ناوی خوای لێ دەهێنین.

**بازرگان ڕوومێل:** ئەوە بڕیاری لەسەردرا، بێرنیک! خۆت دەزانی قسەی پیاوی نەرویجی پتەو و جێگیرە، وەک تاشە بەردی چیاکانی دۆڤرەفییەل!

**کونسووڵ بێرنیک:** کەس لەقسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە؛ کەس لەبەڵێنی خۆی ناگەڕێتەوە، ئەگەرچی بەرەوڕووی هەر جۆرە بەرهەڵستییکردنێک ببینەوە.

**بازرگان ڕوومێل:** بێرنیک، ئێمە ڕاوەستان و کەوتنمان پێکەوەیە!

**هیلمار تۆننەسێن:** (لە دەرگای باخچەکەوە هاتووەتە ژوورەوە).

داکەوتن؟ بەیارمەتی، ئەوە ئێستگەی هێڵی شەمەندەفەرەکە نییە کە دادەکەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** نەخێر بە پێچەوانەوە؛ ئەو کارە، جێبەجێ دەکرێ.

**بازرگان روومێل:** بەهەڵم، تۆننەسێنی بەڕێز.

**هیلمار تۆننەسێن:** (نزیکتر). بەڕاست؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** چۆن چۆنی؟

**بێتی:** (لە ناو دەرگای باخچەکەوە). بەڵام کەشتنی ئازیز، بە ڕاستی ئەمە چییە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆ، بێتیی ئازیز، ئەمە ئێستا چەند مایەی سەرنج ڕاکێشانتە؟ (ڕوودەکاتە بازرگانەکان) ئیتر پێویستە ئێمە لیستەکانمان تەواوکەین، هەرچی زووتر باشتر. شتێکی ئاساییە سەرەتا ئێمە هەرچوارمان نەخشەی خۆمان بکێشین. ئەو ئیشەی ئێمە لە کۆمەڵگادا جێبەجێی دەکەین، ئەو ئەرکەمان دەخاتەسەرشان کە هەتا ئەوجێگەیەی بۆمان بلوێ خۆمان کێش کەین.

**بازرگان ساندستاد:** شتێکی ئاشکرایە، جەنابی کونسووڵ.

**بازرگان روومێل:** ئەمە هەردەبێ ببێ، بێرنیک؛ سوێندی لەسەر خورا.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئا بەڵێ، من بەهیچ شێوەیەک لە ئەنجامەکەی ناترسم. ئێمە دەبێ کارێگەریمان هەبێ. هەریەکەمان لەنێو بازنەی ئاشناو ناسیاوانی خۆیدا؛ سەرەتا دەتوانین ئاماژە بە بەشداربوونی ڕاست و زیندووی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بکەین، ئەوسا خۆ بە خۆ شارەوانییش بەدوایدا دەبێ، باربۆی خۆی بدا.



**بێتی:** بەڵام کەشتن، سەرئەنجام دەبێ بێیتە دەرەوەو پێمان بڵێی –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئای، بێتیی ئازیز، ئەمە شتێکە کە ئافرەتان سەری لێدەرناکەن.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڕاستی هێشتا تۆ دەتەوێ مەسەلەی ئێستگەی هێڵی شەمەندەفەرەکە بگریتە ئەستۆی خۆت؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بێگومان.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵام ساڵی پار جەنابی کونسووڵ –؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ساڵی پار ئەوە مەسەلەیەکی تر بوو. ئەوسا مشتومڕ لەبارەی هێڵێکی سکەی ڕۆخ دەریاوە بوو–

**بازرگان ڤیگەلاند:** – کەتارادەیەک دەبووە شتێکی زیادە، جەنابی مامۆستا؛ چونکە ئێمە پاپۆڕە هەڵمییەکەمان هەیە –

**بازرگان ساندستاد:** وە زۆر خەیاڵی گران دەکەوتەوە

**بازرگان روومێل:** – بەڵێ، وە ڕاستەوخۆ زەرەری دەگەیاند بە بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی ناو شارەکە.

**کونسووڵ بێرنیک:** مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەبوو کە ئەوە بەهیچ شێوەیەک بە قازانجی کۆمەڵگا گەورەکەمان نەبوو. بۆیە من دژی وەستامەوە، پاشان بڕیاری کردنەوەی هێلێکی ناوخۆی شەمەندەفەڕ درا.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، بەڵام خۆ ئەمە کارناکاتە سەر شارەکانی دەوروبەری ئێرە.

**کونسووڵ بێرنیک:** هیلماری ئازیز، ئەوە کاردەکاتە سەر شارەکەمان؛ چونکە ئێستا هێڵێکی سکەی لاوەکی لێرە دەکەینەوە.

**هیلمار تۆننەسێن:** ئەها؛ داهێنانێکی تازە.

**بازرگان روومێل:** بەڵێ، ئایا ئەمە داهێنانێکی گەورە نییە؟ ها؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هم –

**بازرگان ڤیگەلاند:** ناتوانرێ ئەوە ڕەت بکرێتەوە کە چارەنووس ناوچەکەی وەها ڕەخساندووە، کە بۆ هێڵێکی سکەی لاوەکی دەست بدا.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڕاستانە، جەنابی ڤیگەلاند؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، دەبێ دانبەوەدابنێم کە وەک سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی، منیش هەر وای دەبینم. کە لە بەهاردا بە نیازی بازرگانی سەفەرێکم کرد بەرەو باکوور، بەڕێکەوت بە دۆڵێکدا تێ پەڕیم کە پێشتر قەت نەمدیبوو، لەپڕ بە بیرمدا هات، کە ئێمە پێویستە لێرە بتوانین هێڵێکی شەمەندەفەری لاوەکی بۆ خۆمان دامەزرێنین. من ئەندازیارێکم نارد بۆ کەشفی ناوچەکە؛ حاڵی حازر بە گوێرەی مەزەنە و حیسابکردنم؛ هیچ بەربەستێک لە ڕێگادا نییە.

**بێتی:** (هەتا ئێستا وەک ئافرەتەکانی تر، لە ناو دەرگای سەر باخچەکەدایە) بەڵام کەشتنی ئازیز، تۆ ئەمە هەموویت لە ئێمە شاردبووەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆ بێتییە باشەکەم، ئێوە ئەوسا نەتاندەتوانی لە ڕاستیی مەسەلەکە تێبگەن. لەگەڵ ئەوەشدا من هەتا ئەمڕۆ ئەمەم بە هیچ مرۆڤێکی زیندوو نەگوتووە. بەڵام ئێستا ئیتر وەختی بڕیاردان هاتووە؛ ئێستا ئا لێرەدا بڕیارەکە دەخرێتە گەڕ، بێ پێچ و پەنا بە هەموو توانایەکەوە. بەڵێ، ئەگەر ئەم



مەسەلەیە بخوازێ تەواوی ژیانم بخەمە پێناویەوە ئەوا من ئامادەم بیخەمەگەڕ و بیگەیەنمەجێ.

**بازرگان روومێل:** ئێمە لەگەڵتاین، بێرنیک؛ لەوە دڵنیابە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڕاستانە بەڕێزان، ئێوە لەم پڕۆژەیەدا هێندە بە تەمای قازانجن؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، من لەوبڕاوەڕەدام. ئەوە بۆ تەواوی کۆمەڵگاکەمان چ ئامرازێکی یارمەتیدەر نابێ؟ تەنیا بیر لەو ناوچە زۆرە گەورە و پڕ دارستانانە بکەرەوە کە دەکەونە بەردەست؛ بیر لەو هەموو ناوچە بەکانزا ناو ئاخناوە دەوڵەمەندانە بکەرەوە کە دەتوانرێ بەکار بهێنرێن؛ بیر بکەرەوە لە تاڤگەی ئەو ڕووبارەی لەسەرەوە دەڕژێتە ناو تاڤگە یەکبەدوای یەکیا هاتووەکانی تر! چ کارگەیەک ئا لەوێدا ناتوانرێ بخرێتەگەڕ؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئەی لەوە ناترسن کە پەیوەندییەکی نائاسایی لەگەڵ دنیای فاسیدی دەرەوەدا–؟

**کونسووڵ بێرنیک:** نەخێر، تەواو بێ خەم بن، جەنابی مامۆستا. ئەم شوێنە بچکۆلەیەی ئێمە، شکور بۆ خوا هەتا ئەمڕۆ لەسەر زەوییەکی تەندروستی ئاکارخوازانە وەستاوە؛ کە هەر هەموومان پێکەوە هاوکاریمان کردووە بۆ دەرهێنانی تەڕوتووشیی ئەوزەوییە، ئەگەر بوێرم بڵێم؛ ئێمە هەتا ئێستاش هەر خەریکین، هەرکەسە بەگوێرە خۆی. ئێوە، جەنابی مامۆستا، لە چالاکیی پڕ دلۆڤانیتان لە ناو قوتابخانەوماڵەوەدا بەردەوامن. ئێمە، پیاوانی کردەیی کارگەر، بەزەحمەتکێشان لە

چوارچێوەی بازنەیەکی شیاودا، بە بڵاوکردنەوەی خۆشگوزەرانی، یارمەتی کۆمەڵگا دەدەین ؛ ئافرەتانیشمان، بەڵێ، وەرنە پێشەوە، خانمەکانم؛ پێویستە ئێوە گوێتان لەمەبێ ؛ من دەڵێم ژنانمان، کەیبانووەکانمان و کچەکانمان، بەڵێ، ئێوە بێ وەڕزبوون لەخزمەتی کاری چاکەکردندان، خانمەکانم، پاشان بۆ نزیکەکانتان یارمەتیدەر و مایەیی بەختیارین. ئاوها وەکو ئازیزەکانی من بێتی و مارتا کە چۆنن بۆ من و ئۆلاف – (چاودەگێرێ بە دەوری خۆیدا) بەڵێ، ئەرێ ئەمڕۆ ئۆلاف لە کوێیە؟

**بێتی:** ئۆ، ئێستا لەم کاتی پشووی سەری ساڵەدا ناکرێ لە ماڵەوەی توندکەی.

**کونسووڵ بێرنیک:** کەواتە دیسان هیچ شکی تێدانییە و لە خوارەوەیە لە قەراغ ئاوەکە! وازناهێنێ هەتا کارەساتێک نەقەومێ، دەشیبینی.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەه – گەمەیەکی بچکۆلە لەگەڵ کارەساتەکانی سروشتدا –

**ڕوومێل خانم:** جەنابی بێرنیک، چەند جوانە کە ئێوە ئەمەندە هۆشتان بەلای خێزانەوەیە.

**کونسووڵ بێرنیک:** خێزان، بێ شک ناوکی کۆمەڵگایە. ماڵێکی چاک، هاوڕێیانی بەڕێزودڵسۆز، بازنەیەکی بچکۆلەی چڕ بە تەنیشت یەکترییەوە ڕاوەستاو، کەهیچ توخمێکی وەڕسکەر سێبەری خۆی نەخزێنێتە ناو – (پارێزەر کراپ لەلای ڕاستەوە، بەکۆمەڵێ نامەوڕۆژنامەوە دێتە ژوورەوە)



**پارێزەرکراپ:** پۆستی دەرەوەی وڵات، جەنابی کونسووڵ؛ تەلەگرافێکش لە نیۆرکەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (وەریدەگرێ) ئەها، لەکۆمپانیایی کەشتی ئاژۆیی " کچی هیندیی سوور" ە وەیە.

**بازرگان ڕوومێل:** پۆستەکە هاتووە؟ بەڵێ، کەواتە من دەبێ بڕۆم.

**بازرگان ڤیگەلاند:** بەڵێ، منیش هەمان شت.

**بازرگان ساندستاد:** خواحافیز، کونسووڵی بەڕێز.

**کونسووڵ بێرنیک:** خواحافیز، خواتان لەگەڵ بەڕێزانم. هەروەها لەبیرتان بێ، کە ئێمە پاش نیوەڕۆ کاتژمێری پێنچ کۆبونەوەمان هەیە.

**هەرسێکیان پێکەوە:** بەڵێ، بەڵێ؛ لە بیرمان ناچێ.(لەلای ڕاستەوە دەچنە دەرەوە).

**کونسووڵ بێرنیک:** (کەلەخوێندنەوەی تەلەگرافەکە دەبێتەوە) نەخێر، بەڕاستی ئائەمە تابلێی ئەمریکییانەیە! تەواو شتێکی ناشرینە.

**بێتی:** خوایەگیان، کەشتێ ئەوە چییە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** سەیرکە؛ کراپی بەڕێز؛ بیخوینەرەوە!

**پارێزەرکراپ:** (دەیخوینێتەوە) " بەکەمترین چاکردنەوەی مومکین هەستن؛ بەزووترین کات ‹ کچی هیندی سوور› بنێرنەوە هەر ئەوەندەی بتوانێ سەرئاوکەوێ؛ وەرز خۆشە؛ لەکاتی تەنگانەشدا ئەوا بارەکە دەبێتە هۆی نقووم نەبوونی." هەردەبێ بڵێم، سەیرە–

**کونسووڵ بێرنیک:** بارەکەی دەبێتە هۆی نقووم نەبوونی! ئەوبەڕێزانە چاک دەزانن ئەگەر بەلەمەکە بەوبارەوە بەر هەر بەربەستێک

بکەوێ وەک تاشە بەرد نقووم دەبێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵێ، لێرەدا مرۆڤ دەتوانێ ببینێ کە وەزعی ئەو کۆمەڵگا گەورە پیاهەڵگوتراوانە چۆن چۆنییە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێوە ڕاست دەکەن؛ تەنانەت هیچ حیسابێک بۆ ژیانی ئینسان ناکرێ، کاتێک کایەیی سوودوبەرژەوەندی دێتە گۆڕێ. (ڕوودەکاتە کراپ.) ‹ کچی هیندیی سوور› دەتوانێ لەم چوارپێنج ڕۆژەدا بچێتەوە ناو دەریا؟

**پارێزەرکراپ:** بەڵێ، ئەگەر بازرگان ڤیگەلاند قبووڵ بکا ئێمە ئیشەکەی ‹ لقە دارخورما› هەتا ئەوکاتە ڕاگرین.

**کونسووڵ بێرنیک:** هم، قبووڵی ناکا. فەرموون بڕۆن سەیری پۆستەکەبکەن. گوێ بگرە، لە بەندەرەکەی خوارەوە ئۆلافتان نەبینی؟

**پارێزەرکراپ:** نەخێر، جەنابی کونسووڵ. (دەڕواتە ناو ژوورەکەی پێشەوەی لای دەستی چەپ)

**کونسووڵ بێرنیک:** (دووبارە سەیری تەلەگرافەکان دەکاتەوە) ئەو بەڕێزانە یاری بە ژیانی هەژدە مرۆڤ دەکەن، بێ ئەوەی بیریان لێ بکەنەوە –

**هیلمار تۆننەسێن:** ئیتر، ئەوە ئیشی دەریاوانە بەرەنگاری توخمەکان ببێتەوە؛ لەوێشدا لەگەڵ پارچە تەختەیەکی باریک لەنێوان خود و خەرەنگێکی هەزاربەهەزاردا، دەبێ شتێکی دەماربزوێنەرانە بێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئا، من دەمەوێ خاوەن کەشتییەکی لای خۆمان ببینم کە بکرێ ڕازی بێ بەشتێکی ئاوها! یەکێک نییە، تاقە



کەسێک چییە نییە – (سەیری ئۆلاف دەکا) بەڕاست، بەڵام شکور بۆخوا، کە خۆی ساخ و سەلامەتە.

(ئۆلاف، پەتێکی ماسیگرتنی بەدەستەوەیە و لەوبەری شەقامەکەوە لە دەرگای باخچەکەوە بە ڕاکردن دێتە ژوورەوە)

**ئۆلاف:** (هێشتا لە باخچەکەدایە) مامە هیلمار، لە بەندەرەکەی خوارەوە بووم و سەیری کەشتییە هەڵمییەکەم دەکرد.

**کونسووڵ بێرنیک:** دیسانەوە چووبویتەوە بۆ بەندەرەکە؟

**ئۆلاف:** نەخێر، لە بەلەمێکدا بووم. بەڵام مامە هیلمار، بیهێنە پێش چاوت، لەپاپۆڕەکە کۆمەڵێک سوارچاک دابەزین بە ئەسپ و ئاژەڵی تریشەوە؛ ژمارەیەکی هێجگار زۆر نەفەریشی تێدابوو.

**ڕوومێل خانم:** نا، بەڕاستی ئێمە سوارچاکان دەبینین!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئێمە؟ من چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد.

**ڕوومێل خانم:** نەخێر، بێگومان ئێمە نا، بەڵام –

**دینا:** من بەخۆشحاڵییەوە حەزدەکەم سوار چاکان ببینم.

**ئۆلاف:** بەڵێ، منیش.

**هیلمار تۆننەسێن:** تۆ گەوجی. ئەوە شتێکە سەیربکرێ؟ مەشق بە ئاژەڵکردن. نەخێر، بەڵام ئەوە شتێکی ترە ببینی، گاوانێکی کاوبۆیی بەسواریی ئەسپە هەناسەپێکەوتووە ڕەسەنەکەی خۆیەوە لە دەشتە پڕ گیاکانی باشووری ئەمریکادا خەریکی ڕاوکردنە. بەڵام خوا ڕەحم کا، لێرە لەم شوێنە بچووکانەدا –

**ئۆلاف:** (مارتا ڕادەکێشێ) پورە مارتا، سەیرکە، سەیرکە ئەوا هاتن!

**هۆڵت خانم:** بەڵێ، بەخوا، ئەوە هاتن.

**لینگە خانم:** ئۆف، ئەو مرۆڤە خراپانە!

(ژمارەیەکی زۆر موسافیر و هۆردوویەک لە خەڵکی شارەکە بە شەقامەکدا بەرەو ژووردەبنەوە)

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، خەڵکیش هەیە هەر بەڕاستی خۆی بکا بە گاڵتە چی. هۆڵت خانم، سەیری ئەو ئافرەتەی کراسە خۆڵە مێشییەکەی لەبەردایە؛ ئەوەی جانتا توورەکەییەکەی بەکۆڵەوەیە.

**هۆڵت خانم:** بەڵێ، تەماشا، جانتاتوورەکەییەکەی بەسەری چەترەکەی هەڵگرتووە! بێگومان ئەوە ژنی سەرۆکی کارگێڕانیشە.

**ڕوومێل خانم:** ئەوەش خودی سەرۆکی کارگێڕانە؛ ئەوەی ڕیشەکەی هەیە. بەڕاستی هەر لەڕێگر دەچێ. سەیری مەکە، هیلدا!

**هۆڵت خانم:** نێتە، تۆش سەیری مەکە!

**ئۆلاف:** دایکە، سەرۆکی کارگێڕان سلاومان لێ دەکا.

**کونسووڵ بێرنیک:** چی؟ چی؟

**بێتی:** ئەوە دەڵێی چی، ڕۆڵە؟

**ڕوومێل خانم:** بەڵێ، بە خوا، ئەوە ئافرەتەکەش سلاو دەکا!

**کونسووڵ بێرنیک:** نەخێر، تابڵێی ناشرینە!

**مارتا:** (لەخۆوە هاوارێکی لێ هەڵدەسێ) ئاه -!

**بێتی:** مارتا، ئەوە چییە؟

**مارتا:** نا، هیچ نەبوو؛ تەنیا -

**ئۆلاف:** (لەخۆشییاندا هاواردەکا) سەیرکەن، سەیری ئەوانی ترکەن کە لەگەڵ ئەسپ و ئاژەڵەکاندا هاتن! ئەوەش ئەمریکییەکانن! هەموو دەریاوانەکانی سەر ‹ کچی هیندیی سوور› ن -



(گۆرانیی " Yankee Doodle" بە وێڕای دەنگی کلارنێت و تەپڵ و دەهۆڵ دێتە گوێ.)

**هیلمار تۆننەسێن:** (گوێیەکانی خۆی دەگرێ) ئاخ، ئاخ، ئاخ!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** خانمەکانم، پێم وایە دەبێ کەمێک خۆمان جیابکەینەوە؛ ئەمە بۆ ئێمە نابێ. بابڕۆین دووبارە بەلای کاری خۆمانەوە.

**بێتی:** پەردەکان دادەینەوە؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵی، مەبەستی منیش هەر ئەوە بوو.

(ژنەکان لە جێگەکانی خۆیان لە دەوری مێزەکە دادەنیشنەوە؛ مامۆستا دەرگای سەر باخچەکە دادەخاو پەردەی سەردەرگاکە و پەنجەرەکان دادەداتەوە؛ ساڵۆنی دانیشتنەکە نیوە تاریک دەبێ.)

**ئۆلاف:** (بەدزێوە سەیری دەرەوە دەکا) دایکە، ژنەکەی سەرۆکی کارگێڕان ئێستا لەلای بەلووعەی ئاوەکەوە وەستاوە و دەم وچاوی دەشوا.

**بێتی:** چی؟ لە ناوەڕاستی بازاڕەکەدا!

**ڕوومێل خانم:** بە ڕۆژی نیوەڕۆ!

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڕاستی، ئەگەر منیش بە سەفەر لە بیابانێکدا بوومایە و لەپڕ چاوم بە حەوزێکی ئاو بکەوتایە، ئیتر بیرم لەوە نەدەکردەوە کە - ئاخ، لەو کلارنێتە ناخۆشە!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڕاستی حەقە داوا لەپۆلیس بکرێ بێن و ئیشی خۆیان جێبەجێ بکەن.

**کونسووڵ بێرنیک:** ها چی؛ لەگەڵ بێگانەدا مرۆڤ نابێ سەختگیربێ؛ ئەو خەڵکە ئەوەهستە شیاوە بنجداکوتاوەیان نییە کە ئێمە کۆدەکاتەوە لە سنوورێکی ڕاستدا. وازیان لێ بێنن با بەئارەزووی خۆیان بکەن. ئەوە کاری بەسەر ئێمەوە چییە؟ ئەم هەموو بەد ڕەفتارییەی کە دژ بە داو و نەریتە باشەکان دەوەستنەوە، خۆشبەختانە خزمایەتییان لەگەڵ کۆمەڵگاکەی ئێمەدا نییە؛ ئەگەر من ئیتر بوێرم بڵێم — ئەوە چییە؟

(ئافرەتێکی بێگانە بەخێرایی لەدەرگای لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**خانمەکان:** (تۆقیون، بەڵام لەسەرخۆن) خانمە سوارچاکەکە! خانمەکەی سەرۆکی کارگێڕان!

**بێتی:** خوایە، ئەمە مانای چی!

**مارتا:** (بەخێرای هەلدەسێتە سەرپێ) ئاه -!

**خانمەکە:** ڕۆژباش، بێتیی ئازیز! ڕۆژباش، مارتا! ڕۆژباش، زاوا!

**بێتی:** (بەزریکەیەکەوە) لوونا!

**کونسووڵ بێرنیک:** (هەنگاوێک دەچێتە دواوە) ڕاستە یا خەو!

**هۆڵت خانم:** خوا بۆ خۆی ڕەحم کا!

**ڕوومێل خانم:** نابێ!

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڕاست! ئاخ!

**بێتی:** لوونا! ئایا بەڕاستی ئەوە -!

**لوونا:** چی کە ئەوە منم؟ بەڵێ، هەروەها ڕوحی زیندووشم؛ هەر لەبەرخاتری ئەوەی ئێوە باشتر بزانن کە منم دەتوانن دەست کەنە ملم.



**هیلمار تۆننەسێن:** ئاخ؛ ئاخ!

**بێتی:** تۆ ئێستا هاتووی بۆ ئێرە وەک -؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڕاستی دەتەوێ دەوربببینی؟

**لوونا:** دەوربینین؟ چۆن چۆنی دەوربینین؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، من مەبەستم ئەوەیە - لەگەڵ سوارچاکەکاندا-

**لوونا:** هاهاها! ئەوە تۆ شێتی، زاوا؟ وادەزانی من سەر بە سوارچاکانم؟ نەخێر؛ لەڕاستیدا من لەسەر زۆر چەشنە هونەر مەشقم کردووە و بە زۆر شێوە خۆم کردووە گاڵتە جاڕ -

**ڕوومێل خانم:** هم -

**لوونا:** بەڵام هەرگیز هونەری گەمەی سەرپشتی ئەسپم نەکردووە.

**کونسووڵ بێرنیک:** کەواتە ئیتر نا -

**بێتی:** ئاه، سوپاس بۆ خوا!

**لوونا:** نەخێر، هەڵبەتە ئێمەش وەک خەڵکانی تری ڕێکوپێک هاتووین، - لەڕاستیدا بە بلیتی نمرە دوو، بەڵام ئێمە لەسەر ئەوە ڕاهاتووین.

**بێتی:** دەڵێی، ئێمە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** (هەنگاوێک دێتە پێشەوە) کام ئێمە؟

**لوونا:** بێگومان، من و منداڵەکە.

**خانمەکان:** (بەیەک دەنگ) منداڵەکە!

**هیلمار تۆننەسێن:** چی!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئەوها، کەواتە!

**بێتی:** بەڵام لوونا، مەبەستت چییە؟

**لوونا:** بێگومان مەبەستم جۆنە؛ من جگە لە جۆن هیچ منداڵی ترم نییە، دەزانم، یان یۆهان وەک ئێوە بانگتان دەکرد.

**بێتی:** یۆهان –!

**ڕوومێل خانم:** (بەهێواشی بە لینگە خانم دەڵێ) ئەوە برا نارەسەنەکەیەتی!

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەترسەوە) یۆهانیشت لەگەڵدایە؟

**لوونا:** بەڵێ، ئەی چۆن؛ من بەبێ ئەو سەفەر ناکەم. بەڵام ئێوە زۆر دڵتەنگ دیارن. لێرە لەم نیمچە تاریکییەدا دانیشتوون و شتێکی سپی دەدوورن. خۆ کەس لەخێزانەکە نەمردووە؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** خانمەکەم، ئێوە لە شوێنێکدان لێرە کەسەندیکایەکە بۆ ئەوانەی ڕەوشت خراپن –

**لوونا:**(کەمێک بە هێواشی) فەرمووتان چی؟ گوایە دەبێ ئەم ئافرەتە ڕێکوپێک و جوانانە –؟

**ڕوومێل خانم:** نە، ئەوە دەڵێ چی!

**لوونا:** ئا، تێ گەیشتم، تێ گەیشتم! ئەی نەفرەت لە شەیتان، خۆ ئەوە ڕوومێل خانمە! ئەوەش هۆڵت خانمە لەوێدا دانیشتووە! ئیتر، لەوساوە تا ئێستا ئێمە هەرسێکمان گەنجتر نەبووینەتەوە. بەڵام ئەی خەڵکانی باش، ئێستا گوێ بگرن؛ لێ گەڕێن ئەو ڕەوشت خراپانە با ڕۆژێک چاوەڕێ بن؛ خۆ بەڕۆژێک خراپتر نابن، زیاتر لەوەی کەهەن. ساتێکی شادهێنەر وەک ئەم ساتە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** گەڕانەوە بۆ وڵات هەموو جارێ ساتێکی شادهێنەر نییە.



**لوونا:** ئاوها؟ جەنابی قەشە ئێوە چۆن چۆنی، ئینجیلەکەتان دەخوێننەوە؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** من قەشە نیم.

**لوونا:** بێ شک ڕۆژێک دەبنە قەشە. بەڵام وەی، وەی، وەی – ئەم قوماشە کەتانە ئەخلاقییە بۆگەنی چەند ناخۆشە، تەواو وەک کفنی مردووی بۆگەنکردوو. دەبێ بڵێم، کە من هۆگری هەوای مێرگوزارەکانم.

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەناوچەوانگرژکردنەوە) بەڵێ، بەڕاستی شتێکی قێزهێنەرەوە لەم شوێنەدا هەیە.

**لوونا:** بوەستە، بوەستە؛ ئێمە پێویستە لەم گۆڕە بێینە دەرەوە. (پەردەکان لادەدا) ئێرە دەبێ پڕبێ لە ڕووناکیی خۆر، کاتێک کوڕەکە دێ. بەڵێ، ئێوە کوڕێکی پاک و کەشخە دەبینن –

**هیلمار تۆننەسێن:** ئاخ!

**لوونا:** (دەرگاو پەنجەرەکان دەکاتەوە) بەڵێ، واتە، پاش ئەوەی کە لە ئوتێلەکە – خۆی شت؛ چونکە لەپاپۆڕەکەدا زۆر پیس بوو.

**هیلمار تۆننەسێن:** ئاخ، ئاخ!

لوونا. ئاخ؟ بەڵێ، بەڕاستی ئەوە ئاخی ناوێ! (دەست بۆ هیلمار ڕادەکێشێ بەوانی تر دەڵێ) ئەمە هێشتا هەر لێرەیەو خەریکی ئەوەیە بڵێ ئاخ؟

**هیلمار تۆننەسێن:** من خەریکی هیچ نیم؛ لەبەر خاتری نەخۆشییەکەم لێرەم.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هەم، خانمەکانم، پێم وانییە –

**لوونا:** (چاوی بەئۆلاف دەکەوێ) بێتی، ئەوە هی تۆیە؟ – دەستم بەرێ، کوڕەکە! یا لەوانەیە تۆ لەم پورە ناشرینەت بترسی؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** (لەوکاتەدا کە کتێبەکەی دەخاتە بندەستی) خانمەکانم پێم وانییە کە ئەمڕۆ ئێرە لەباربێ بۆ بەردەوام بوون لەسەر کارەکەمان. بەڵام خۆ ئێمە دووبارە سبەینێ پێکەوە دێینەوە بۆ ئێرە؟

**لوونا:** (لەوکاتەدا کە ئافرەتە بێگانەکان هەڵدەستن بۆ خواحافیزی کردن) بەڵێ، دێینەوە، من لە کاتی خۆیدا ئامادە دەبم.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئێوە؟ بەیارمەتی، خاتوون، ئێوە دەتانەوێ چی بکەن لە ڕێکخراوەکەماندا؟

**لوونا:** من دەمەوێ هەوا بگۆڕم، جەنابی قەشە.



## بەشی دووەم

هۆڵی سەرباخچەکەی ماڵی کونسووڵ بێرنیک

(بێتی بەتەنیا لەسەر مێزی ئیشکردنەکە دانیشتووە و خەریکی جلدوورینە. پاش کەمێک کونسووڵ بێرنیک شەپقەیەکی لەسەردایە و دەستکێش و گۆچانەکەی بەدەستەوەیەو لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە) .

**بێتی:** کەشتن، هەر وا زوو هاتیتەوە ماڵێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ. یەکێک هەیە داوامکردوە بێ، چاوم پێی بکەوێ.

**بێتی:** (بەهەناسە هەڵکێشانەوە) بەڵێ، وابزانم دیسان، یۆهان دێ بۆ ئێرە.

**کونسووڵ بێرنیک:** دەڵێم، لەگەڵ پیاوێکدا. (شەپقەکەی دادەگرێ و دای دەنێ) کوان ئەمڕۆ ئافرەتەکان لەکوێن؟

**بێتی:** ڕوومێل خانم و هیلدا کاتیان نەبوو.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئاوها. جوابیان نارد کە نایەن؟

**بێتی:** بەڵێ، لەماڵەوە ئیشیان زۆر هەبوو بیکەن.

**کونسووڵ بێرنیک:** شتێکی ئاشکرایە. بێگومان ئەوانی تریش نایەن؟

**بێتی:** نەخێر، ئەمڕۆ ئەوانیش ناتوانن بێت.

**کونسووڵ بێرنیک:** دەبووایە هەر لەپێشەوە ئەوەم بوتایە. کوا ئۆلاف لەکوێیە؟

**بێتی:** ئیزنم دا تۆزێ لەگەڵ دینا بچێتە دەرێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** هم؛ دینا، ئەو کێوییە بەرەلایە– کە دوێنێ خێرا توانیی ئاوها خەریکی یۆهان بێ –!

**بێتی:** بەلام، کەشتنی ئازیز، دینا هیچ نازانێ –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئاوها، بەلام بەهەرحاڵ یۆهان دەبووایە ئەو هەستەی هەبووایە و هیچ گرنگیی پێ نەدایە. من چاک ئەو چاوانەم بینی کە بازرگان ڤیگەلاند زەقیکردنەوە.

**بێتی:** (قوماشەکەی کە خەریکی دروونیەتی لە باوەشیدایە) کەشتن، تۆ سەرلەوە دەردەکەی ئەوانە لێرە چییان دەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** هم؛ یۆهان کێڵگەیەکی لەوێ هەیە کە زۆر باش بەڕێوە ناچێ؛ دوێنێش لوونا باسی کرد کە بەبلیتی نمرە دوو هاتوون.

**بێتی:** بەڵێ، بەداخەوە، هەردەبێ شتێکی وابێ. بەلام هاتنەوەی لوونا لەگەڵ ئەو! لوونا! پاش ئەو هەستبریندارکردنە دڵڕەقانەی کە ئەو بەرامبەر بەتۆ کردی!

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێ، بیر لەو بەسەرهاتە کۆنانە مەکەرەوە.

**بێتی:** چۆن دەتوانم ئالەم کاتەدا بیر لە شتێکی تر بکەمەوە؟ ئێ ئەویش برامە؛ – بەڵێ، ئەوە لەبەر خاتری ئەو نییە؛ بەلام ئەو هەموو نارەحەتییەی کە ئازارت پێ دەگەیەنێ –. کەشتن، من زۆر خراپ لەوە دەترسم کە –



**کونسووڵ بێرنیک:** لەچی دەترسیت؟

**بێتی:** کەس ناتوانێ لەبەر پارە دیارنەماوەکانی دایکت ئەو بەگرت بدا؟

**کونسووڵ بێرنیک:** حای، تۆ دەڵێی چی! کێ دەتوانێ ئیسپاتی بکا کە پارە دیار نەماوە؟

**بێتی:** ئەی هاوار، خوایەگیان، خۆ هەموو شارەکە دەزانن، بەداخەوە؛ ئێ تۆ خۆ خۆت وات وت –

**کونسووڵ بێرنیک:** من هیچم نەوتووە. شارەکەش هیچ لەو مەسەلەیە ئاگادارنین؛ هەمووی پڕوپاگەندە بوو.

**بێتی:** ئای، کەشتن، تۆ چەند نەجیبزادەی!

**کونسووڵ بێرنیک:** دەڵێم، واز لەو یادەوەرییانە بێنە! تۆ نازانی چەند ئازارم دەدەی، بەوەی ئەم شتانە هەمووی بێنیتەوە بیرم.

(بەپیاسە کەمێک هاتوچۆدەکا؛ پاشان گۆچانەکەی لەشوێنێکدا دادەنێ) ئەوانیش دەبووایە هەر لەم کاتەدا بگەڕانایەتەوە –

ئێستا، کە من پێویستم بەجەوێکی هاوسەنگی باش هەیە، هەم لە شارەکەداو هەم لەدەستگاکانی ڕاگەیاندندا. بەم شێوەیە هەواڵ بۆ ڕۆژنامەکانی شارەکانی دراوسێ دەنووسرێ. ئەگەر بەباشی یان بەخراپی بەرەو ڕوویان ببمەوە، ئەوا مشتومڕ دروست دەبێ و لێک دەدرێتەوە. ئینجا ئەوسا کای کۆن بەبا دەکرێ،– هەروەک تۆ کردت. لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئەمەی ئێمەدا ،(دەستکێشەکانی هەڵدەداتە سەر مێزەکە) لێرە کەسێکم نییە کە بتوانم قسەی لەگەڵدابکەم و داوای یارمەتیی لێ بکەم.

**بێتی:** هیچ کەسێک، کەشتن؟

**کونسووڵ بێرنیک:** نەخێر، ئەو کەسە دەبێ کێ بێ؟ – وەرە لەم کاتەدا تووشت ببێ بە تووشی ئەمانەوە! گومانی تێدانییە کە ئەمانە بە هەرشێوەیەک بێ بەزمێک دەنێنەوە، بەتایبەتی لوونا. ئاخر بوونی کەسێکی وا لە ناو خێزانی خۆتدا کارەسات نییە!

**بێتی:** بەڵێ، من هیچم پێ ناکرێ لەبەرئەوەی کە –

**کونسووڵ بێرنیک:** لەبەرچی هیچت پێ ناکرێت؟ لەبەر ئەوەی کە خوشک وبراتن؟ نەخێر، ئەمە قسەیەکی زۆر ڕاستە.

**بێتی:** ئێ خۆ من داوام لەوان نەکردووە کە بگەڕێنەوە بۆ ئێرە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئینجا سەیرکە؛ ئەوە دەستمان پێ کردەوە! من داوام لێ نەکردوون کە بگەڕێنەوە بۆ ئێرە؛ من نامەم بۆ نەناردوون؛ من بەقژڕاکێشان نەم هانیونەتەوە بۆ ئێرە! ئۆه، من ئەو درێژدادڕییەم هەمووی لەبەرە.

**بێتی:** (دەست دەکا بەگریان) چەند دڵڕەق و بێ بەزەییت –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ ڕاستە؛ بگری، هەتا شارەکە ئەمەشیان بەدەم بگاتەوەو بکەونە قسە هێنانوبردن. واز لەو ڕەفتارە گەوجانەیە بێنە، بێتی. بڕۆ لەدەرەوە دانیشە، نەوەکو یەکێک بێ. لەوانەیە خەڵک بیانەوێ خانم بەچاوی سوورهەڵگەڕاوەوە ببینن؟ بەڵێ، ئەوسا خۆش دەبێ لە ناو خەڵکدا بڵاوبێتەوە کە – ها، ئەوە گوێم لەکەسێکە لە ڕاڕەوەکەدا!(لەدەرگا دەدرێ) وەرە ژوورەوە!

(بێتی درووماەنەکەی لەگەڵ خۆی دەبا و دەچێتە دەرەوە بۆسەر پلیکانەی باخچەکە)





(ئەونای بەلەمساز لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**ئەونای بەلەمساز:** ڕۆژباش، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ڕۆژباش، ئێوە باش دەزانن بۆ ناردوومە بە دواتاندا؟

**ئەونای بەلەمساز:** دوێنێ پارێزەرکراپ وتی کونسووڵ ناڕازییە لە –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەونا، من لە تەواوی کارەکانی ورشەی بەلەمسازی ناڕازیم. بەلەمەشکاوەکان هەرواماونەتەوە. دەبووایە زۆر لەزووەوە < لقەدارخورما> بکەوتایەتەوە گەڕ. ڤیگەلاندی بازرگان هەموو ڕۆژێک دێتە ئیرەو بێزاری کردووم؛ شەریکێکە مایەی سەر ئێشە

**ئەونای بەلەمساز:** دووسبەی< لقە دارخورما> بە تەواوی دەخرێتەوە گەڕ.

**کونسووڵ بێرنیک:** سەرئەنجام، ئەی < کچی هیندیی سوور> ی ئەمریکی. کە پێنج هەفتەیە لێرە کەوتووەو –

**ئەونای بەلەمساز:** ئەمریکییەکە؟ من وا تێ گەیشتبووم کە ئێمە پێش هەموو شتێ تەواوی هێزی خۆمان بۆ بەلەمەکەی ئێوە تەرخان بکەین.

**کونسووڵ بێرنیک:** من ئەوەم بە هیچ شێوەیەک نەداوە بە گوێتاندا هەتا ئاوها تێ بگەن. دەبووایە لەگەڵ ئەمریکیکەشدا زۆر بە پەلە کاربکرایە؛ بەڵام نەکراوە.

**ئەونای بەلەمساز:** کەشتییەکە لەژێرەوە ڕزیوە، جەنابی کونسووڵ؛ هەتا زیاتر پینەی لێ دەین، خراپتر دەبێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** گرفتەکە لە ویوە دەست پێ ناکا. پاریزەرکراپ هەموو ڕاستییەکانی پێ وتووم. ئیوە نازانن لەگەڵ ئەو ئامێرە تازانەی کە من هێناومن کاربکەن، یان ڕاستتر، ناتانەوێ کاریان پێ بکەن.

**ئەونای بەلەمساز:** جەنابی کونسووڵ، ئێستا من لە سەروو پەنجا ساڵەوەم؛ هەر لە تەمەنی گەنجێتیمەوە من لەسەر ئەو شێوە کارکردنە کۆنە ڕاهاتووم –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێستا ئێمە ناتوانین ئەو جۆرەکارکردنە بۆ ئەمڕۆ بەکاربهێنین. ئەونا، واتێ نەگەیت کە لەبەر خاتری سوودوقازانجە؛ من سوپاس بۆ خوا پێویستم بەوە نییە؛ بەڵام من دەبێ خاتری ئەو کۆمەڵگایە ڕەچاوکەم کە تیایدا دەژیم و ئەو بازرگانییەییی کە پێشەوایەتیی دەکەم. لە منەوە دەبێ هەنگا و بەرەو پێشکەوتن بنرێ، ئەگینا هەرگیز نانرێ.

**ئەونای بەلەمساز:** منیش پێشکەوتنخوازم، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بۆ گرووپە هاوحەزە سنووردارەکەتان، بۆ چینی کرێکاران، ئێ، من باش پڕوپاگەندەکانتان دەزانم؛ ئێوە وتار دەدەن؛ خەڵک هان دەدەن؛ بەڵام کاتێک کە پێشکەوتنێکی بەرچاو دیتە پێش، وەک ئێستا لەگەڵ ئامێرەکانماندا، ئەوسا ناتانەوێ لەگەڵ پێشکەوتندابن؛ دەترسن.

**ئەونای بەلەمساز:** بەڵێ، من بەڕاستی دەترسم، جەنابی کونسووڵ؛ من لەجێ ئەو خەڵکە زۆرە، دەترسم کە ئامێرەکان نان بڕاویان دەکەن. کونسووڵ زۆر جار باسی ئەوە دەکا کە خاتری کۆمەڵگا ڕەچاو بکرێ؛ بەڵام من واتێ دەگەم کە کۆمەڵگاش ئەرکی خۆی



لەسەرشانە. چۆن زانست و سەرمایە دەوێرن ئەو داهێنراوە تازانە بخەنە کارەوە، پێش ئەوەی کۆمەڵگا نەوەیەک فێربکا هەتا بتوانێ بەکاریان بهێن؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەونا، ئێوە زۆردەخوێننەوەو زۆریش بیردەکەنەوە؛ ئەوەش بۆ ئێوە باش نییە؛ هەر ئەوەشە کە واتان لێ دەکا لە کارەکەتان ناڕازی بن.

**ئەونای بەلەمساز:** وانییە، جەنابی کونسووڵ؛ بەڵام من تەحەممولی ئەوە ناکەم ببینم کرێکارە باشەکان یەک لە دوای یەک نان بڕاودەبن و دەستیان لەکارپێ دەکێشرێتەوە لەبەر خاتری ئەو ئامێرانە.

**کونسووڵ بێرنیک:** هم، ئەوکاتەی هونەری کتێب چاپکردن دۆزرایەوە، گەلێک لەوانەی کە کاریان دەسنووسی بوو نان بڕاوبوون.

**ئەونای بەلەمساز:** ئایا کونسووڵ خۆشحاڵ دەبوو بەو هونەرە، ئەگەر ئەوسا جەنابی کاری دەستنووس بکردایە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** من نەم ناردووە بە دواتاندا بۆ موجادەلەکردن. من بانگم کردوون تا پێتان بڵێم کە کەشتییە خراپ بووەکەمان < کچی هیندیی سوور> تەواوبکرێ و دووسبەی بۆ دەرچوون ئامادەبێ.

**ئەونای بەلەمساز:** بەڵام، جەنابی کونسووڵ –

**کونسووڵ بێرنیک:** بۆ دووسبەی، گوێتان لێ بوو؛ هەمان کات لەگەڵ کەشتییەکەی خۆماندا؛ نابێ سەعاتێک دوابکەوێ. من مەبەستی خۆمم هەیە لەگێڕانی ئەم کارەدا. ڕۆژنامەی ئەم بەیانییەتان خوێندووەتەوە؟ ئەگەر خوێندبێتانەوە، ئەوا، دەزانن

کە دیسان ئەمریکیکان هەرایان ناوەتەوە. ئەم بەرەڵایی وگێرەشێوێنییە هەموو شارەکەی شێواندوە؛ شەو نییە لە مەیخانە وسەرشەقامەکان شەڕو پەلاماردان نەقەومێ؛ هەموو ئەوشتە ناشرینانەی تر کە من ئێستا نامەوێ باسیان بکەم.

**ئەونای بەلەمساز:** بەڵێ، دیارە کە ئەمانە خەڵکێکی خراپن.

**کونسووڵ بێرنیک:** لەم ئیزعاجیکردنەدا خەتای کێ دەگیرێ؟ من! بەڵێ، بەسەرمندا دەشکێتەوە. ڕۆژنامە نووسەکان کەوتوونەتە لێدان بەشێوەیەکی نادیار، دەربارەی ئەوەی کە ئێمە هەموو تواناکانی کارکردنمان خستووەتە سەر ‹ لقە دارخورما›. من، ئالێرەدا ئەو ئەرکەم لەسەرشانە کە بە دەسەڵاتێکی نموونەییانە کاربکەمە سەر هاووڵاتییانم، هەروا ئاسان وازبهێنم و بەچۆکابێم. بەرگەی ئەوە ناگرم. من شایانی ئەوەنیم ناوم پیس ببێ.

**ئەونای بەلەمساز:** ئۆه، سومعەی کونسووڵ هێندە چاکە هەڵدەگرێ شایانی لەوە زیاتریش بێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێستا نا؛ لەم کاتەدا پێویستم تەنیا بەو ڕێزوخۆشەویستییە هەیە کە تەنیا هاووڵاتییانم دەتوانن پێم ببەخشن. هەروەکو بیستووتانە، پرۆژەیەکی گەورەم بەدەستەوەیە؛ بەڵام ئەگەر ئەو مرۆڤە خراپ تووڕانە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو متمانە بێ قەیدوشەرتە بەکەسایەتیی من سەرکەون، ئەوا دەتوانن گەلێ گیروگرفتی گەورە ترم بۆ دروست بکەن. لەبەر ئەوە دەمەوێ بەهەرچ نرخێ بێ لەشەڕئەنگیزی و مەترسیی لەسەر نووسینی ڕۆژنامەکان، خۆم



لادەم، هەر لەبەر ئەوە دواساتی تەواوکردنی کارەکام خستووەتە دووبەیانی.

**ئەونای بەلەمساز:** جەنابی کونسووڵ، دەتانتوانی دواساتی تەواوکردنی کارەکە ڕاشکاوانە بخەنە دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ.

**کونسووڵ بێرنیک:** پێتان وایە من داوای موستەحیلات دەکەم؟

**ئەونای بەلەمساز:** بەڵێ، بەگوێرەی ئەو ئیشەی کە ئێستا هەمانە –

**کونسووڵ بێرنیک:** باشە، باشە؛– کەواتە دەبێ بیر لە شوێنێکی تر بکەینەوە.

**ئەونای بەلەمساز:** بەڕاستی هێشتا دەتانەوێ هەندێ لەکرێکارە کۆنەکان دەرکەن؟

**کونسووڵ بێرنیک:** نەخێر، بیر لەوە ناکەمەوە.

**ئەونای بەلەمساز:** چونکە من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئێوە شتی وابکەن ئەوا ئێوە دوژمن بۆ خۆتان پەیدادەکەن، هەم لەنێو شارەکەدا و هەم لەڕۆژنامەکانیشدا.

**کونسووڵ بێرنیک:** نامومکین نییە؛ هەر لەبەرئەوەش ئێمە واز لەوە دەهێنین. بەڵام ئەگەر ‹ کچی هیندیی سوور› بۆ دووبەیانی ئامادە نەبێ، ئەوا من ئێوە دەردەکەم.

**ئەونای بەلەمساز:** (بەچەواشە بوونێکەوە) من! (دەست دەکا بەپێکەنین) نا ئێوە گاڵتەدەکەن، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** باشە، ئێوە باوەر مەکەن.

**ئەونای بەلەمساز:** ئێوە دەتوانن بیر لە دەرکردنی من بکەنەوە؟ من! کە باوکم و باپیرم هەموو ڕۆژەکانی ژیانی خۆیان لەخزمەتی

کارگەکەدا بوون و، هەروەها من خۆشم –

**کونسووڵ بێرنیک:** کێیە ئەوەی وام لێ دەکا کە ئەم ئیشە بکەم؟

**ئەونای بەلەمساز:** ئێوە داوای شتی مەحاڵ دەکەن، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئاخر، ویستی چاک مەحاڵ ناناسێ، بە ئا یان بە نەء؛ وەڵامێکی یەکلا کەرەوانەم بدەرەوە، یان دەرکردنتان مسۆگەرە.

**ئەونای بەلەمساز:** (هەنگاوێک نزیک دەبێتەوە) جەنابی کونسووڵ، ئێوە تەواو بیرتان لەوەکردووەتەوە کە دەرکردنی کرێکارێکی کۆن چی دەگەیەنێ. پێتان وایە کە ئەو کەسە هەروا ئاسان کارێکی دیکەی دەست دەکەوێ ؟ ئا بەڵێ، ئەو کەسە دەتوانێ؛ بەڵام ئایا هەروا ئاسانە؟ بریا بۆ جارێک لە ماڵی یەکێک لەو کرێکارە دەرکراوانە بوونایە. ئەو ئێوارەیەی دەگەڕێتەوە ماڵەوە و کەلوپەلی کارکردنەکەی لەنێو دەرگای ماڵەکەیدا دادەنێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** لەو باوەڕدان کە دەرکردنی ئێوە هەروا لەبەر دڵم ئاسانە؟ من هەمیشە پیاوێکی سەرڕاست نەبووم؟

**ئەونای بەلەمساز:** ئینجا خراپتر، جەنابی کونسووڵ. هەر لەبەرئەوە لەماڵەوە نایانەوێ خەتای ئێوە بگرن؛ نایانەوێ هیچ بە منیش بڵێن، چونکە ناوێرن؛ بەڵام بێ ئەوەی من ئاگام لێ بێ سەیرم دەکەن و لە دڵی خۆیاندا دەڵێن: ئەمە دەبێ موستەحەقی ئەوە بێ. دەبینن، ها – من ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم. ئەوسا پیاوێکی زۆر بێ نرخ دەبم لەچاو ئەوەی کە ئێستا هەم، من هەمیشە لە ناو کەس و ناسیاوی خۆمدا بەوە ڕاهاتووم



حیسابی یەکەمینم بۆ بکرێ. ماڵە بێ کەڵکەکەی منیش کۆمەڵگایەکی بچکۆلانەیە، جەنابی کونسووڵ. ئەم کۆمەڵگا بچکۆلانەیە من توانیومە پایەی بم و ڕاوەستاوی بکەم چونکە ژنەکەم باوەڕی پێمە، چونکە منداڵەکانم باوەڕیان پێمە. بەڵام ئێستا هەموو باوەڕیان هەرەس دەهێنێ و دادەڕمێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، ئەگەر هیچی تر لە توانادا نەبێ، ئەوا بچووکەکان دەبێ لە پێناوی گەورەکاندا لەناو بچن؛ تاک بە ناوی خواوە لە پێناوی گشتدا ببێتە قوربانی. لەمە زیاتر وەڵامێکی ترم نییە بۆ ئێوە، جگە لەمەش لە دنیادا نییەونابێ. بەڵام ئێوە پیاوێکی کەڵلە ڕەقن، ئەونا! ئێوە دژی من ڕادەوەستنەوە، نەک لەبەر ئەوەی هیچی ترتان لە دەست نایە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ناخوازن لەبەردەم هەیمەنەی ئامێرەکانی ئەم ڕۆژگارەدا بەسەر هێزی بازوودا چۆک دابدەن.

**ئەونای بەلەمساز:** ئێوە زۆر توند دەستتان بەو مەسەلەیەوە گرتووە، جەنابی کونسووڵ، چونکە دەزانن ئەگەر بێتو من دەرکەن، ئەوا لەو حاڵەتەدا مەرامی چاکی خۆتان بە ئیسپاتەوە بە ڕۆژنامەکان دەگەیەنن.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئینجا ئەگەر ئەوە واش بێ؟ ئێوە باش گوێتان لێیە کە چی بەلای منەوە گرنگە – یا ئەوەتا تووشم دەبێ بەتووشی ڕۆژنامەکانەوەو لێم نابنەوە یاخود ئەوەتا ئەوان بە میهرەبانییەوە ئەو مەسەلەیە وەردەگرن کە ئەوەش گونجاوە بۆ من لەم کاتەدا کە کاردەکەم بۆ مەسەلەیەکی گەورە لەپێناوی پێشکەوتنی گشتییدا. ئێ ئینجا چی؟ ئایا ئەوسا شتێکی تر

لەتوانای مندا دەبێ، جگە لەوەی ئێستا ئەنجامی دەدەم؟ دەتوانم من پێتانبڵێم کە پرسیارەکە خۆی لەم بارەیەوەیە یا ئەوەتا ئێوە ماڵتان تێک نەچێ و ڕاوەستاوبێ، وەکو وتت، یاخود سەدەها ماڵی تازە لە دروست بوون بێبەری بێ، سەدەها ماڵ، کە هەرگیز بناغەیان هەڵنەبەسترێ، هەرگیز دووکەڵکێشی خشتیان بۆ نەکرێ، ئەگەر هات و من سەرکەوتوونەبووم لەوەی کە ئێستا نەخشەم بۆکێشاوەو کاری بۆدەکەم. هەر لەبەر ئەوەیە کە خۆتانم سەرپشک کردووە.

**ئەونای بەلەمساز:** بەڵێ، کەوابێ، من لەمە زیاتر نابێ قسە بکەم.

**کونسووڵ بێرنیک:** هم -؛ ئەونای ئازیز، بەڕاستی لەیەکتری جیابوونەوەمان ئازارم دەدا.

**ئەونای بەلەمساز:** ئێمە جیانابینەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** چۆن چۆنی؟

**ئەونای بەلەمساز:** پیاوێکی سادەش لەم دنیایەدا چەند قسەیەکی خۆی هەیە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، باشە، ئێ؛ ئێوە لەوباوەڕەدان کە ئێوە دەوێرن گفتی ئەوە بدەن -؟

**ئەونای بەلەمساز:** ‹کچی هیندیی سوور› بۆ دووبەیانی ئامادەیە. (خواحافیزی دەکاو لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە)

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەئاوا، چۆکم بەو کەللە ڕەقە دادا. ئەمە مزگێنییەکی خۆش بوو.

(هیلمار تۆننەسێن، سیگارێکی بەدەمەوەیە و لەدەرگای باخچەکەوە دێتە ژوورەوە.)



**هیلمار تۆننەسێن** (لەسەر پلیکانەی باخچەکە): ڕۆژباش بێتی! ڕۆژباش بێرنیک!

**بێتی:** ڕۆژباش.

**هیلمار تۆننەسێن:** ها، دەبینم دەگریت. تۆش زانیوتە؟

**بێتی:** چیم زانیوە؟

**هیلمار تۆننەسێن:** کە ئەو ئابڕوچوونە تەواو بڵاو بووە تەوە، ئاخ!!

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوە مانای چی؟

**هیلمار تۆننەسێن:** (دێتە ژوورەوە) بەڵێ، ئەو دوو ئەمریکییە پێکەوە لەگەڵ دینا دۆرفدا بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە.

**بێتی:** (بەدویدا دێتە ژوورەوە) بەڵام، هیلمار، ئەوە ڕێی تێ دەچێ؟

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، بەداخەوە، ئەمە حەقیقەتە، لەگەڵ ئەوەشدا لوونا ئەمەندە بێ چاوڕووە هاوارم لێ دەکا؛ بێگومان من خۆم لێ کەڕکرد وەک ئەوەی گوێم لێ نەبووبێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** دیارە ئەمە دوور لەچاوی خەڵکیش نەبووە.

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، با باش بزانی. خەڵک بێدەنگ ڕاوەستا بوون و سەیریان دەکرد. وەک کەوتنەوەی ئاگرێک لە شاردا وابوو، هەر وەک سووتانی دەشتە گیاجاڕەکانی ڕۆژئاوا. لە هەموو ماڵەکانەوە خەڵک لە پەنجەرەکاندا ڕاوەستابوون و چاوەڕێی تێپەڕینی ئەوانیان دەکرد؛ لە پشتی پەردەکانەوە سەریان نابوو بەسەری یەکترییەوە. ئاخ! ئا، دەبێ ببووری، بێتی؛ کەدەڵێم ئاخ؛ چونکە ئەمە دەمترسێنێ؛ ئەمە بەم شێوەیە بەردەوام بێ، ئەوە من ناچارم سەری خۆم بۆ شوێنێکی دوور هەڵگرم.

**بێتی:** بەڵام دەبووایە تۆ قسەت لەگەڵ یۆهاندا بکردایەو وە بەخەڵکت بناساندایە –

**هیلمار تۆننەسێن:** لەوسەر شەقامە؟ نەخێر، دەبێ بەڕاستی بمبووری. بەڵام ئەم زەلامە هەروا زاتی ئەوە دەکا لەم شارەدا خۆی پیشان دا! ئیستا، بابزانین ئایا راگەیاندنەکان ڕای ناگرن؛ بەڵێ، ببوورە بێتی؛ بەڵام –

**کونسووڵ بێرنیک:** ڕاگەیاندن، تۆ بەڕاستە؟ گویت لە پێشنیارێکی وا بووە؟

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، خۆ هەروا خۆڕایی نییە. دوینێ ئیوارە کە ئێوەم بەجێ هێشت، لەبەر نەخۆشییەکەم بەپیاسە چووم بۆ یانە. لەوێ باش تێبینیی ئەو بێدەنگییەم کرد کە لەپڕ دروست بوو، وا دیاربوو باسی دوو ئەمەریکییەکە لە ئارادابوو. پاشان ئەو هەواڵنووسە بێ شەرمە هامەر هاتە ژوورەوەو بەدەنگی بەرز پیرۆزبایی گەڕانەوەی کوڕە پورە دەوڵەمەندەکەمی لێ کردم.

**کونسووڵ بێرنیک:** دەوڵەمەند؟

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، وای وت. بێگومان منش مۆڕەیەکی وام لێ کرد کە شایانی بێ وە تێم گەیان کە من هیچ لە بارەی دەوڵەمەندیی یۆهان تۆننەسێنەوە نازانم. وتی: " ئاوها، سەیرە؛ مرۆڤ عادەتەن لە ئەمریکا وەزعی بەرەوباشی دەچێ ئەگەر پارەیەکی بەدەستەوە بێ، بۆ دەستپێکردن، کوڕە پوورەکەی ئێوەش بەدەستی بەتاڵ سەفەری بۆ ئەوێ نەکرد ".

**کونسووڵ بێرنیک:** هم، تکایە ئەو ئیشەم بۆ بکە –



**بێتی:**(بەنیگەرانییەوە) کەشتن، دەبینی ––

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، بەهەرحاڵ من هەموو ئەو شەوە خەوم نەبوو بەهۆی ئەو کەسەوە. ئەویش ئاوها بەسەروفەساڵێکەوە بە شەقامەکاندا دەسووڕێتەوە هەروەک ئەوەی هیچ نەبووبێ. بۆچی بەیەکجاری نەڕۆیی؟ لە وزە بەدەرە هەندێ کەس ئەوەندە ژیانیان خۆش بوێ.

**بێتی:** خوایە، هیلمار، ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟

**هیلمار تۆننەسێن:** ئۆه، من هیچم نەگوتووە، بەڵام ئەوەتا ئەو لە قەومانی ڕووداوی شەمەندەفەر و هێرشی ورچی کالیفۆرنیای وە هیندییە سوورە قاچ بۆگەنەکان، دەربازدەبێ؛ بێ ئەوەی پیستی سەری داماڵرابێ – ئاخ، ئەوەتان.

**کونسووڵ بێرنیک** (سەیری شەقامەکە دەکا): ئۆلاڤیشیان لەگەڵدایە!

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، بێگومان؛ دەیانەوێ بیری خەڵکی بهێننەوە کە ئەمان سەر بەیەکە خێزانی شارەکەن. تەماشا، تەماشا، هەموو بێئیش وکارەکان لە دەرمانخانەکە دێنەدەرەوەو سەیریان دەکەن و لێیان ورد دەبنەوە. بەڕاستی من عەسابی ئەمەم نییە؛ پیاو چۆن ئیتر بتوانێ ئالای بیروهۆش بەرز ڕاگرێ، ئەوە–

**کونسووڵ بێرنیک:** بەرەو ئێرە دێن. بێتی، گوێ بگرە، حەزدەکەم تۆ هەتا لەتواناتدا هەیە دۆستایەتی و هاوڕێیەتییان پیشان دەی.

**بێتی:** کەشتن، ڕێگەی ئەوە دەدەی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ بێگومان، بەڵێ بێگومان؛ وە هەروەها تۆش هیلمار. ئەوان خۆشبەختانە زۆر لێرە نامێننەوە؛ وە ئێمە

لەنێوخۆماندا؛ ئاماژە بەهیچ ناکەین؛ بە هیچ کلۆجێک نابێ دڵیان بشکێنین.

**بێتی:** ئۆه، کەشتن، تۆ چەند نەجیبزادەی.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێستا، ئێستا لەوە گەڕێ.

**بێتی:** نەخێر، ڕێگەم پێ بدە سوپاست بکەم؛ ببوورە کە من پێشان زۆر تووڕە بووم. ئۆه، تۆ حەقت بوو کە–

**کوونسوڵ بێرنیک:** لێی گەڕێ؛ دەڵێم لەوە گەڕێ.

**هیلمار تۆننەسێن:** ئاخ! ئاخ!

(یۆهان تۆننەسێن و دینا و، پاشان هێسل خاتوون/لوونا و ئۆلاف لە باخچەکەوە دێنە ژوورەوە)

**لوونا:** ڕۆژباش، ڕۆژباش، ئازیزان.

**یۆهان تۆننەسێن:** کەشتن، ئێمە لەدەرەوە بووین و تەماشای زەوییە کۆنەکانمان کرد.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، گوێم لێیە. زۆرگۆڕاون؛ وانییە؟

**لوونا:** لە هەموولایەکەوە هەر کارە گەورە باشەکانی کونسووڵ بێرنیک دەبینرێن. چووینە سەر ئەو پرۆژانەی، کە تۆ پێشکەشی شارەکەت کردوون–

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڕاستی لەوێ بوون؟

**لوونا:** لەسەر دەرگای چوونە ژوورەوە نووسراوە" دیاریی کەشتن بێرنیک" بەڵێ، تۆ لێرە لە هەمووشتێکدا هەرخۆت حیسابیت.

**یۆهان تۆننەسێن:** پاپۆڕێکی بێ وێنەشت هەیە. من کاپتنی ‹لقە دارخورما› م بینی، هاوڕێی کۆنی قوتابخانەمە –



**لوونا:** بەڵێ، قوتابخانەیەکی تازەشت دروست کردووە؛ گوێم لێیە دەڵێن هەردووبۆریی غازکێشان و ئاوکێشانیش بەهۆی تۆوەیە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێستا، ئیتر پیاو دەبێ بەکەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بێ کە تییدا دەژی.

**لوونا:** بەڵێ، جوانە، زاوا؛ بەڵام ئەوەش شتێکی خۆشە ببینی خەڵک چەند ئەو شتانەیان لەبەرچاوە. من وابزانم، ڕواڵەت پەرست نیم، بەڵام نەمدەتوانی وازلەوەبهێنم بیری ئەو یەک دووانە نەخەمەوە کە قسەمان لەگەڵداکردن، کە ئێمەش سەر بەخێزانەکەین.

**هیلمار تۆننەسێن:** ئاخ –!

**لوونا:**ئەوە لەبەر ئەوە دەڵێی ئاخ؟

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، من وتم هەم

**لوونا:** بۆت هەیە وابڵێی، فەقیر. بەڵام ئەمڕۆ ئێوە بەتەنیان؟

**بێتی:** بەڵێ، ئێمە ئەمڕۆ تەنیاین.

لوونا: بەلێ، بێگومان ئێمە لەبازاڕ بەجووتێک لەو ئەخلاقییانە گەیشتین؛ خۆیان وانیشان دا کە زۆر سەرقاڵن. بەڵام ئێمە هێشتا بەهیچ جۆرێک بەتەواوی پێکەوە قسەمان نەکردووە؛ دوێنێ ئەوسێ تازە داهێنەرانە لێرە بوون، هەروەها ئەو قەشەیەش–

**هیلمار تۆننەسێن:** مامۆستا.

**لوونا:** من پێی دەڵێم قەشە. بەڵام ئێستا ئێوە بڵێن ئیشی ئەم پانزە ساڵەی منتان بەلاوە چۆنە؟ ئایا کوڕێکی قۆزی لێ دەرنەچووە؟ کێ دووبارە ئەو شێتە دەناسێتەوە کە لەماڵەوە هەڵهات؟

**هیلمار تۆننەسێن:** هەم!

**یۆهان تۆننەسێن:** لوونا، بە خۆتەوە زۆر مەنازە.

**لوونا:** بەڵێ، بەراستی من شانازی بەوەوە دەکەم. خوایە، ئەوە تەنیا شتێکە من لە دنیادا ئەنجامم دابێ؛ بەڵکو ئەوە جۆرە مافێکیشم دەداتێ بۆئەوەی هەبم. بەڵێ، یۆهان، کە بیر لەوە دەکەمەوە ئێمە هەردووکمان چۆن چۆنی لەوێ تەنیا بە هەرچوار مشتی بەتاڵمان دەستمان پێ کرد –

**هیلمار تۆننەسێن:** دەستی.

**لوونا:** من دەڵێم مشت؛ لەبەرئەوەی پیس بوون –

**هیلمار تۆننەسێن:** ئاخ!

**لوونا:** بەتاڵیش بوون.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەتاڵ؟ نەخێر، من لێرەدا دەبێ بڵێم –!

**لوونا:** تۆ دەبێ بڵێی چی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** هەم!

**هیلمار تۆننەسێن:** دەبێ بڵێم – ئاخ!

(هیلمار تۆننەسێن دەچێتە دەرەوە بۆ سەر پلیکانەی باخچەکە)

**لوونا:** ئەو بەشەرە چییەتی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆه، گوێی مەدەرێ؛ ئەو ئێستا تۆزێک نیگەرانە. بەڵام حەزناکەی تۆزێ تەماشای باخچەکە بکەیت؟ تۆ هێشتا نەچوویتەتە خوارەوە، بەراستی من کاتژمێرێک وەختم هەیە.

**لوونا:** بەڵێ، بەخۆشحاڵییەوە؛ باوەڕکەن من لێرە هەمیشە زوو زوو بەخەیاڵ دەهاتمە باخچەکەی ئێوەوە.



**بێتی:** ئێستا دەیبینی، ئەوێش تەواو گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە.

(کونسووڵ و بێتی و لوونا دەچنە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە، جاروبار لەکاتی ئەم گفتوگۆیانەی لای خوارەوەدا لەباخچەکەدا دەبینرێن پیاسەدەکەن.)

**ئۆلاف:** (لەنێودەرگای باخچەکەدا) مامە هیلمار، دەزانی خاڵە یۆهان چی لێ پرسیم؟ لێی پرسیم حەزدەکەم لەگەڵیدا بچم بۆ ئەمریکا.

**هیلمار تۆننەسێن:** تۆ، هیچ لەبارادانەبوو، لێرە هەرخەریکی ئەوەی توند خۆت بەکراسەکەی دایکتەوە هەڵواسی –

**ئۆلاف:** ئا، ئیتر نامەوێ وابم. با گەورەبم دەیبینی –

**هیلمار تۆننەسێن:** حای قسەی قۆڕ؛ تۆ هیچ پێویستییەکی ئاوها جیددیت بە بەرەنگاربوونەوە نییە کە لەنێو–(پێکەوە دەچنە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە)

**یۆهان تۆننەسێن:** (بەدینا دەڵێ، کە شەپقەکەی لەسەری لابردووە لەنێو دەرگاکەی لای ڕاستەوە وەستاوە و کراسەکەی دەتەکێنێ) ئێوە پاش ئەو پیاسەکردنە باش گەرم داهاتوون.

**دینا:** بەڵێ، پیاسەیەکی خۆش بوو؛ قەد لەمەوپێش پیاسەی ئاوها خۆشم نەکردووە.

**یۆهان تۆننەسێن:** لەوانەیە ئێوە زۆر نەچن بۆ پیاسەی ئێواران؟

**دینا:** با، بەڵام تەنیا لەگەڵ ئۆلافدا.

**یۆهان تۆننەسێن:** ئا. لەوانەیە ئێوە پێتان خۆش بێ کەبڕۆنە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە زیاتر لەبری ئەوەی لێرەبن؟

**دینا:** نەخێر، زیاتر حەزدەکەم لیرەبم.

**یۆهان تۆننەسێن:** منیش. بەڵێنە ئیتر کە هەموو بەیانییەک پێکەوە بچین بۆ پیاسەیەکی ئاوها.

**دینا:** نەخێر، جەنابی تۆننەسێن، ئێوە نابێ ئەوەبکەن.

**یۆهان تۆننەسێن:** من نابێ چی نەکەم؟ ئێوە گفتتان دا.

**دینا:** بەڵێ، بەڵام کە بیری لێ دەکەمەوە، چیتر– ئیوە نابێ لەگەڵ مندا بڕۆنە دەرەوە.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵام بۆچی؟

**دینا:** بەڵێ، ئیوە غەریبن؛ ناتوانن لەوە تێ بگەن؛ پێتان دەڵێم –

**یۆهان تۆننەسێن:** چییە بێڵێ؟

**دینا:** نەخێر، نامەوێ باسی ئەوە بکەم.

**یۆهان تۆننەسێن:** با، بێگومان؛ دەتوانن لەبارەی هەموو شتێکەوە لەگەڵ مندا قسەبکەن.

**دینا:** بەڵێ، با پێتان بڵێم من وەکو کچە گەنجەکانی ترنیم؛ شتێک هەیە – شتێکی ئەوتۆ لەگەڵ مندا، لەبەر ئەوە ئێوە نابێ ئەوە بکەن.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵام من بە هیچ کلۆجێک لەمە تێ ناگەم. خۆ ئیوە شتێکی خراپتان نەکردووە؟

**دینا:** نەخێر، من نا، بەڵام ؛ نەخێر، نامەوێ ئێستا باسی بکەم. بێگومان ئێوە ئەوە لە خەڵکی ترەوە دەبیستن.

**یۆهان تۆننەسێن:** هم.

**دینا:** بەڵام شتێکی تر هەبوو حەزم دەکرد لەبارەیەوە پرسیارتان لێ بکەم.



**یۆهان تۆننەسێن:** ئەوشتە چییە؟

**دینا:** ئاسانە لەوێ لە ئەمریکا ببی بەشتێکی باش؟

**یۆهان تۆننەسێن:** ڕاست ودروست هەمووجارێ ئەوەندە ئاسان نییە؛ مرۆڤ دەبی زۆرجار لەسەرەتادا بەسەختی ئیش بکاو زۆر ماندووبێ.

**دینا:** بەڵێ، منیش ئەوەم دەوێ –

**یۆهان تۆننەسێن:** ئێوە؟

**دینا:** بەڕاستی من دەتوانم ئیش بکەم؛ تەندروستیم باشە و بەهێزم، پوورە مارتا زۆر یارمەتیی داوم لەخوێندندا.

**یۆهان تۆننەسێن:** کەواتە شەیتان بە نەعلەتکە و لەگەڵمان وەرە بۆ ئەوێ.

**دینا:** گاڵتە دەکەن؛ ئاوهاشتان بە ئۆلاف وت. بەڵام من دەمویست ئەوە بزانم، کە ئایا خەڵک لەوێ ئەوەندە زۆر وەک ئێرە ئەخلاقخوازن؟

یۆهان: ئەخلاقخواز؟

**دینا:** بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەوان وەک ئێرە ئاوها – بە حەیاوحورمەتن.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەهەرحاڵ، هێندە خراپ نین وەک ئەوەی لێرە خەڵک لەوباوەڕەدان. ئێوە نابی باوەڕ بەوە بکەن.

**دینا:** ئێوە لە من تێ ناگەن. بەراستی من حەزدەکەم کە ئەوان ئەوەندە بەڕەوشت و ئەخلاقخواز نەبن.

**یۆهان تۆننەسێن:** ئاوها نەبن؟ ئێوە دەخوازن ئەوان چۆن بن؟

**دینا:** من دەخوازم ئەوان ئاسایی بن.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، بەڵێ لەوانەیە دەقیق ئەوان ئاوها بن.

**دینا:** ئەوە بۆ من چاکە ئەگەر بتوانم بێم بۆ ئەوێ.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ بێگومان وایە؛ بۆیە ئێوە دەبێ لەگەڵ ئێمەدا بێن.

**دینا:** نەخێر، نامەوەێ لەگەڵ ئێوەدا سەفەربکەم؛ پێویستە بە تەنیا سەفەربکەم. ئۆە، من هەردەبێ ئەوە بکەم؛ دەبێ ببم بەمرۆڤێکی باش.

**کونسووڵ بێرنیک:** (لەگەڵ هەردوو خانمەکەدا لەبەردەم پلیکانەی باخچەکەدا): ڕاوەستن، ڕاوەستن؛ بێت ئازیز، من دەچم دەیهێنم، تۆ زوو سەرمات دەبێ.(کونسووڵ بێرنیک دێتە ناو هۆڵەکەوەو بەدوای شاڵەکەی بێتیدا دەگەڕێ.)

**بێتی:** (لەباخچەکەوە) یۆهانیش لەگەڵ خۆتدا بێنی؛ ئێمە دەچینە خوارەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە.

**کونسووڵ بێرنیک:** نەخێر، یۆهان دەبێ لێرەبێ. سەیرکە دینا؛ شاڵەکەی بێتی بەرەو برۆ لەگەڵیان. بێتیی ئازیز، یۆهان لێرە لەلای من دەمێنێتەوە. پێویستە من تۆزێ گوێ بگرم، بزانم وەزع لەوێ چۆنە.

**بێتی:** باشە، باشە، بەڵام دوایی وەرن؛ خۆ تۆ دەزانی لەکوێ دەمان دۆزیتەوە.

(بێتی و لوونا و دینا لەلای چەپەوە بەناو باخچەکەدا بەرەو خواردەبنەوە.)

**کونسووڵ بێرنیک:** ( لە دواوە نەختێک سەیریان دەکا، پاشان دەچێ دەرگاکەی سەرەوەی لای چەپ دادەخا، ئینجا دەچێ بۆ لای



یۆهان، هەردوو دەستەکانی دەگرێ، ڕایان دەوەشێنێ و دەیانگووشێ) یۆهان، ئێستا ئێمە بە تەنیاین؛ من پێوستە سوپاست بکەم.

**یۆهان تۆننەسێن:** ها چی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** خانو وماڵەکەم، کامەرانیی خێزانەکەم، تەواوی پلەوپایەم لە کۆمەڵگادا، هەمووی قەرزاری تۆم.

**یۆهان تۆننەسێن:** کەشتنی ئازیز، ئێستا، خۆشحاڵم؛ کە ئەو داستانە سەرشێتانەیە شتێکی باشی لێ کەوتووەتەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (دووبارە دەستەکانی ڕادەوەشێنێتەوە) سوپاس، سوپاس لەگەڵ ئەوەشدا! لەنێو دەهەزار کەسدا یەکێک نەبوو ئەوەم بۆ بکا کە تۆ ئەوجارە بۆت کردم.

**یۆهان تۆننەسێن:** تەنیا شتێکم پێ بڵێ! ئێمە هەر دووکمان گەنج و سەرەڕۆ نەبووین؟ خۆ دەبووایە یەکێک لە ئێمە تاوانەکەی بخستایەتە ئەستۆی خۆی –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام کێ نزیکتربوو لە تاوانبار زیاتر لەو تاوانەوە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** ڕاستە! ئەوجارە بێ تاوان نزیکتربوو لەو تاوانەوە. من ئازادوســـــــــەربەست بووم، بێ دایک وباوک؛ بۆ من بەختیارییەکی تەواوبوو لەو ماندووبوونە سەختەی دائیرە دوورکەومەوە. تۆ بەپێچەوانەوە دایکە پیرەکەت لەژیاندا بوو. پاشان تازە بەدزییەوە لەگەڵ بێتی پێکەوە پەیوەندیی خۆشەویستیتان بەستبوو، بێتی زۆر هۆگرت بووبوو.ئاخۆ ئەگەر ئەوسا ئەو بەوەی بزانیایە وەزعی چۆن چۆنی دەبوو؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ڕاستە، ڕاستە، ڕاستە؛ بەڵام –

**یۆهان تۆننەسێن:** هەر لەبەر خاتری بێتی نەبوو کە تۆدەستت لەو پەیوەندییە نهێنییە لەگەڵ مەدام دۆرف هەڵگرت؟ خۆ تۆ لەبەر ئەوەی بەتەواوی کۆتایی بەو پەیوەندییە بهێنی ئەو ئێوارەیە چووبووی بۆ ماڵەوە بۆ لای –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، ئەو ئێوارە شوومەی کە ئەو مرۆڤە بەدمەستە هاتەوە بۆ ماڵەوە! بەڵێ، یۆهان لەبەر خاتری بێتی بوو؛ بەڵام بەهەرحاڵ، تۆ زۆر نەجیبزادانە خۆت کردە قوربانی و سەفەرت کردو ئێرەت بەجێ هێشت.

**یۆهان تۆننەسێن:** کەشتنی ئازیز، هیچ گومانت نەبێ، ئێمە لەسەر ئەوە رێک کەوتبووین کە ئەوە ئاوهابێ؛ تۆ دەبوو ایە ڕزگارت بووایە و ئێ تۆش هاوڕێمی. بەڵێ، من بەو هاوڕێیەتییەوە دەنازیم! لێرە من دەهاتم ودەچووم و ماندودەبووم وەک بەسەزمانێکی دنیا نەدیو؛ پاشان تۆ کەشخەو پایەبەرز، لەسەفەرە گەورەکانی هەندەرانت دەگەڕایتەوە؛ چووبوویت هەم بۆ لەندەن و هەم بۆ پاریس. دوای ئەوە تۆ منت وەک یەکێک لەنێو هاوڕێ نزیکەکانتدا هەڵبژارد، دیارە من چوار ساڵ لە تۆ بچووکتر بووم؛– بەڵێ، ئێستا من تەواو تێ دەگەم؛ ئەوەش هەر لەبەر خاتری ئەوەی کە تۆ بەتەمای بێتی بووی. بەڵام من چەند بەوەوە دەنازیم! کێ هەبوو بەوەوە نەنازێ؟ کێ نەیدەویست لە پێناوی تۆدا ببێتە قوربانی، بەتایبەتی ئەو مانگە کە جگە لە مقۆمقۆی پروپاگەندە هیچی تر ئەو مانگە لەم شارەدا نەبوو، یەکسەر بۆم دەرکەوت کە هەڵهاتن بەرەو دنیایی فراوانی دەرەوە لە تواناداا هەیە.



**کونسووڵ بێرنیک:** هم، یۆهانی ئازیز؛ من دەمەوێ بەڕاستی پێت بڵێم کە هێشتا ئەوبەسەرهاتە بەتەواوی لەبیرنەچووەتەوە.

**یۆهان تۆننەسێن:** لەبیر نەچووەتەوە؟ ئینجا چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە، من کە دیسان دەگەڕێمەوە بۆ کێڵگەکەی خۆم لەوێ –

**کونسووڵ بێرنیک:** کەواتە تۆ بەتەمای بگەڕێیتەوە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** ئاشکرایە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام هیوادارم، کە بەم زووانە نا؟

**یۆهان تۆننەسێن:** هەتا بکرێ زوو. من هەر لەبەر لوونا هاتم بۆ ئێرە هەتا بە تەنیا نەبێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڕاست؟ چۆن؟

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، تۆ دەبینی، لوونا ئافرەتە گەنجەکەی جاران نییە، لەم ماوەیەی دواییدا تاسەی وڵاتی کردووە؛ بەڵام ئەو خۆی هەرگیز دان بەوەدانانێ؛ (بەزەردەخەنەیەکەوە) چۆن دەیوێرا جەسارەتی ئەوەبکا منی سەرەڕۆ بەجێ بهێڵێ، من، کە لە تەمەنی نۆزدەساڵییەوە وازم لەسەرەڕۆیی هێناوە –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئینجا؟

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، کەشتن، ئێستا دان بەشتێکدا دەنێم، کە بۆ خۆم پێم شوورەییە.

**کونسووڵ بێرنیک:** متمانەی لەلاباسکردنی مەسەلەکەت پێ نەکردبێ؟

**یۆهان تۆننەسێن:** با. ئەوە هەڵەیەک بوو کردم؛ بەڵام هیچی ترم پێ نەدەکرا. تۆ نازانی کە لوونا چۆن بووە بۆ من. تۆ هەرگیز تاقەتی ئەوت نەبووە؛ بەڵام ئەو بۆ من هەر وەکو داکێک وەهابووە. لەساڵەکانی سەرەتادا، لەوێ کە ئێمە زۆر لە

تەنگانەدا بووین، چی نەکرد؟ ئەو کاتە من ماوەیەکی زۆر نەخۆش بووم و لە جێگەدا کەوتبووم و هیچم پێ نەدەکرا، نەمدەتوانی ڕێگە لەو بگرم، ئیتر ئەو لە قاوە خانەکاندا دەستی کرد بە گۆرانی وتن و وتار خوێندنەوە کە خەڵکی پێ دەهێنایە پێکەنین؛ پاشان کتێبێکی نووسی، کە لەوکاتەوە هەم دەیهێنێتە پێکەنین و هەم گریان، هەمووی لەبەر خاتری ئەوەی منی پێ بژێنێ. نەدەبوو من ئەوەم لەبەرچاوبێ کە چۆن ئەو بە زستانان ڕەنجی دەکێشا و لە پێناوی مندا شەکەت و ماندوو دەبوو؟ نەخێر، کەشتن، من نەمدەتوانی ئەوەی پێ نەڵێم. پاشان پێم وت؛ لوونا، بڕۆ سەفەر کە؛ لە من مەترسە؛ من ئەوەندە سەرەڕۆنیم وەک تۆ تێگەیشتووی.دوای ئەوە مەسەلەکەم بۆگێڕایەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەی وتی چی؟

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەو پێی وابوو، کاتێک کە من خۆم وەک بێ گوناحێک پیشان دەدەم، بۆ ڕاستیی قسەکەم، نابێ ئیتر سڵ لەوە بکەمەوە کە ئیتر لەگەڵ ئەودا بۆ ئێرە بێم. بەڵام نیگەران مەبە؛ لوونا باسی هیچ ناکا و جارێکی تر منیش ئاگام لە دەمی خۆم دەبێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ باوەڕ بە وە دەکەم.

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەوە دەستم. ئیتر ئێمە نابێ لەمەودوا باسی ئەو داستانە کۆنەبکەین؛ وابزانم خۆشبەختانە ئەوە تەنیا هەڵەیە کە یەکێک لە ئێمە خۆی تێدا تاوانبار کردبێ. ئێستا من بەڕاستی دەمەوێ ئەو چەند ڕۆژە کەمەی لێرەم، بەخۆشی بەسەریبەرم.



تۆ نازانی پێش نیوەڕۆ ئێمە چ پیاسەیەکی خۆش وبێ وێنەمان کرد. کێ لەو باوەڕەدابوو کە ئەو کچەبچکۆلەیەی لێرە ڕای دەکردو لەسەر شانۆ نمایشی فریشتەی دەکرد! بەڵام پێم بڵێ، دایک وباوکی چییان لێ بەسەرهات؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆه، ئازیزم، من لەو دوونامەیە زیاتر کە یەکسەر دوای سەفەرکردنت بۆم نووسیت، هیچی تر نازانم تا پێت بڵێم. بەڵێ، خۆ تۆ ئەو دوونامەیەت پێ گەیشت؟

**یۆهان تۆننەسێن:** ئا، ئا؛ من هەر دووکیانم لەلایە. کابرای سەرخۆش ئیتر وازی لێ هێنا؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوەندەی خواردەوە تا خۆی کوشت.

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەویش دوای ئەوە ئیتر بەماوەیەکی کەم مرد؟ بەڵام تۆ ئەوەندەی پێت بکرایە بەدزییەوە یارمەتیت دەدا؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەو نەفس بەرزە گرانبوو؛ خیانەتی لە کەس نەکردبوو، هیچی قبووڵ نەدەکرد.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەهەرحاڵ تۆ شتێکی ڕاستت کردووە کە دینات هێناوەتە ماڵەکەی خۆتەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ بێگومان ئەوە وایە. لەڕاستیدا بابزانی مارتا تەواو خەریکی ئەو مەسەلەیە بوو.

**یۆهان تۆننەسێن:** کەواتە مارتا بووە؟ بەڵێ، مارتا– ڕاستە – مارتا ئەمڕۆ لەکوێیە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ها ئەو– ئەگەر ئەو دەوامی مەکتەبی نەبێ، ئەوا نەخۆشیی خۆی هەیە.

**یۆهان تۆننەسێن:** کەواتە مارتا ئاگای لەو بووە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، مارتا هەمیشە حەزی لەئیشکردن بووە لە بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەدا. هەر لەبەرئەوەش ئەو ئیشێکی لە قوتابخانەی گشتی وەرگرتووە. ئەوەش بەشێک بوو لە بێ عەقڵیی ئەو.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، دوێنێ حاڵی زۆرخراپ دیار بوو؛ لەوە دەترسم کە باری تەندروستیی، یارمەتیی ئەو ئیشەی نەدا.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوەی پەیوەندیی بە لەشساخییەوە هەبێ، ئەو دەتوانێ هەمیشە خۆڕاگرانە بەرگەیبگرێ، بەڵام ئەوە بۆ من ناخۆشە؛ وەک ئەوە وایە کە من، وەکو برایەک، نامەوێ یارمەتیی بدەم.

**یۆهان تۆننەسێن:** یارمەتی؟ وامدەزانی هەرچۆنێک بێ ئەو سەرمایەیەکی وای هەیە –

**کونسووڵ بێرنیک:** فلسێکی نییە. تۆ باش دێتەوە بیرت ئەوکاتەی تۆ سەفەرت کرد، دایکم ئەوسا لە چ تەنگانەیەکدا بوو، ماوەیەک ئەو بەردەوام یارمەتیی لە من وەردەگرت؛ بێگومان بۆ من دەری نەدەهێنا ئەو ماوە درێژە یارمەتیی ئەو بدەم. پاشان بەشێکم لەکارگەکە هەڵگرتەوە بۆ خۆم؛ بەو جۆرەش هێشتا هەر دەرینەدەهێنا بۆیە ناچاربووم هەموو کارگەکە بخەمەسەر خۆم، کاتێک هاتینە سەر حیساب، دەرکەوت کە دایکم هیچی بۆ نامێنێتەوە. ئیتر پاش ماوەیەکی کەم ئەو مرد، بێگومان مارتاش بێ خایەومایە لەسەر ئەرزێکی ڕەق مایەوە.

**یۆهان تۆننەسێن:** مارتای بەسەزمان!

**کونسووڵ بێرنیک:** بەسەزمان؟ بۆچی؟ خۆ تۆ لەوباوەڕەدانیت کە من



بهێڵم ئەو لە هیچی کەم بێ؟ نەخێر، بەڕاستی من دەوێرم بڵێم کە من برایەکی باشم. بێگومان ئەو لەگەڵ ئێمەدا دەژی و لەسەر مێزوخوانی ئێمە نان دەخوا؛ بە مووچەی مامۆستایەتییەکەی دەتوانێ دەوڵەمەندانە جل بپۆشێ، هەر خۆیەتی و شوی نەکردوە، لەوە زیاتر چی دەوێ؟

**یۆهان تۆننەسێن:** هم؛ ئێمە لە ئەمریکا ئەوها بیر ناکەینەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، من چاک باوەڕ بەوەدەکەم؛ لەکۆمەڵگایەکی گێرەشێوێنی، وەک کۆمەڵگای ئەمریکیدا. بەڵام لێرە لەم ناوچە بچکۆلەیەیی خۆماندا کە بەختەوەرانە، هەرچۆنێک بێ هەتا ئێستا فەسادی تێدا بڵاو نەبووەتەوە، لێرە ئافرەتان بە کارێکی شیاو و ئابڕومەندانە ڕازین. مارتا خەتای خۆیەتی؛ ئەگەر ئەو خۆی بیویستایە دەمێک بوو خەرجی خۆی کێشابوو.

**یۆهان تۆننەسێن:** مەبەستت ئەوەیە ئەو دەیتوانی شوو بکا؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، دەیتوانی لە حاڵوبارێکی زۆر شیاوتردابێ؛ چەندجارێک شانسی باشی بۆ هەڵکەوت؛ کچێکی دەستکورت، ئیتر هەرزەکارنەبیت و تاڕادەیەک لەو ماڵەی تێیدای، هیچ نەبیت.

**یۆهان تۆننەسێن:** هیچ نەبیت؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێستا من هەرگیز لۆمەی ئەو ناکەم و هەرگیز ئاواتەخوازی ئەوەنیم ئەو جۆرێکی تر بێ. تۆ دەبێ بزانیت، لەماڵێکی گەورەدا، وەک ئەمەی ئێمە، چاکە هەمیشە کە کەسێکی سادەی ئاوها هەبێ. کە مرۆ بتوانێ بەردەستیی پێ بکا.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، بەڵام ئەو–؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەو؟ مانای چی؟ ئا، بێگومان ڕاستە ئەو سەرگەرمیی خۆی هەیە؛ ئێ ئەو بێتی و ئۆلاف و منی هەیە. مرۆڤ نابێ لەسەروو هەمووشتێکەوە هەر بیر لەخۆی بکاتەوە، وە بەتایبەتی ئافرەتان. ئێمە هەموو، کۆمەڵگایەکمان هەیە کە دەبێ یارمەتی بدەین و ئیشی بۆبکەین ئیتر ئەو کۆمەڵگایە گەورەبێ یان بچووک. من بەشبەحاڵی خۆم ئاوهام (ئاماژە بۆ پارێزەرکراپ دەکا، کە لەلای ڕاستەوە دێتەژوورەوە) بەڵێ، هەر ئێستا ئەمە بەڵگەیەکە بۆ قسەکەم. پێت وایە ئەمە کاری تایبەتی شەخسی خۆمە کە من بەشداریی تێدا دەکەم؟ بە هیچ جۆرێک.

(بەپەلە ڕوودەکاتە کراپ) ئێ؟

**پارێزەرکراپ:** (لەسەرخۆ، دەستەوارەیە کاغەزی پیشان دەدا) هەموو گرێبەستەی کڕینەکان تەواون.

**کونسووڵ بێرنیک:** زۆرچاکە! زۆر نایابە! بەڵێ، ئێستا، ژنبرا، دەبێ تۆ بەڕاستی بۆ ماوەیەکی کورت لێم ببووریت (بە دەنگی نزم و بە تەوقەکردنەوە) یۆهان، سوپاس، سوپاس؛ دڵنیابە ئەوەی پێم بکرێ لە خزمەتتدام،ئیتر تۆ باش لێم تێ دەگەی. وەرە، جەنابی کراپ.

(پێکەوە دەچنە ژوورەکەی کونسووڵەوە).

**یۆهان تۆننەسێن:** (ماوەیەک لەدواوە سەیری دەکا) هم – (دەیەوێ بچێتە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە، لەوکاتەدا مارتا لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە و سەبەتەیەکی بچکۆلانەشی لە قۆڵدایە).



**یۆهان تۆننەسێن:** نا سەیرکە، مارتا!

**مارتا:** ئۆە – یۆهان – ئەوە تۆی؟

**یۆهان تۆننەسێن:** تۆش ئاوها زوو ئامادەی چوونە دەرەوەی.

**مارتا:** بەڵێ. کەمێک چاوەڕێبە؛ هەر ئێستا ئەوانی تریش دێن.

(دەیەوێ لەلای چەپەوە بچێتە دەرەوە).

**یۆهان تۆننەسێن:** گوێ بگرە، مارتا، تۆ هەمیشە ئاوها بە پەلەی؟

**مارتا:** من؟

**یۆهان تۆننەسێن:** دوێنێ وەکو شتێک چوویتە دەرەوە، من هیچ قسەم لەگەڵدا نەکردی، ئەمرۆش –

**مارتا:** بەڵێ، بەڵام –

**یۆهان تۆننەسێن:** جاران ئێمە هەمیشە پێکەوە بووین، ئێمە دوو هاورێ وهاویاریی کۆنین.

**مارتا:** ها، یۆهان، ئەوە ساڵانێکی زۆر زۆر لەمەوبەرە.

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەی خوایە، پانزەساڵ لەمەوبەرە، نەکەم نەزیاد. لەوانەیە تۆ پێت وابێ من زۆر لە خۆم گۆڕابم؟

**مارتا:** تۆ، ئا بەڵێ، تۆش، هەرچەندە –

**یۆهان تۆننەسێن:** مەبەستت چییە؟

**مارتا:** ها، هیچ نییە.

**یۆهان تۆننەسێن:** تۆ لەوەناچێ بەدووبارە بینینەوەی من خۆشحاڵ بیت.

**مارتا:** یۆهان، من ئەوەندە چاوەڕێم کردی، زۆر زۆر.

**یۆهان تۆننەسێن:** چاوەڕێت کرد؟ هەتا من بێمەوە؟

**مارتا:** بەڵێ.

**یۆهان تۆننەسێن:** بۆچی تۆ مەبەستت بوو من بێمەوە؟

**مارتا:** تا سزای تاوانەکەت وەرگری.

**یۆهان تۆننەسێن:** من؟

**مارتا:** تۆ لەبیرت چووەتەوە کە ئافرەتێک بەهۆی تۆوە لە تەنگانەو ڕیسواییدا مرد؟ تۆ لەبیرت چووەتەوە کە بەهۆی تۆوە منداڵێک باشترین ساڵەکانی گەشەکردنی لێ تاڵبوو؟

**یۆهان تۆننەسێن:** من دەبێ ئەمەم لە تۆوە گوێ لێ بێ؟ مارتا، براکەت هەرگیز–؟

**مارتا:** ئەو چی؟

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەو هەرگیز؛ بەڵێ، من مەبەستم ئەوەیە، ئەو بایی وشەیەک پاکانەی بۆ نەکردووم؟

**مارتا:** بەداخەوە، یۆهان، تۆ ڕستە سەرەکییە توندوتیژەکانی کەشتن دەناسی.

**یۆهان تۆننەسێن:** هەم، بەڵێ بێگومان، بێگومان، من ڕستە سەرەکییە سەختەکانی کەشتنی کۆنە هاوڕێم باش دەناسمەوە. – بەڵام خۆ ئەمە! ئێستا. من تازە قسەم لەگەڵدا کرد، پێم وایە کەئەو خراپ گۆڕاوە.

**مارتا:** تۆ چۆن ئاوها دەڵێی؟ کەشتن هەمیشە پیاوێکی باش بووە.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، مەبەستم ئەوە نییە؛ بەڵام با وا بێ. هەم؛ من ئێستا تێ دەگەم تۆ چۆن سەیری منت کردووە؛ تۆ چاوەڕێی گەڕانەوەیەکی درۆزنانەت کردووە.



**مارتا:** گوێ بگرە، یۆهان من پێ دەڵێم چۆن من سەیری تۆم کردوە. (پەنجە بۆ ناوباخچەکە ڕادەکێشێ) ئەو کچە دەبینی کە لە چیمەنەکەدا لەگەڵ ئۆلافدا یاری دەکا؟ ئەوە دینایە. تۆبیرت دێتەوە ئەو نامە پەشۆکاوەی بۆت نووسیبووم ئەو کاتەی سەفەرت کرد؟ تۆ نووسیبووت کە من باوەڕت پێ بکەم. یۆهان، من باوەڕم پێ کردی. ئەو هەموو خراپەکارییانەی کە پاشان بوونە قسەوباسی ناوخەڵک، دەبێ لە گومڕایی بوون و لە بێ بیرکردنەوەو لە بێ مەبەستییەوە ڕوویان دابێ.

**یۆهان تۆننەسێن:** مەبەستت چییە؟

**مارتا:** ئۆ، تۆ باش تێم دەگەی؛ قسەی زیاتری ناوێ. بەڵام تۆ دیسان دەبووایە لەوێ، ژیانێکی تازە لەسەرەتاوە دەست پێ بکەیتەوە. دەبینی، یۆهان، من لێرە جێگری تۆ بووم، من، کۆنە هاوڕێی یاری کردنت. ئەو ئەرکانەی کە تۆ لەبیرت نەبوون لێرە ئەنجامیان بدەی هەستی، یان نەتدەتوانی ئەنجامیان بدەی، من لەبری تۆ پێیان ڕام پەراندن. من ئەمەت پێ دەڵێم، هەتا تۆ سەرزەنشتی خۆت نەکەی. من بووم بە دایکێک بۆ ئەومنداڵە زوڵم لێ کراوە، ئەوەندەی پێم کرابێ بەباشی پەروەردەم کردووە.

**یۆهان تۆننەسێن:** ژیانی خۆت لە پێناوی ئەو مەسەلەیەدا بەفیڕۆدا.

**مارتا:** بەفیڕۆدان نەبوو. بەڵام یۆهان، تۆ درەنگ هاتی.

**یۆهان تۆننەسێن:** مارتا، ئەگەر بشێ من پێت بڵێم، ڕێگەم بدە بۆ وەفای هاوڕێیەتیت سوپاست بکەم.

**مارتا:** (بەزەردەخەنەیەکی وشکەوە) هەم بەڵێ، ئێستا ئێمە قسەمان

کرد، یۆهان، بێدەنگ؛ هاتن، خوات لەگەڵ؛ من ناتوانم.

(لەدەرگـای دواوەی لای چەپەوە دەچێتـە دەرەوە. لوونا لەگـەڵ بێتی دا، لە باخچەکەوە دێنە ژوورەوە)

**بێتی:** (هێشتا لەنێو باخچەکەدایە) بۆ خاتری خوا، لوونا، تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە!

**لوونا:** دەڵێم وازم لێ بێنە؛ من دەمەوێ و هەردەبێ لەگەڵ ئەودا قسەبکەم.

**بێتی:** بەڵام ئەوە گەورەترین ئابڕووچوونە! ئۆف، یۆهان، تۆ لێرەی هێشتا؟

**لوونا:** بڕۆ دەرەوە، هەرزەکار؛ لێرە لەهەوای ئەم هۆڵەدا بەواق وڕماوی مەمێنەرەوە؛ بڕۆ خوارەوە بۆناو باخچەکە و لەگەڵ دینا قسەبکە.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، منیش ئێستا بیرم لەوەدەکردەوە.

**بێتی:** بەڵام –

**لوونا:** گوێ بگرە، یۆهان، بەڕاستی تۆ سەیری دینات کردووە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، من چاک سەیریم کردووە.

**لوونا:** بەڵێ، تۆ دەبێ بەڕاستی وەک خەڵاتێک سەیری بکەی، ڕۆڵە ئەو لایقی تۆیە!

**بێتی:** بەڵام، لوونا!

**یۆهان تۆننەسێن:** لایقی منە!

**لوونا:** بەڵی، من مەبەستم ئەوەیە، سەیری کە، بڕۆ!

یۆهان تۆننەسێن. بەڵێ، بەڵێ من بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەڕۆم.



(دەڕواتە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە.)

**بێتی:** لوونا، من حەپەساوم لە عاستی تۆدا، ئەمە هەرگیزناشێ تۆ بەڕاستت بێ.

**لوونا:** با، من ڕوحم ئاوهایە. باشە ئەوکچە ساخ و تەندروست و حەقیقی نییە؟ ئەو دروست ئەو ژنەیە کە شایستەی یۆهانە. ئەو لەوێ یەکێکی وای پێویستە ؛ ئەوە شتێکی ترە لەچاو زڕخوشکێکی پیردا.

**بێتی:** دینا! دینا دۆرف! تۆزێ بیرکەرەوە.

**لوونا:** من پێش هەمووشتێ بیر لە کامەرانیی کوڕەکە دەکەمەوە. دەبێ یارمەتیی بدەم؛ ئەو لەو شتانەدا گورجوگۆڵ نییە؛ هەرگیز ڕوانگەیەکی ڕاستی بۆ کچۆڵە و ئافرەتان نەبووە.

**بێتی:** ئەو؟ یۆهان! بەڕاستی وابزانم ئێمە بەڵگەی جەرگ بڕانەمان لەو بارەیەوە بەدەستەوەیە.

**لوونا:** ئەی شەیتان بەنەعلەت بێ، لەگەڵ ئەو بەسەرهاتە گەوجانەیەدا! کوا بێرنیک لەکوێیە؟ من دەمەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم.

**بێتی:** لوونا، من دەڵێم قسەی لەگەڵدا ناکەی!

**لوونا:** قسەی لەگەڵدا دەکەم. کوڕەکە ئەوی بەدڵ بێ و کچەکەش ئەوی بەدڵ بێ، ئیتر ئەوان دەبێ بۆیەک بن. بێرنیک خۆی پیاوێکی عاقڵە؛ ئەو دەبێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە.

**بێتی:** تۆ لەو باوەڕەدای کە ئەو بێ ئەدەبی و بێ ئابڕووییە ئەمریکیانەیە لێرە تەحەممول بکرێن.

**لوونا:** قسەی هیچ، بێتی –

**بێتی:** پیاوێکی وەک کەشتن، بەو جۆرە بیرکردنەوە سەختەی لەبارەی ئەخلاقەوە.

**لوونا:** دەدەی، دیارە ئەویش ئەوەندە بێ عەقڵانە سەخت نییە.

**بێتی:** تۆ چۆن زات دەکەی وابڵێی؟

**لوونا:** من جەسارەت دەکەم بڵێم کە کەشتن یەکجار ئەوەندە بەئەخلاقتر نییە لە چاو پیاوانی تردا.

**بێتی:** هێشتا ئەوەندە قووڵ ئەو کینەیەت بەرامبەر ئەو لە دڵدا ماوە! بەڵام تۆ ئیتر چیت لێرە دەوێ کە هەرگیز نەتوانیوە ئەوە لەبیر کەی کە؟ من تێ ناگەم چۆن تۆ پاش ئەو هەست بریندارکردنە پڕ شوورەییەی کە ئەوجارە بەرامبەریت کرد، جەسارەت دەکەی بێتە بەرچاوی.

**لوونا:** بەڵێ، بێتی، ئەوجارە من پیس تووڕەبووم.

**بێتی:** ئەو چەند جوامێرانە تۆی بەخشی، ئەو، کە هەتا ئێستا هیچ تاوانێکی نەکردوە! چونکە ئەوەی کە تۆ ئاواتە خوازی بووی ئەو خۆی لێ پاراست. بەڵام لەو کاتەوە تۆ قینیشت لە منە.(دەست دەکابەگریان) تۆ قەت کامەرانیم پێ ڕەوا نابینی. تۆ ئێستا هاتووی بۆئەوەی هەمووو ئەوەی هەمە هەڵی گێڕیتەوە بەسەرمدا، بۆئەوەی پیشانی شارەکەی بدەی کە من کەشتنم هێناوەتە چ خێزانێکەوە. بەڵێ، ئەوە بەسەر مندا دەشکێتەوە، تۆش ئەوەت دەوێ. ئۆ، ئەوە شوورەییە بۆ تۆ! (بەگریانەوە لە دەرگاکەی سەرەوەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە)

**لوونا:** (سەیری دەکا) بێتیی داماو!

(کونسووڵ بێرنیک لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە)





**کونسووڵ بێرنیک:** (هێشتا لە ناو دەرگاکەدایە) بەڵێ، بەڵێ چاکە جەنابی کراپ؛ هەر زۆر نایابە، ٤٠٠ کرۆن بۆ نان پێدانی هەژاران بنێرە. (ئاوڕدەداتەوە) لوونا! (نزیک دەبێتەوە) ئەوە تۆ بە تەنیای؟ بێتی نەهاتووە؟

**لوونا:** نەخێر، بچم بانگی کەم؟

**کونسووڵ بێرنیک:** نا، نا، نا، وازی لێ بهێنە! ئۆهـ، لوونا، تۆ نازانی چەند بە تاسەوە بووم، بۆ ئەوەی بەڕاشکاوانە قسەت لەگەڵدا بکەم، بە تاسەوە بووم لێت بپاڕێمەوە تا بمبەخشی.

**لوونا:** گوێ بگرە، کەشتن، با خومان نەدەینە دەست سۆز؛ لێمان نایەت.

**کونسووڵ بیرنیک:** لوونا، تۆ پێویستە گوێم لێ بگری. من دەزانم چۆن خۆم پیاو خراپ کرد، ئەو کاتەی تۆ بەوەی دایکی دینات زانی. بەڵام من سوێندت بۆ دەخۆم، ئەوە تەنیا گومڕاییەکی کەم وەخت بوو؛ من بە حەقیقەت، بەڕاستی و دروستی جارێک لە جاران خۆشم دەویستی.

**لوونا:** تۆ پێت وایە من بۆچی گەڕاومەتەوە بۆ ئێرە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ هەچییەکت لە مێشکدابێ، ئیتر من لێت دەپاڕێمەوە هیچ نەکەی هەتا من بێ تاوانیی خۆم دەسەلمێنم، لوونا، من دەتوانم بێگوناحیی خۆم بسەلمێنم؛ من دەتوانم لە هەمووو حاڵەتێکدا داوای لێبووردن بکەم.

**لوونا:** تۆ ئێستا دەترسی. تۆ دەڵێی، جارێک لە جاران خۆشت دەویستم. بەڵێ، تۆ لە نامەکانتدا زوو زوو لەوە دڵنیات دەکردمەوە؛ ئەشێ ئەوەش ڕاست بووبێ – بەجۆرێک، هەتا ئەو

دەمەی تۆ لە دەرەوە لە دنیایەکی گەورەو ئازاددا ژیانت بەسەردەبرد، ئەو دنیایەی کە ئازایەتی دەدایتێ هەتا گەورەوئازادانە بیربکەیتەوە. لەوانەیە تۆ لەلای من کەمێک زیاتر لەچاو ئەوەی لەلای زۆربەی ئەوانیتر لێرە کەسێتی و ئیرادە و سەربەخۆییت دۆزیبێتەوە. پاشان لەبەینی ئێمە هەردووکماندا نهێنییەک هەبوو؛ کەس نەبوو ئەو ئیشەخراپەی تۆی پێ خۆش بێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** لوونا، لەگەڵ ئەوەشدا چۆن دەبێ تۆ لەوباوەڕەدابی–

**لوونا:** بەڵام کاتێک کە تۆ گەڕایتەوە؛ کاتێک کە گوێت لەو تانەوتوانجانەبوو کە وەک تەرزە بەسەر مندا دەبارین؛ کە گوێت لە قاقای پێکەنین بوو بە وەی ئەوان ناویان نابوو ڕەفتارە گەوجانە و پڕ لە هەڵەکانی من

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوسا تۆ گوێت بە هیچ شتێک نەدەدا.

**لوونا:** زیاتر لەبەر ئەوەی ئەو توندڕەوە بەحەیاوحورمەتە کراس وپانتۆڵ لەبەرانە تووڕە بکەم کە بەفیزەوە لە شارەکەدا دەهاتن ودەچوون. ئەوسا تۆ ئاشنایەتیت لەگەڵ ئەو خانمە ئەکتەرە دڵفرێنەدا پەیداکرد.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوە تەنیا لە گاڵتەیەکی پۆشتەوپەرداخ زیاتر، هیچی تر نەبوو؛ من سوێندت بۆ دەخۆم، یەک لەسەر دەی ئەو پڕوپاگەندانە و قسەوقسەڵۆکانەی هاتنە ئاراوە ڕاست نەبوون.

**لوونا:** با وازلەوەبێنین؛ بەڵام ئەی ئەو کاتەی بێتی گەڕایەوە بۆ ئێرە و شۆخ و گەشاوە، هەموو دەیانپەرست، کاتێک کە زانرا ئەو



هەموو سەروەتەکەی پووری بە میراتی بۆ دەمێنێتەوە و من هیچم لەو سەروەتە بەر ناکەوێ –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، لوونا، ئێستا ئێمە لە مەسەلەکە نزیک بووینەوە؛ ئێستا بۆت باس دەکەم بەبێ پێچ وپەنا. من ئەوسا بێتیم خۆش نەدەویست؛ من لەبەر مەیل و حەزی تازەم بۆ کەسانی تر وازم لە تۆ نەهانی. ڕاستەوخۆ لەبەر خاتری پارە بوو؛ من ناچار بووم ئەوە بکەم؛ من دەبووایە ئەو سەروەتە بۆ خۆم مسۆگەربکەم.

**لوونا:** تۆ لەبەر چاوی خۆم وا دەڵێیت؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، من لەبەرچاوی خۆتدا پێتدەڵێم. گوێم لێ بگرە، لوونا

**لوونا:** بەڵام تۆ بۆت نووسیبووم کە خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ بێتی هەراسانی کردووی، لە نەجابەتیم پاڕایتەوە، من سوێندم خوارد لەبەرخاتری بێتی ئەوە نەدرکێنم کە لە بەینماندا هەبوو.

**کونسووڵ بێرنیک:** من دەڵێم، ناچار بووم ئەوە بکەم.

**لوونا:** دەسا بەوخودا زیندووە، لەو ڕەفتارەی کە ئەوجارە بەرامبەرتم کرد پەشیمان نیم.

**کونسووڵ بێرنیک:** لێ مگەڕێ با ئارام و لەسەرخۆ پێت بڵێم ئەو ڕۆژانە بارودۆخەکە چۆن چۆنی بوو. خۆ تۆ لەبیرتە کە دایکم، سەرپەرشتیی کارگێڕیی کارگەکەی دەکرد؛ بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەک لە کارگێڕیی نەدەزانی. بەپەلە من لە پاریسەوە بانگ کرامەوە بۆ ئێرە؛ کاتێکی زۆرخراپ بوو؛ من دەبووایە کارگەکە هەڵسێنمەوە. بەڵام من چیم بینی؟ ئەوەم بینی، کە دەبووایە زۆر

بەنهێنی بمێنێتەوە، کارگەیەکی زۆر چاک ئیفلاس کردوو، بەڵێ، ئەو کارگە کۆنەی کە بەرەی سێ نەوەبوو، زۆر چاک ئیفلاسی کردبوو. من چیم هەبوو، منی کوڕی تاقانە زیاتر لەوەی بەدوای وەسیلەیەکی فریاکەوتندا بگەڕێم؟

**لوونا:** ئینجا تۆ لەسەر حیسابی ئافرەتێک کارگەی بێرنیکت ڕزگارکرد.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ باش دەزانی بێتی منی خۆش دەویست.

**لوونا:** ئەی من؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لوونا، باوەڕم پێ بکە، تۆ هەرگیز لەگەڵ مندا بەختەوەر نەدەبووی.

**لوونا:** ئەوە لە پێناوی ئاگاداری کردنی بەختەوەریمدابوو تۆ منت کردە قوربانی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لەوانەیە تۆ لەوباوەڕەدابی کە من لەبەر قازانجی خۆم ئەوەم کرد کە کردم؟ ئەگەر ئەو کاتە من بە تەنیا بمامایەتەوە، ئەوا دەبوو من چاوقایمانە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەمەوە. بەڵام تۆ نازانی بازرگانێک چۆن پێ دەگا، لەژێر بەرپرسیارتییەکی ئێجگار زۆری، ئەو داوودەزگا بازرگانییەیی کە بە میراتی بۆی دەمێنێتەوە. تۆ دەزانی کە سەدەها، بەڵێ هەزارەها خێروخۆشی پەیوەستە بەو کەسەوە؟ تۆ بەگوێرەی ئەو پێوانەیە بیر ناکەیتەوە کە ئەگەر کارگەی بێرنیک سەرەونگوم بووایە، ئەوا کاری دەکردە سەر تەواوی ئەو کۆمەڵگایەی کە من و تۆ بە وڵات ناوی دەبەین؟

**لوونا:** ئایا لەبەر خاتری کۆمەڵگایە کە تۆ بەدرێژاییی ئەم پانزەساڵە لە درۆییا دەژی؟



**کونسووڵ بێرنیک:** لە درۆیدا؟

**لوونا:** بێتی چی لەبارەی هەموو ئەو مەرامانەوە دەزانێ کە لەژێرەوە و پێش وەخت لە پەیوەندییەکەیدا بەتۆوە هەن؟

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ لەوباوەڕەدای کە من بێ هیچ سوودێک بمەوێ ئەو برینداربکەم، بەوەی ئەو شتانەی بۆ دەرخەم؟

**لوونا:** دەڵێی، بێ هیچ سوودێک؟ بەڵێ، بەڵێ، تۆ بازرگانی؛ تۆ دەبێ لە شتە سوودمەندەکان تێ بگەیت. بەڵام کەشتن گوێ بگرە، منیش ئێستا دەمەوێ بێ پێچ وپەنا قسەبکەم. پێم بڵێ، ئایا تۆ بەڕاستی بەختەوەری؟

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ مەبەستت ئەوەیە، لە خێزانەکەمدا؟

**لوونا:** بەڵێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، لوونا. تۆ بۆ من هاوڕێیەکی قوربانیدەری بێهوودە نەبووی. من دەوێرم کە بڵێم ساڵ لەدوای ساڵ بەختەوەرتر دەبم. بێتی هەم باشەو هەم گوێڕایەڵە. ئەو بە تێپەڕبوونی ساڵ فێربووە چۆن مل بۆ ویستەکانی من ڕاکێشێ.

**لوونا:** هەم.

کونسووڵ بێرنیک. ئەو لەپێشدا وێنەیەکی تەواو هیسترییانەی لەبارەی خۆشەویستییەوە هەبوو؛ نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو بیرەدا خۆی تەباکا کە خۆشەویستی وردە وردە دەبێ بەگرێکی نەرمی هاوڕێیەتی.

**لوونا:** بەڵام ئێستا ئەو لەگەڵ ئەو بیرەدا خۆی گونجاندووە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بە تەواوەتی. بابزانی کە هامشۆی ڕۆژانەی ئەو لەگەڵ مندا بێ کاریگەرییەکی پێگەیشتووانە نەبووە لەسەری. ئەگەر مرۆڤ بیەوێ جێگەی ڕاستەقینەی خۆی بگرێ لەو کۆمەڵگایەیی تێدایە، دەبێ ڕەتکردنەوەی داخوازییەکانی خۆی لەیەکترییەوە فێربێ. بێتیش بەرەبەرە فێربوو و تێ گەیشت، لەبەر ئەوە ئێستا ماڵەکەمان نموونەیەکە بۆ هاووڵاتییانمان.

**لوونا:** بەڵام ئەو هاووڵاتییانە لەبارەی ئەو درۆیەوە هیچ نازانن؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لەبارەی ئەو درۆیەوە؟

**لوونا:** بەڵێ، لەبارەی ئەو درۆیەوەی کە تۆ پانزەساڵە تییدا دەژیت.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ بەوە دەڵێی —؟

**لوونا:** من بەوە دەڵێم درۆ. درۆی سێ کەڕەتی. درۆی یەکەمیان لەگەڵ من؛ پاشان درۆ لەگەڵ بێتی؛ ئینجا لەگەڵ یۆهان.

**کونسووڵ بێرنیک:** هەرگیز بێتی داوای ئەوەی نەکردووە کە من ڕاستی بدرکێنم.

**لوونا:** لەبەر ئەوەی کە ئەو هیچ نازانێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ ناتەوێ داوای ئەوە بکەی؛ لەبەرخاتری ئەو، تۆ ناتەوێ ئەوەبکەی.

**لوونا:** ئۆ نەخێر، من دەبووایە بمزانیایە کە دەبێ بەرگەی ئەوگوڵلەی قاقای پێکەنینانە بگرم؛ من پشتێکی پانم هەیە.

**کونسووڵ بێرنیک:** یۆهانیش نایەوێ داوای ئەوە بکا؛ ئەو ئەوەی پێ وتووم.

**لوونا:** بەڵام کەشتن ئەی تۆ خۆت؟ ئایا هیچ شتێک لە دەروونتدا کە



داوات لێ بکات لەو درۆیە بێیتە دەرەوە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** من بمەوێ بەڕەزامەندیی خۆم کامەرانی خێزانەکەم و پلەو پایەم لە ناو کۆمەڵگادابکەم بە قوربانی!

**لوونا:** تۆ چ حەقێکت هەیە لەو جێگەیەدابیت کە تێیدایت؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لەماوەی ئەم پانزەساڵەدا من هەموو ڕۆژێک تۆزقاڵێک مافم بۆ خۆم مسۆگەرکردووە بە ئاکاری باشی خۆم، بەوەی من کارم تێدا دەکردو پێشم دەخست.

**لوونا:** بەڵێ. تۆ کارت زۆرکردووەو زۆریشت پێش خستووە، هەم بۆ خودی خۆت و هەم بۆ خەڵکی تر، تۆ بەدەسەڵاتدارترین و دەوڵەمەندترین پیاوی شارەکەی؛ لەژێر ویست و ئیرادەی تۆدا ئەوانی تر هەموویان لەملکەچکردن بەولاوە جورئەتی هیچی تریان نییە، لەبەر ئەوەی ئیعتیباری ئەوە بۆ تۆ دەکرێ کە تۆ بێ بێ هەڵەوپەڵەی؛ ماڵەکەت ئیعتیباردەکرێ بە ماڵێکی نموونەیی، هەڵسوکەوتت بە هەڵسوکەوتێکی نموونەیی. بەڵام هەموو ئەم شکۆیە، بە تۆ خۆشتەوە لەسەر زەلکاوێکی ناجێگیرولەنگ وەستاون. ساتێک دێ، وشەیەک دەوترێ، کە پێکەوە هەم تۆ و هەم تەواوی شکۆمەندیت سەرەونگوم دەبن، ئەگەر تۆ لەکاتی خۆیدا فریای خۆت نەکەوی.

**کونسووڵ بێرنیک:** لوونا، تۆ چیت لێرە دەوێ؟

**لوونا:** کەشتن، من دەمەوێ یارمەتیت بدەم بۆ گەیشتن بەکەنارێکی جێگیر تالەسەری ڕاوەستی.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆڵە! تۆ دەتەوێ تۆڵەی خۆت بکەیتەوە؟ من باش ئەوە دەزانم، بەڵام تۆ لەوەدا سەرکەوتوونابی! بەس تەنیا یەکێک

لێرەدا دەتوانێ ئەو نهێنییە بدرکێنێ، ئەو کەسەش قسەناکا.

**لوونا:** یۆهان؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، یۆهان. هەر کەسێکی تر بیەوێ تاوانبارم بکا، ئەوا من نکوڵی لێ دەکەم. ئەوەی بیەوێ لەناوم ببا، ئەوا من شەڕی ژیانی لەگەڵ دەکەم. بەڵام من پێم وتی، تۆ هەرگیز لەوەدا سەرکەوتو نابی! ئەوەی کە دەتوانێ تاوانبارم بکا، ئەو هیچ ناڵێ، ئەو دووبارە دەگەڕێتەوە.

(بازرگان ڕوومێل و بازرگان ڤیگەلاند لەلای ڕاستەوە دێن) .

**بازرگان ڕوومێل:** ڕۆژباش، ڕۆژباش، بێرنیکی ئازیز؛ دەبێ لەگەڵماندا بێیت بۆ یانەی بازرگانی؛ هەروەک دەزانی، ئێمە کۆبونەوەمان هەیە لەسەر مەسەلەی ئێستگەی هێڵی شەمەندەفەرەکە.

**کونسووڵ بێرنیک:** مەحاڵە، من ئێستا ناتوانم.

**بازرگان ڤیگەلاند:**جەنابی کونسووڵ ئێوە پێویستە –

**بازرگان ڕوومێل:** بێرنیک، تۆ دەبێ بێیت. خەڵکانێک لەوێ هەن کە دژی ئێمە کاردەکەن. سەرنووسەر هامەر و ئەوانی تر کە پارێزگاری لە هێڵی کەنارەکان دەکەن، دەڵێن گوایە کە بەرژەوەندی تایبەتی لە پشتی ئەو پرۆژە نوێیەوە هەیە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێستا، بۆیان ڕوون بکەنەوە کە –

**بازرگان ڤیگەلاند:** جەنابی کونسووڵ، ئێمە هەرچۆنێک بۆیان ڕوون بکەینەوە سوودی نییە –

**بازرگان ڕوومێل:** نەخێر، نەخێر، تۆ خۆت دەبێ بێیت؛ بێگومان ئەوسا کەس جورئەتی ئەو جۆرە گومان کردنانە لە تۆ ناکا.

**لوونا:** نەخێر، منیش لەو باوەڕەدام.



**کونسووڵ بێرنیک:** من دەڵێم، ناتوانم؛ نەخۆشم؛ یان بەهەرحاڵ، چاوەڕێ کەن، لێم گەڕێن باخۆم کۆکەمەوە.

(مامۆستا ڕۆرلووند لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ببوورە، جەنابی کونسووڵ؛ ئێوە من بەم پەشێوییە زۆرەوە دەبینن –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ، گیروگرفتان چییە؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** من پێویستە پرسیارێکتان لێ بکەم، جەنابی کونسووڵ. ئایا بەڕەزامەندی جەنابتانە کە ئەو کچە گەنجەی پەنایهێناوەتە ژێر سایەی جەنابتانەوە، لە شەقامە گشتییەکاندا خۆی پیشان بدا لەگەڵ مرۆڤێکی وەک –

**لوونا:** لەگەڵ چ مرۆڤێکدا، جەنابی قەشە؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** لەگەڵ مرۆڤێکدا، کە لەنێو هەموو مرۆکانی دنیادا، پێویستە ئەو کچە تەنیا لەو دوورخرێتەوە.

**لوونا:** ئەهـ–ا!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئایا ئەوە بەڕەزامەندیی ئێوەیە، جەنابی کونسووڵ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەدوای شەپقەودەستکێشەکانیدا دەگەڕێ) من هیچ نازانم، ببوورە؛ پەلەمە؛ من دەبێ بچم بۆ یانەی بازرگانان.

**هیلمار تۆننەسێن:** (لەباخچەکەوە دێ و بەرەولای دەرگاکەی سەرەوە بۆلای چەپ دەڕوا) بێتی. بێتی، گوێ بگرە!

**بێتی:** چییە؟

**هیلمار تۆننەسێن:** برۆ خوارەوە بۆ ناوباخەکە و کارێک بکە بۆ کۆتاییپێهێنان هەوڵی کەسێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی دینا دۆرف. من تاڕادەیەک هەر پەشۆکام کە گوێم لێ بوو.

**لوونا:** ئەوها؟ ئەو کەسە چی وت؟

**هیلمارتۆننەسێن:** ئۆ، هیچ بێجگەلەوەی کە ئەو شەخسە دەیەوێ دینا لەگەڵیدا بچێ بۆ ئەمریکا، ئاخ!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** شتی وا دەبێ؟

**بێتی:** دەڵێی چی!

**لوونا:** ئەوە شتێکی زۆر باشە.

**کونسووڵ بێرنیک:** مەحاڵە! تۆ بە هەڵە گوێت لێ بووە.

**هیلمار تۆننەسێن:** ئێ لە خۆی بپرسە. ئەوا هەردوکیان هاتن، بەڵام با من نەکەومە ناو ناوانەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (ڕوودەکاتە ڕوومێل وڤیگەلاند) من دوایی دێم، پاش تۆزێکی تر

(بازرگان ڕوومێل و بازرگان ڤیگەلاند لەلای ڕاستەوە دەڕۆنە دەرەوە، یۆهان تۆننەسێن و دینا لە باخچەکەوە دێنە ژوورەوە)

**یۆهان تۆننەسێن:** هووڕا، لوونا، دینا لەگەڵ ئێمەدا دێ!

**بێتی:** بەڵام، یۆهان، چەواشە!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئایا ئەمە ڕاستییە! ئەوپەڕی ئابڕوچوون! بە چ هونەرێکی فریودان تۆ-؟

**یۆهان تۆننەسێن:** هێواش، هێواش، پیاو؛ ئەوە دەڵێن چی؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** دینا، وەڵامم بدەرەوە؛ ئایا ئائەمە کردەوەی ئێوەیە،



ئایا ئەمە تەواو بڕیاری سەربەخۆی ئێوەیە؟

**دینا:** من پێویستە لێرە دوورکەومەوە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵام لەگەڵ ئەودا، لەگەڵ ئەودا!

**دینا:** یەکێکی کەم پێ بڵێ کە لێرە ئەو جەسارەتەی تێدابێ و بمبا لەگەڵ خۆیدا.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** باشە، ئێستا ئێوە پێویستە بزانن ئەمە کێیە.

**یۆهان تۆننەسێن:** قسە مەکە!

**کونسووڵ بێرنیک:** یەک وشەی زیاتر ناوترێ!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** کەوابوو من خراپ خزمەتی ئەو کۆمەڵگایەم کردووە ئەگەر پاسەوانیکردنی ئاکارو داوونەریت لە ئەستۆی مندابێ و هەڵنەستم بە بەرگریکردن لەم کچە گەنجە، کە لە پەروەردەکردنیشیدا من ڕۆڵێکی گرنگم هەبووە، و کە بۆ من –

**یۆهان تۆننەسێن:** ئاگاداری خۆتان بن بزانن چی دەکەن!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئەو پێویستە بیزانێ! دینا، ئا ئەم پیاوە باعیسی بەدبەختی و ئابڕوچوونی دایکی ئێوە بوو.

**کونسووڵ بێرنیک:** جەنابی مامۆستا-!

**دینا:** ئەو! (ڕوودەکاتە یۆهان تۆننەسێن) ئەوە ڕاستە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** کەشتن، وەڵام بدەرەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بێ قسەکردن! ئەمڕۆ لێرەدا هیچ ناوترێ.

**دینا:** کەواتە ڕاستە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ڕاستە، ڕاستە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئائەم بەشەرە، کە لەلای ئێوە بەنرخە، بەدەستی بەتاڵ لەماڵەوە

هەڵنەهات؛– قاسەکەی بێرنیکی بێوە ژنیشی –؛ کونسووڵ دەتوانێ شایەتی ئەوە بدا!

**لوونا:** بوختانە!

**کونسووڵ بێرنیک:** ئاخ!

**بێتی:** خوایە هاوار، خوایە هاوار!

**یۆهان تۆننەسێن:** (دەستی بەرز دەکاتەوەو بەرەو ڕووی مامۆستا دەچێ) تۆ چۆن جوورئەت دەکەیت –!

**لوونا** (بەناوبڕیکردنەوە): یۆهان لێی نەدەی!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** با، دەستیشم بۆ درێژکەن. ڕاستی هەر دەردەکەوێ؛ ئەوە حەقیقەتە؛ کونسووڵ بێرنیک خۆی ئەوەی وت و هەموو شارەکەش ئەوە دەزانن. دینا، ئێستا، ئێوە ئەوتان بۆ دەرکەوت.

(بێدەنگییەکی کورت)

**یۆهان تۆننەسێن:** (لەسەرخۆ، قۆڵی کونسووڵ بێرنیک دەگرێ:. کەشتن، کەشتن، چیت کردووە!

**بێتی:** (بەنزمی و بەدەم گریانەوە) ئۆی، کەشتن، من چۆن ئەوها تۆم خستووەتە ناو ئەم هەموو ڕیسواییەوە.

**بازرگان ساندستاد:** (بەپڕتاو دەرگاکەی لای ڕاست دەکاتەوە و بێ ئەوەی دەسکی دەرگاکە بەردا هاواردەکا) جەنابی کونسووڵ، ئێوە پێویستە هەر ئێستا بێن! تەواوی مەسەلەی ئیستگەی شەمەندەفەرەکە بەداوێکی باریکەوە هەڵواسراوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (هۆشی لەلای خۆی نییە) ئەوە چییە؟ من چی بکەم؟



**لوونا:** (بە جیددی و بە دەنگی بەرز) تۆ بچۆ یارمەتیی کۆمەڵگا بدە، زاوا.

**بازرگان ساندستاد:** بەڵێ وەرە، وەرە؛ ئێمە پێویستمان بە تەواوی قورساییی ئەخلاقیی جەنابتان هەیە.

**یۆهان تۆننەسێن:** (لەنزیکییەوە) بێرنیک، ئێمە هەردوکمان بەیانی قسەدەکەین.

(یۆهان لە باخچەکەوە دەچێتە دەرێ؛ کونسووڵ بێرنیک وەک بەبێ ئیرادەی خۆی بڕوا ئاوها لەگەڵ ساندستادا لەلای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە)

## بەشی سێیەم

له هۆڵی سەرباخچەکە ی ماڵی کونسووڵ بێرنیکدا

(کونسووڵ بێرنیک، حەیزەرانێکی بەدستەوەیەو زۆر بەتوورەییەوە لەژوورەکەی لاییی چەپەوە دێتەدەرەوە و دەرگای ژوورەکە بەنیوەکراوەیی له دوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێ)

**کونسووڵ بێرنیک:** ببینه؛ ئەوا بۆ تەنیا جارێک بوو بە ڕاست؛ من بزانم ئیتر ئەو شەپازلەیەی لەبیرناچێتەوە.(بە کەسێک دەڵێ کە لە ژوورەوەیە) چی دەڵێی؟– منیش دەڵێم تۆ دایکێکی بێ مەعریفەتی! تۆ پاکانەی بۆ دەکەی، پشتیوانی لە چەقاوەسوویەکی وا دەکەی. چەقاوەسوو نییە؟ ئەی تۆ ناوی دەنێی چی؟ بەشەو بەدزییەوە لەماڵ دەچێتەدەرەوە، بەبەلەمی ڕاوەماسی دەڕواتەناو دەریاوە، هەتابەیانی نایەتەوە و من دووچاری ترسێکی کوشندە دەکا، من، کە ئەمەندە شتی ترم زۆرە بیری لێ بکەمەوە. سەرباشقەی ئەوەش ئەو خوێڕییە جەسارەتی ئەوە دەکا کە هەڕەشەی لەماڵەوە هەڵهاتن بکا! بەڵێ، وازی لێ بێنە با ئەوە تاقی بکاتەوە! تۆ؟ نەخێر، چاک باوەڕت پێ دەکەم؛ تۆ زۆر بەتەنگ خێرو خۆشیی ئەوەوە نایەی. باش دەزانم، ئەگەر بشمرێ! ئیتر؟ بەڵێ، من کارێکم هەیە کەپاش خۆم لەم دنیایەدا بەجێی دەهێڵم؛ من شایانی ئەوە نیم منداڵم لەدەست بچێ. بێ هیچ پێداگرتنێک، بێتی؛ هەر ئەوەیە



کە من ووتومە؛ ئەو لەماڵەوە دەستبەسەرە– (گوێ دەگرێ) بێدەنگ؛ با کەس شک بەهیچ نەکا.

(پارێزەر کراپ لەلای راستەوە دێتە ژووری)

**پارێزەر کراپ:** جەنابی کونسووڵ، تۆزێک بوارتان هەیە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** (حەیزرانەکە فڕێ دەدات) بەڵێ، بەڵێ. لە ورشەکەوە دێن؟

**پارێزەر کراپ:** دەمودەست لەوێوە. هم –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێ؟ خۆ ‹ لقە دارخورما› هیچ گرفتێکی نییە؟

**پارێزەر کراپ:** ‹ لقە دارخورما› سبەینێ دەتوانێ بەڕێ کەوێ بەڵام –

**کونسووڵ بێرنیک:** ‹کچی هیندیی سوور› یش هەمان شت؟ لەو باوەڕەدا نەبووم کە ئەو کەللە ڕەقە –

**پارێزەر کراپ:** هەروەها سبەینێ ‹کچی هیندیی سوور› یش دەتوانێ بەڕێ کەوێ؛ بەڵام – ئاشکرایە کە ناگاتە شوێنی خۆی.

**کونسووڵ بێرنیک:** مەبەستان چییە؟

**پارێزەر کراپ:** ببوورە، جەنابی کونسووڵ؛ ئەو دەرگایە کراوەتەوە و وابزانم یەکێک لەوێ لە ژوورەوەیە –

**کونسووڵ بێرنیک:** (دەرگاکە دادەخات) ئەها ئەه. بەڵام ئەوە چییە کە کەس نابێ گوێی لێ بێ؟

**پارێزەر کراپ:** ئەوەیە کە بەلەمساز ئەونا تەواو وای لەخەیاڵدایە کارێ بکا کە ‹کچی هیندیی سوور› بە خەڵک و بارەوە ژێر ئاو کەوێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** خوا ڕەحم کا، چۆن ئێوە شتی وا دەڵێن –؟

**پارێزەر کراپ:** ناتوانم ئەوە بە شێوەیەکی تر ڕوون بکەمەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** هەوڵ دە، بە کورتی بۆم باس کەی.

**پارێزەر کراپ:** هەوڵ دەدەم، خۆتان دەزانن کارەکان لە ورشە چەند هێواش بەڕیوە دەچن، لەوەتەی ئەو ئامێرە تازانە و ئەو کرێکارە نائاساییە تازانەمان بۆ هاتووە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ.

**پارێزەر کراپ:** بەڵام ئەم بەیانییە، کە چووم بۆ ئەوێ، سەیرم کرد کە چاکردنەوەی بەلەمە ئەمریکییە زەبەلاحەکە، زۆر سەرسووڕهێنەرانە پێش کەوتووە؛ ئەو پارچە پینەگەورانەی بنەکەی، دەزانن، شوێنە قەوسە ڕزیوەکان –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ، ئەوە چی؟

**پارێزەر کراپ:** بەڕواڵەت، تەواوی چاککرابوون ؛ بەشی سەرەوەی؛ تاڕادەیەک وەک تازە دیاربوو؛ گوێم لێ بوو کە ئەونا خۆی هەموو شەوەکە لەبەر مۆم لەوێ ئیشی کردبوو.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ، دوای ئەوە؟

**پارێزەر کراپ:** کە چووم؛ خەڵکەکە پشووی نان خواردنی بەیانیان هەبوو، فرسەتێکم دۆزییەوە کەس نەمبینێ تا لە هەردوو لاوە هەم لە دەرەوە و هەم لەناوەوە سەیری بکەم؛ چوونە خوارەوە بۆ ناو ئەو پاپۆڕە بارکراوە زەحمەت بوو؛ بەڵام ناوی خوام لێ هانی. جەنابی کوونسوڵ، کارەکە فڕوفێڵی تێداکراوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** جەنابی کراپ، من باوەڕتان پێ ناکەم. ناتوانم، باوەڕ ناکەم کە ئەونا بەو شێوەیە بێ.

**پارێزەر کراپ:** وتنی ئەم شتە ئازارم دەدا، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی بێ



خەوشە. دەڵێم، فڕوفێڵی تێداکراوە. ئەوەندەی من بزانم هیچ داری بلۆکی تازەی بۆ دانەنراوە؛ تەنیا بە لەوح و قوماشی چادر و ئەوشتانە چەکوشکاری تێدا کراوە، هەر ئیش بڕوا. پوخت فڕوفێڵ وساختەیە! ‹کچی هیندیی سوور› هەرگیز ناگاتە نیۆرک؛ وەک مەنجەڵی کون، بن ئاو دەکەوێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەمە زۆر سامناکە! بەڵام بە باوەڕی ئێوە ئەو لەوەدا چ مەبەستێکی هەیە؟

**پارێزەر کراپ:** ڕەنگە بیەوێ بێ متمانەییی ئامێرەکان لای خەڵک بڵاوکاتەوە؛ بیەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە؛ دووبارە لێخۆشبوونی کرێکارە کۆنەکان بخوازێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** لەوانەیە ژیانی ئەو خەڵکە زۆرە هەموویان بکاتە قوربانی.

**پارێزەر کراپ:** ئەو خۆی تازە وتی: مرۆڤ لە ناو کەشتی ‹ کچی هیندیی سوور›دا بوونی نییە، هەژدیها نەبێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** باشە، باشە، لێ گەڕێ با وابێ؛ بەڵام ئەی بیر لەو سەرمایە گەورەیە ناکاتەوە کە بەخەسار دەچێ؟

**پارێزەر کراپ:** جەنابی کونسووڵ، ئەونا چاوی باش ئەو سەرمایە گەورەیە نابینێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ڕاستە؛ ئەو کەسێکی دنەدەرو و ئاژاوە گێڕە؛ بەڵام مامەڵە کردنێکی ئەوەندە بێ ویژدانانە –.

گوێ بگرە، جەنابی کراپ؛ پێویستە ئەم مەسەلەیە دووجار بپشکنرێ. لەم بارەیەوە نابێ بەکەس بوترێ. ئەگەر خەڵک بەوە بزانن، ورشەی بەلەمسازییەکەمان بەدناو دەبێ.

**پارێزەر کراپ:** دیارە، بەڵام –

**کونسووڵ بێرنیک:** لەکاتی پشووی نانخواردنی ئێوارەدا دەبێ دووبارە بڕۆنەوە بۆ ئەوێ و سەیرکەن؛ من دەبێ تەواو لەوە دڵنیا بم.

**پارێزەر کراپ:** مسۆگەری دەکەم، جەنابی کونسووڵ؛ بەڵام بمبوورە، پاشان دەتانەوێ چی بکەن؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بێگومان مەسەلەکە بە پۆلیس ڕادەگەیەنین. ئێمە ناتوانین خۆمان بکەینە هاوبەش لە تاوانێکی ڕاستەو خۆدا.

من دەبێ ویژدانی خۆم بارگران نەکەم. هەروەها ئەوە بەتەواوی کارێگەرییەکی باشی دەبێ هەم لە ڕاگەیاندندا و هەم لە نێو کۆمەڵگادا کاتێک دەبینن کە من هەموو بەرژەوەندی شەخسیی خۆم دەخەمە لاوە و ڕێگە بەدادپەروەری دەدەم ڕاڕەوی خۆی بگرێ.

**پارێزەر کراپ:** زۆر ڕاستە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام پێش هەموو شتێک دڵنیابوونی تەواو و بێدەنگی هەتا –

**پارێزەر کراپ:** بێ قسە، جەنابی کونسووڵ؛ لەوبارەیەوە دڵنیابن.(پارێزەرکراپ لەباخچەکەوە دەڕواتە دەرەوە و لە شەقامەکەوە بەرەوخوار دەبێتەوە)

**کونسووڵ بێرنیک:**(بەدەنگێکی کەمێک بەرز) سەیرە! بەڵام نەء، شتی وا نابێ، ناچێتە عەقڵەوە!

(لەوکاتەی ئەو دەیەوێ بچێتە ژوورەکەی خۆی، هیلمارتۆننەسێن لەلای ڕاستەوە دێتەژوورەوە)

**هیلمار تۆننەسێن:** ڕۆژباش، بێرنیک! پیرۆزبایی سەرکەوتنەکەی



دوێنێی یانەی بازرگانیت لێ دەکەم.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆه، سوپاس.

**هیلمار تۆننەسێن:**بیستوومە، کە سەرکەوتنەکەی دوێنێ سەرکەوتنێکی زۆر چاک بووە، سەرکەوتنی هۆشی هاووڵاتیی ژیر بەسەر بەرژەوەند پەرستی و پێشداوەریدا، تاڕادەیەک وەک هێرشی فەڕەنسییەکان وایە بۆسەر خێڵەکان. سەیرە کە تۆ دوای ئەو پێشهاتە ناخۆشانەی ئێرە

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ، وازی لێ بهێنە.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵام هێشتا جەنگی سەرەکی دەستی پێ نەکردووە.

**کونسووڵ بێرنیک:** مەبەستت، لە مەسەلەی ئێستگەی شەمەندەفەرەکەیە؟

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، تۆ باش دەزانی هامەری سەرنووسەر چی پێکەوە دەهۆنێتەوە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەگرژییەوە) نەخێر. چی دەهۆنێتەوە؟

**هیلمار تۆننەسێن:** هامەر هەروا ئاسان دەستبەرداری ئەوپروپاگەندانە نابێ کە لەئارادان، دەیەوێ لە ڕۆژنامەدا لەسەریان بنووسێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** چ پروپاگەندەیەک؟

**هیلمار تۆننەسێن:** بێگومان پروپاگەندە لەبارەی کڕینی موڵکە گەورەکانی ئەملاولای قەراخ ڕێگاکەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** دەڵێی چی؟ لێرە پروپاگەندەی وا بڵاوە؟

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، لەهەموو شارەکەدا . من، کە چووم سەرێکم دا لە یانە گوێم لێ بوو. یەکێک لە پارێزەرەکانمان بەبێدەنگ بە بریکاری، تەواوی مولّکەکانی دارستانەکان، کانی کانزاکان و تاڤگەکانی کڕیوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەی لەوێ ناڵێن بۆ کێ؟

**هیلمار تۆننەسێن:** لەیانە خەڵک پێیان وابوو کە دەبێ بۆ کۆمپانیایەکی بیانی بێت کە بەم زووانە پێیان گەیشتووەتەوە تۆ بەتەمای چیت، بۆیە بەپەلە هاتوون پێش ئەوەی نرخی موڵک بەرزبێتەوە. ئایە ئەوە سووکایەتی نییە ئاخ!

**کونسووڵ بێرنیک:** سووکایەتی؟

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، چۆن خەڵکی بێگانە بەوجۆرە بێنە ناو خاکمانەوە. یەکێک لە پارێزەرانی شارەکە بەو شێوەیە خۆی با بە دەستەوە! ئێستا ئیتر وای لێ دێ کە قازانجەکە بۆ خەڵکە بیانییەکە بێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام خۆ ئەوە تەنیا پڕوپاگەندەیەکی بێ بنچینەیە.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەشێوەیەکی کاتی وا باوەڕدەکرێ، بێگومان بەیانی یان دووبەیانی سەرنووسەر هامەر وەک حەقیقەتێک دەیخاتە ڕوو. لە یانە هەر لەئێستاوە بەگشتی تووڕە بوون. گوێم لە چەند کەسێکیان بوو دەیانوت، ئەگەر ئەو پڕوپاگەندەیە ڕاست بێ، ئەوا ناوی خۆیان لە لیستەکەدا دەکوژێننەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** شتی وا نابێ!

**هیلمار تۆننەسێن:** ئێ؟ پێت وایە لەبەرچی ئەوبازرگانە روح چرووکانە ئەوەندە بەتەنگەوەن کە لە کارە قۆنتەراتییەکاندا لەگەڵت بن؟



لەوباوەڕەدا نیت ئەوان لووتی خۆیان تیژکردبێتەوە بۆ ئەوەی ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** دەڵێم، شتی وا نابێ؛ ئیتر هەتا هۆشی هاووڵاتی لێرە لەم کۆمەڵگا بچکۆلەیەیی ئێمەدا بوونی هەبێ.

**هیلمار تۆننەسێن:** لێرە؟ بەڵێ، تۆ زۆر گەش بینی، لە خۆتەوە حوکم بەسەر ئەوانی تریشدا دەدەی. بەڵام من، کە تاڕادەیەک چاودێرێکی بەئەزموونم یەکێک نییە لێرە، ئا بێگومان بێجگە لە خۆمان، یەکێک نییە، کە ئاڵای بیروهۆش بەرز ڕاگرێ. (تەماشای دواوە دەکا) ئاخ، ئەوە تان!

**کونسووڵ بێرنیک:** کێ؟

**هیلمار تۆننەسێن:** ئەو دووئەمریکییە(سەیری لای ڕاست دەکا) ئەوە کێیە لەگەڵیاندا؟ ئا، توخوا، ئەوە کاپتنی پاپۆڕەکەی ‹ کچی هیندیی سوور›نییە. ئاخ، ئاخ!

**کونسووڵ بێرنیک:** دەبێ چییان لەو کاپتنە بوێ؟

**هیلمار تۆننەسێن:** ئێ، بەڕاستی تاقمێکی گونجاون. ئەویان دەبووایە کۆیلە فرۆش یان دزی دەریابووایە؛ کێ دەزانێ ئەوانی تریش لەوێ، ئەو هەموو ساڵە خەریکی چی بوون.

**کونسووڵ بێرنیک:** باپێت بڵێم، تابڵێی نادروستە ئاواها بیریان لێ بکەیتەوە.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، تۆ گەش بینی. بەڵام بێگومان ئێستا ئەوان دووبارە پێمانەوە دەلکێن؛ لەبەر ئەوە من رەمەوێ تا زووە

(بەرەو دەرگاکەی لای چەپ دەڕوا)

(لوونا لەلای راستەوە دێتەژوورەوە)

**لوونا:** ها، هیلمار، ئەوە من بوومە هۆی ئەوەی تۆبەپەلە ئێرە بەجێ بهێڵی؟

**هیلمار تۆننەسێن:** نا هەرگیز، من پەلەمە؛ دەمەوێ کەمێک لەگەڵ بێتیدا قسەبکەم. (دەڕواتە ژوورەکەی دواوەی لای چەپ)

**کونسووڵ بێرنیک:** (پاش بێدەنگییەکی کورت) ها، لوونا؟

**لوونا:** بەڵێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** من ئەمڕۆ چۆن دێمە بەر چاوت؟

**لوونا:** وەکو دوێنێ. درۆیەک کەم یان زیاد.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ دەبێ ئەمەت بۆ روون بێتەوە. یۆهان چی لێ هات؟

**لوونا:** ئەویش دێ؛ لەگەڵ پیاوێکدا هەندێ قسەی هەبوو بیکا.

**کونسووڵ بێرنیک:** پاش ئەوەی تۆ دوێنێ گوێت لێی بوو، تێ دەگەی ئێستا کە تەواوی بوونی من هەرەس دەهێنێ، ئەگەر حقیقەت دەرکەوێ.

**لوونا:** من لەوە تێ دەگەم.

**کونسووڵ بێرنیک:** بێگومان شتێکی ئاشکرایە کە من خۆم تاوانبار نەکرد لەو تاوانەی کە لێرە واتەواتی لەبارەوە بڵاوبووەوە.

**لوونا:** شتێکی ئاشکرایە، بەڵام ئەی دزەکە کێ بوو؟

**کونسووڵ بێرنیک:** کەس دز نەبوو، هیچ پارەیەک نەدزرابوو؛ یەک فلس نەبرابوو.

**لوونا:** چۆن چۆنی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** من دەڵێم، یەک فلس.



**لوونا:** ئەی پڕوپاگەندەکە؟ چۆن چۆنی ئەو پڕوپاگەندە ئابڕووتکێنە بڵاوبووەوە کە یۆهان؟

**کوونسوڵ بێرنیک:** لوونا، پێم وایە جگە لەتۆ من ناتوانم لەگەڵ کەسی تردا قسەبکەم؛ نامەوێ هیچت لێ بشارمەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیە دەستی منیشی تێدابوو.

**لوونا:** تۆ؟ تۆ توانیت ئەوە بکەی بەرامبەر ئەوکەسەی کە لەبەر خاتری تۆ!

**کوونسوڵ بێرنیک:** تۆ نابێ بێ ئەوەی بیرکەیتەوە کە ئەوسا مەسەلەکان چۆن چۆنی بوون، حوکم بدەی. خۆ من دوێنێ ئەوەم بۆ باس کردی. کە گەڕامەوە بۆ ئێرە، تەماشام کرد دایکم تووشی یەک کۆمەڵ هەڵەی بازرگانی بووە؛ بەدبەختی لە چەشنی جیاوازدا جەزرەبەی خۆی دەگەیاند؛ هەر وەک بڵێی خراپەی دنیا هورووژمی بۆ هێنابین؛ ماڵمان خەریک بوو کاول دەبوو. من نیوەم لە بێ پەروایییدا و نیوە کەی تریشم لە نائومێدیدا بوو. لوونا، لەوباوەڕەدام زیاتر هەر لەبەر ئەوەی خۆم لەوبیرانە بدزمەوە خۆم تووشی ئەو پەیوەندییەکرد کە بووە هۆی سەفەرکردنی یۆهان.

**لوونا:** هم

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ دەتوانی باش بیهێنیتە بەرچاوت، چۆن پڕوپاگەندەی هەمەجۆر بڵاو بووەوە کە تۆ و ئەو دیار نەمان. وەک باس دەکرا، ئەمە یەکەمین خراپەکاریی ئەو نەبوو. دەیانگوت، دۆرف پارەیەکی زۆری لە یۆهان وەرگرتووە بۆئەوەی قسەنەکا و بڕوا بەڕێی خۆیەوە؛ هەندێکی تر سووربوون لەسەر

ئەوەی کە مادام دۆرف ئەو پارانەی وەرگرتووە. هەر لەو کاتەدا دەرکەوت کە بۆ کارگەکەی ئێمە دژوار بوو ئەرکەکانی جێبەجێ بکا. چی لەوە باشتر بوو کە قسەهێنەروقسەبەرەکان ئەم دوو پڕوپاگەندەیە لەگەڵ یەکتر تێهەڵکێش بکەن؟ کە مادام دۆرف لێرە مابووە و لە ڕەزالەتدا دەژیا، ئەوا خەڵک دەیان گوت کە یۆهان پارەکانی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ ئەمریکا، پڕوپاگەندەکەش بڕی پارەکەی بەردەوام زیاتر و زیاتر دەکرد.

**لوونا:** ئەی تۆ، کەشتن؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەو پڕوپاگەندەیە بۆ من وەک لقەداری فریاکەوتن وا بوو بۆ کەسێک کە خەریکە لە ئاوێکدا دەخنکێ.

**لوونا:** تۆ بەهەموو لایەکدا بڵاوت کردەوە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** من دژی نەوەستامەوە. خاوەن قەرزەکان ژیانیان لەبەر هەڵگرتبووین؛ ئەوەی لەسەر من بوو ئارامیان کەمەوە؛ دەکەوتەسەر ئەوەی کە خەڵک گومان نەکەن لە توندوتۆڵیی ماڵەکە؛ دووچاری بەدبەختییەکی کتوپڕبووبووین؛ دەبوو مرۆڤ وریا بێ و بەتەنیا خۆی بەناودا نەکا ؛ کات بدا بەشتەکان؛ هەریەکە شتی خۆی بەرکەوێ.

**لوونا:** ئینجا هەریەکە شتی خۆی بەرکەوت؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، لوونا، ئەو پڕوپاگەندەیە خێزانەکەمانی ڕزگارکرد و کردمی بەو پیاوەی ئێستا هەم.

**لوونا:** کەواتە درۆیەک تۆی کردووە بەو پیاوەی کە ئێستا هەیت.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوکاتە ئەوە زیانی بە کێ دەگەیاند؟ مەبەستی یۆهان ئەوە بوو هەرگیز نەگەڕێتەوە.



**لوونا:** دەپرسی کێ زیانی پێ گەیشت، سەیرێکی خۆت بکە، ئەوسا پێم بڵێ کە تۆ زیانت پێ نەگەیشتووە.

**کونسووڵ بێرنیک:** چ پیاوێکت دەوێ سەیری بکە، بۆت دەردەکەوێ لە هەریەکێکیاندا بەلایەنی کەمەوە کەموکوورییەک هەیە، کە ئەو کەسە دەیەوێ بیشارێتەوە.

**لوونا:** ئێوە بە خۆتان دەڵێن پایەکانی کۆمەڵگا!

**کونسووڵ بێرنیک:** کۆمەڵگا لەوان باشتری نییە.

**لوونا:** ئینجا کۆمەڵگایەک بەو شێوەیە هاوکاری بکرێ یان نا چ قودرەتێکی هەیە؟ ئەوەی کە لێرەدا بایەخی هەیە چییە؟ درۆ و دەلەسە و هیچی تر. تۆ، کە مۆری تاوانباریت ناوە بە بێ تاوانێکەوە، پیاوی یەکەمینی شارەکەیت، مەزن و خۆشحاڵ، دەسەڵاتدار و بە شەرەف لێرە دەژیت

**کونسووڵ بێرنیک:** پێت وایە کە من بە قووڵی هەست بە ناشیرینیی ئیشەکەی خۆم ناکەم، بەرامبەر ئەو؟ پێت وایە من ئامادەنیم دووبارە ئەوە چاک بکەمەوە؟

**لوونا:** چۆن چۆنی؟ بە وەی ڕاستی بدرکێنی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ دەزانی داوای چیم لێ دەکەی؟

**لوونا:** چی تر دەتوانێ هەق بۆ ناهەقییەکی وا بکاتەوە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لوونا، من دەوڵەمەندم؛ یۆهان چی بوێ دەتوانێ داوای بکا.

**لوونا:** بەڵێ، پارەی بدەرێ، ئەوسا دەزانی ئەو چۆن وەڵامت دەداتەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ دەزانی ئەو بە نیازی چییە؟

**لوونا:** نەخێر، لە دوێنێوە مات و بێدەنگە. وەک ئەوە وایە کە هەموو ئەمانە لەپڕێکدا ئەویان کردبێ بە پیاوێکی کامڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** دەبێ قسەی لەگەڵدا بکەم.

**لوونا:** ئەوە خۆیەتی.

(یۆهان تۆننەسێن لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورێ)

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەرەوپیریی دەچێ) یۆهان!

**یۆهان تۆننەسێن:** (بەپارێزەوە) لەپێشدا من. دوێنێ بەیانی بەڵێنم دایتێ قسە نەکەم.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ وات وت.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵام ئەوکاتە من هێشتا نەمدەزانی –

**کونسووڵ بێرنیک:** یۆهان، ڕێگەم بدە تەنیا بە دوو وشە ڕاستیی مەسەلەکەت بۆ روون بکەمەوە

**یۆهان تۆننەسێن:** پێویست ناکا؛ من باش ڕاستیی مەسەلەکە دەزانم. کارگەکە ئەوکاتە لە بارێکی دژواردا بوو؛ منیش ڕۆیشتبووم، ئەوسا تۆ ناوێک و پڕوپاگەندەیەکی بێ بەرگریت لەبەر دەستابوو. ئێستا من گلەییت لێ ناکەم؛ ئەوڕۆژانە ئێمە گەنج و سەرەڕۆبووین. بەڵام من ئێستا پێویستم بە حەقیقەتە، تۆ دەبێ ڕاستی بدرکێنی.

**کونسووڵ بێرنیک:** هەر لەم کاتەدا من پێویستیم بە هەموو ناوبانگی ڕەوشت بەرزیی خۆم هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانم قسەبکەم.

**یۆهان تۆننەسێن:** من زۆر گوێنادەمە ئەو شتە هەڵبەستراوانەی تۆ بۆت هەڵبەستووم؛ ئەوە شتێکی ترە و تۆ خۆت دەبێ ئەو تاوانە بخەیتە گەردنی خۆت. بەڵام دینا دەبێ بە هاوسەرم، من



دەمەوێ لەگەڵ ئەو ژیان دروست بکەم و لێرە، لەم شارە دانیشم.

**لوونا:** تۆ ئەوەت دەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لەگەڵ دینا! وەک هاوسەری خۆت؟ لێرە لەم شارە!

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، لێرە؛ بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەموو ئەو درۆ و قسەپاشملانە ببمەوە. بەڵام بۆ ئەوەی کە من بتوانم بە دینا بگەم، پێویستە تۆ ڕزگارم کەی.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ بیرت کردووەتەوە، کە ئەگەر من دان بەمەیاندا بنێم، ئەوا بەو شێوەیە ڕاستەوخۆ من ئەوی تریشیان دەخەمە ئەستۆم؟ تۆ دەتەوێ بڵێی کە من دەتوانم بە هۆی دەفتەری حیساباتەکانمانەوە بەبەڵگەوە پیشانی دەم کە هیچ غەلوغەشێک نەبووە؟ من ئەوە ناتوانم؛ دەفتەری حیساباتەکانمان ئەوکاتە ئەمەندە بەوردی تۆمارنەکرابوون. تەنانەت ئەگەر بشتوانم – سوود و قازانجی هەرچییەکیش بێ؟ لەهەمووحاڵەتێکدا من نامەوێ وەک ئەو کەسە دەرکەوم کە جارێک لەجاران بەهۆی درۆیەکەوە خۆی ڕزگارکرد و ئەوە پانزە ساڵە لەم درۆیەو هەموو ئەوانی تریش گەڕاوە تا خۆیان جێگیر کەن، بەبێ ئەوەی هەنگاویکی بەپێچەوانەی ئەودرۆیانەوە نابێ؟ تۆ کۆمەڵگاکەی ئێمە باش ناناسی، ئەگینا دەبووایە بتزانیایە کە شتی وا سەرتاپا تێکوپێکم دەشکێنێ.

**یۆهان تۆننەسێن:** من هەر ئەوەندە دەتوانم پێت بڵێم کە من دەمەوێ کچەکەی مادام دۆرف بکەمە هاوسەری خۆم و لەم شارەدا لەگەڵیدا بژیم.

**کونسوولّ بێرنیک:**(عارەقی ناوچەوانی دەسڕێتەوە) گوێم لێ بگرە یۆهان، تۆش لوونا. ئالەم کاتەدا ئەو حاڵ وبارەی منی تێدام ئاسایی نییە. من لە وەزعێکدام کە، ئەگەر گورزێکی وام لێ بوەشێنن، ئەوا تێکم دەشکێنن، بەتەنیا من نا، بگرە ئایندەی ئەو کۆمەڵگا گەورەو دەهەندەیەش تێک دەشکێنن کە جێگەی منداڵیتانە.

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەگەر من ئەو گورزە لەتۆ نەوەشێنم، ئەوا تەواوی بەختەوەریی ئایندەی خۆم وێران دەکەم.

**لوونا:** کەشتن، لەسەر قسەکانت بەردەوامبە.

**کونسوولّ بێرنیک:** گوێ بگرن. ئەمە پەیوەندیی بە مەسەلەی ئیستگەی شەمەندەفەرەکەوە هەیە، ئەو مەسەلەیەش هێندە ئاسان نییە وەک ئێوە بیری لێ دەکەنەوە. بێگومان ئێوە بیستووتانە کە پار لێرە قسەلەسەر هێڵێکی کاناردەریایی هەبوو؟ ئەو مەسەلەیە دەنگێکی زۆر و گرنگی لێرە لەم شارە و دەوروپشتیدا بۆ خۆی مسۆگەرکرد، لەرۆژنامەکانیشدا ناوبانگی دەرکرد؛ بەلام من رێم لەوە گرت، چونکە ئەوە زیانی دەگەیاند بە هاتوچۆی پاپۆڕەکانمان بە درێژایی کەناری دەریا.

**لوونا:** ئایا تۆ خۆت بەرژەوەندیت لە هاتوچۆی ئەوپاپۆڕانەدا هەبوو؟

**کونسوولّ بێرنیک:** بەڵێ، بەلام کەس نەیوێرا لەو لایەنەوە گومانم لێ بکا؛ من ناوێکم هەبوو کە وەک قەڵغان و ڕووپۆش وا بوو بۆ من. من بەڕاستی دەمتوانی بچمەژێر باری زەرەرەوە؛ بەلام شوێنەکە نەیدەتوانی بچێتەژێر بارییەوە. دواتر هێڵی ناوخۆیی بڕیاری لەسەردرا. ئەوە بوو، بەبێدەنگی، من خۆم لەوە دڵنیاکرد



کە دەشێ هێڵێکی لاوەکیش بۆ ئەم شارە دابنرێ.

**لوونا:** کەشتن، بۆ بە بێدەنگی؟

**کونسوولّ بێرنیک:** ئێوە لەبارەی کڕینی موڵکی دارستان و چاڵی کانگاکان و تاڤگەکانەوە شتان بیستووە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، ئەوە کۆمپانیایەکی بیانییە –

**کونسوولّ بێرنیک:** بەم شێوەیەی ئێستا کە ئەم موڵکانە هەن، بۆ ئەو موڵکدارە پەرشوبلاوانە وەک شتێکی بێ نرخ وان؛ لەبەرئەوە ئەو موڵکانە تاڕادەیەک هەرزانتر فرۆشران. پیاو چاوەڕێ بووایە هەتا هاتنەئاراوەی باسی کردنەوەی هێڵێکی شەمەندەفەر لێرە، ئەوسا خاوەن زەوییەکان داوای نرخی زۆرگرانیان دەکرد.

**لوونا:** باشە. باشە؛ ئێ چی تر؟

**کونسوولّ بێرنیک:** ئێستا ئەوە دێتەپێشێ کە دەکرێ لێکدانەوەی جیاوازی بۆبکرێ، ئەوەی کە پیاوێک لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا دەتوانێ دانی پیدابنێ، بەمەرجێک ناوێکی باش و بێ لەکەی هەبێ پشتی خۆی پێ ببەستێ.

**لوونا:** ئێ؟

**کونسوولّ بێرنیک:** ئەوە منم کە ئەوموڵکانەی هەموو کڕیون.

**لوونا:** تۆ؟

**یۆهان تۆننەسێن:** لەسەر حیسابی خۆت؟

**کونسوولّ بێرنیک:** لەسەرحیسابی خۆم. ئەگەر هێڵی شەمەندەفەر لێرە دابنرێ، ئەوا من ملیۆنارم؛ بێت و دانەنرێ، ئەوا من ئیفلاس دەکەم.

**لوونا:** کەشتن، ئەوە چاوقایمییە.

**کونسووڵ بێرنیک:** هەموو سەرمایەکەم خستووەتە ئەم کارە پڕمەترسییەوە.

**لوونا:** من بیر لە سەرمایەکە ناکەمەوە؛ بەڵام کاتێک ئەو ڕۆژە دێ کە

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، ئەوە خاڵی پێکەوەگرێدانەکەیە. من هەتا ئێستا بەو ناوە بێ لەکەیەی هەمە، دەتوانم ئەو مەسەلەیە بخەمە سەرشانی خۆم، بیبەمە پێشەوە، بەهاووڵاتییەکانم بڵێم: ببینن، من لەپێناوی خزمەتی کۆمەڵگادا وێراومە ئائەمە بکەم.

**لوونا:** لە پێناوی کۆمەڵگادا؟

کونسوویێرنک: بەڵێ؛ کەس گومان لە مەبەستم ناکا.

**لوونا:** لێرە پیاوانی وا هەن کە لە تۆ ڕاشکاوانەتر مامەڵەیان کردووە، بەبێ نیازی نهێنی و، بەبێ ئەمسەروئەوسەر.

**کونسووڵ بێرنیک:** وەکو کێ؟

**لوونا:** بێگومان وەک روومێل و ساندستاد و ڤیگەلاند.

**کونسووڵ بێرنیک:** بۆ ئەوەی بیانکەم بەلایەنگیری خۆم ناچاربووم نهێنی مەسەلەکەیان پێ بڵێم.

**لوونا:** ئێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوان مەرجیان یەک لەسەر پێنجی قازانجەکەی بوو بۆخۆیان.

**لوونا:** پیف، لە پایەکانی کۆمەڵگا!

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام ئایە ئەوە کۆماڵگا کە خۆی نییە کە ئێمە ناچار دەکا ڕێگای دژوار بگرینە بەر؟ ئەگەر من بە بێدەنگی



مامەڵەم نەکردایە چی ڕووی دەدا؟ هەموو خۆیان دەخستە ناو مەسەلەکەوە، بەش بەش و پەرشوبڵاو، تێکدەرانە هەموویان تەزویر دەکرد. لەم شارەدا یەکێکی تر نییە، جگەلەمن، کە تێ بگات لە ڕێبەرایەتیکردنی پڕۆژەیەکی بازرگانی ئاوها گەورە وەک ئەمەی کە بەدەستەوەیە ببێ؛ لەم وڵاتەدا سەرلەبەر تەنیا ئەوخێزانە ڕەوەندانەن کە بەهرەو توانایان هەیە بۆ هەڵسووڕاندنی ئەو ئێشە بازرگانییە مەزنانە. بۆیە وێژدانم لەو ڕووەوە ئازارم نادا. بەس لەدەستی مندا ئەو موڵکانە دەتوانن ببنە خێروخۆشی هەمیشەیی بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ نان پەیداکەن.

**لوونا:** کەشتن، پێم وایە تۆ لەسەر حەقی.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵام من ئەو خەڵکە ناناسم، وە بەختەوەریی ژیانی من خراوەتە قومارەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** دیسان بەختیاریی ئەو شوێنەشی لێی لەدایک بوویت خراوەتە قوومارەوە. بێ و شتێک لە ڕابردووم سێبەری بکەوێتە سەر، ئەوا بەرهەڵستکارانم وێکڕا پەلامارم دەدەن. هەرگیز ڕەفتاری کاتی منداڵی لەم کۆمەڵگایەیی ئێمەدا ناسڕێتەوە. بەتەواوی ژیانمدا دەچنەوە، هەزار ڕووداوی بچکۆلە لەنێو ژیانمدا دەهێننە پێشەوە، لەژێر تیشکی ڕووناکیی ئەوەی ئەمڕۆ هاتووەتەپێش لێکی دەدەنەوەو ڕاڤەی دەکەن؛ ئەوسا لەژێر قورسایی پروپاگەندە بۆکردن و غەیبەتکردندا تێکوپێکم دەشکێنن ومنیش، دەبێ دەست لەمەسەلەی ئێستگەی شەمەندەفەرەکە هەڵگرم؛ دەست لەو مەسەلەیەش هەڵگرم، ئەوا

مەسەلەکە شکست دەهێنێ و منیش هەم ئیفلاس دەکەم و هەم پلەوپایەم نامێنێ.

**لوونا:** یۆهان، دوای ئەوەی تۆ ئێستا گوێت لێ بوو، دەبێ بگەڕێیتەوەو بێدەنگ بی.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ یۆهان، پێویستە وابکەی!

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، من دەگەڕێمەوە و بێدەنگیش دەبم؛ بەڵام دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە و ئەوسا ڕاستی دەدرکێنم.

**کونسووڵ بێرنیک:** لەوێ بمێنەرەوە، یۆهان؛ گەر وابکەی، چیم هەیە لەگەڵت بەش دەکەم

**یۆهان تۆننەسێن:** پارەکانت هەڵگرە بۆ خۆت، بەڵام ناوبانگم بۆ بگەڕێنەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ناوی خۆم بکەمە قوربانی!

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەوە بۆ تۆ و کۆمەڵگاکەت، بزانن چۆن چارەسەری دەکەن. من دەبێ و دەمەوێ و ئارەزوومە بگەم بە دینا. هەر بۆیە سبەینێ من بە ‹کچی هیندی سوور› سەفەردەکەم؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بە ‹کچی هیندیی سوور›؟

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، کاپتن گفتی پێ داوم لەگەڵ خۆی بمبا. هەر وەکو وتم، دەگەڕێمەوە بۆ ئەوێ؛ کێڵگەکەم دەفرۆشم و ئێشوکارەکانم جێبەجێ دەکەم. پاش دوومانگ دیسان دێمەوە بۆ ئێرە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوکاتە دەتەوێ ڕاستی بدرکێنی؟

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەوکاتە تاوانبار خۆی ڕووبەڕووی تاوانەکەی خۆی دەبێتەوە.



**کونسووڵ بێرنیک:** بیرت چوو کە ئەوسا دەبێ من ئەوەش بخەمە ئەستۆی خۆم کە تاوانم تێیدانییە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** کێ بوو ئەوەی کە بۆ پانزەساڵ لەمەوبەر لەو پڕوپاگەندە ئابڕووتکێنە سوودمەند بوو؟

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ نائومێدم دەکەی! بەڵام ئەگەر تۆ قسەبکەی، ئەوسا منیش نکوڵی لەهەمووی دەکەم! دەڵێم کە ئەوە پیلانێکە دژی من؛ تۆڵەسەندنەوەیە؛ دەڵێم کە تۆ بۆئەوەی فشارم بۆبێنی و پارەم لێ بسەنی!

**لوونا:** کەشتن، شەرم کە!

**کونسووڵ بێرنیک:** دەڵێم، نائومێد بووم؛ و شەڕی ژیان دەکەم. من لە هەمووی، هەمووی نکوڵی دەکەم!

**یۆهان تۆننەسێن:** دوو نامەکەی تۆم لەلایە. لە جانتاکەمدا لە نێو نامەکانی ترمدا دۆزیمنەوە. ئەم بەیانییە خوێندمنەوە؛ زۆر ڕوون و ئاشکران.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەو نامانە دەهێنیتە پێشەوە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** ئەگەر پێویست بکا.

**کونسووڵ بێرنیک:** پاش دوومانگی تریش دوبارە دەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** هیوادارم. هەوا خۆشە. لەماوەی سێ هەفتەدا دەگەمە نیوۆرک – ئەگەر ‹ کچی هیندیی سوور›نقوم نەبێ.

**کونسووڵ بێرنیک:**(بە سەرسوڕمانەوە) نقوم بێ؟ بۆچی دەبێ ‹ کچی هیندیی سوور›نقووم بێ؟

**یۆهان تۆننەسێن:** نەخێر، منیش دەڵێم.

**کونسووڵ بێرنیک:**(زۆر بەهێواشی) نقوم بێ؟

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، بێرنیک، کەواتە ئێستا تۆ دەزانی چی لە نزیک بوونەوەدایە؛ تا ئەو کاتە بیری لێ بکەرەوە. خوات لەگەڵ! دەتوانی سەڵاوم بگەیەنی بە بێتی، دیارە کە ئەو وەکو خوشکێک پێشوازیی لێ نەکردم. بەڵام مارتا دەبینم. دەبێ بە دینا بڵێ ؛ دەبێ بەڵێنم بداتێ (لەدەرگاکەی دوای دواوەی لای چەپەوە دە چێتەدەرەوە.)

**کونسووڵ بێرنیک:**(لەگەڵ خۆیدا) ‹ کچی هیندیی سوور›؟ (بەخێرایی) لوونا، نابێ تۆبهێڵی ئەمە ڕوبدا!

**لوونا:** خۆت دەبینی، کەشتن، من دەسەڵاتم بەسەریدا نییە. (لوونا بەدوای یۆهان دا بەرەو ژوورەکەی لای چەپ دەڕوا)

**کونسووڵ بێرنیک:**(لەگەڵ بیرکردنەوەی نائارامدا) نقوم دەبێ؟

(ئەونای بەلەمساز لەلای ڕاستەوە دێت)

**ئەونای بەلەمساز:** بەیارمەتی، بۆ کونسووڵ دەگونجێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەپەلەئاوڕدەداتەوە) چیتان دەوێ؟

**ئەونای بەلەمساز:** داوای لێبووردن دەکەم دەبێ پرسیارێک لە کونسووڵ بکەم.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێ باشە؛ خێراکەن. دەتانەوێ لەبارەی چییەوە ببرسن؟

**ئەونای بەلەمساز:** دەمەوێ بپرسم ئایە ئەو بڕیارەی کە ئەگەر ‹ کچی هیندیی سوور› سبەینێ دەرنەچێ ئەوا من لە ورشەکە



دەردەکرێم، دوابڕیارەو– پاشگەزبوونەوەی، – نییە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بۆ چی؟ خۆ پاپۆڕکە ئامادەی دەرچوونە.

**ئەونای بەلەمساز:** بەڵێ، ئامادەیە. بەڵام ئەگەر ئێستا ئامادەنەبووایە، ئەوا من لەکار دەردەکرام؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەم پرسیارە بێ کەڵکە چییە؟

**ئەونای بەلەمساز:** هەر حەزدەکەم بزانم، جەنابی کونسووڵ. وەڵامم بدەرەوە، من دەردەکرام؟

**کونسووڵ بێرنیک:** هەمیشە فەرمانەکانی من چەسپاون یان نا؟

**ئەونای بەلەمساز:** کەواتە سبەینێ من ڕێزوحورمەتم لە ماڵەکەی خۆم و لە ناو ئەوانەی من پەیوەندیم پێیانەوە هەیەو لێیانەوە زۆر نزیکم لە دەست دەچوو، کارێگەریم بۆ سەر بازنەی کرێکاران لەدەست دەچوو، هەموو فرسەتێکی خزمەتکردن و کەڵک پێگەیاندنی ئەو بێ دەرەتان و کەمدەرامەتانەی ناو کۆمەڵگام لەدەست دەچوو.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەونا، ئێمە لەو مەسەلەیە تەواو بووین.

**ئەونای بەلەمساز:** بەڵێ، با ئیتر ‹کچی هیندیی سوور› دەرچێ. (بێدەنگییەکی کورت)

**کونسووڵ بێرنیک:** گوێ بگرە؛ من ناتوانم چاوم بە هەموو شتێکەوە بێ؛ ناتوانم بەرپرسیاربم لە هەموو شتێ؛ دەوێرن لەوە دڵنیام کەن کە چاکردنەوەی پاپۆڕەکە وا جێبەجێ کراوە کە ناتوانرێ پەڵپ و بیانوی لێ بگیردرێ؟

**ئەونای بەلەمساز:** کاتێکی کەمتان بۆ دیاریکردم، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** پێتان وایە، چاکردنەوەکەی جێی متمانەیە؟

**ئەونای بەلەمساز:** کەشوهەوا خۆشە و وەرز بەرەو هاوین دەچێ.(بێدەنگییەکی تر)

**کونسوولّ بێرنیک:** شتێکی ترتان هەیە پێم بڵێن؟

**ئەونای بەلەمساز:** من هیچی تر نازانم، جەنابی کونسوولّ.

**کونسوولّ بێرنیک:** کەواتە، ‹ کچی هیندیی سوور›دەردەچێ.

**ئەونای بەلەمساز:** سبەینێ؟

**کونسوولّ بێرنیک:** بەڵێ.

**ئەونای بەلەمساز:** باشە.

(ئەو خواحافیزی دەکا و دەڕوا)

(کونسوولّ بێرنیک وچانێک بە گومانەوە دەوەستێ؛ پاشان بەخێرایی بەرەودەرگاکەی دەرەوە دەچێ وەک ئەوەی بیەوێ ئەونا بانگ بکا بگەڕێتەوە، بەڵام بێ ئارامانە دەستی بە دەسکی دەرگاکەوەیە و ڕادەوەستێ. لەهەمان کاتدا دەرگاکە لەو دیوییەوە دەکرێتەوەو، پارێزەر کراپ دێتە ژوورەوە)

**پارێزەر کراپ:** ئەها، لێرەبوو. دانی پیدا نا؟

**کونسوولّ بێرنیک:** هم ؛ لە پشکنینەکەتاندا هیچتان دۆزییەوە؟

**پارێزەر کراپ:** ئەوەچ پێویست دەکا؟ کونسوولّ ئەو ویژدانە پیسەی نەبینی لەڕوانینی چاوەکانییەوە؟

**کونسوولّ بێرنیک:** ها چۆن؛ ئەوە نابینرێ. من دەپرسم، ئێوە هیچتان دۆزییەوە؟

**پارێزەر کراپ:** فریانەکەوتم؛ درەنگ گەیشتم؛ زوو پاپۆڕەکە یان لە کەنار کێشا بووە دەرەوە. بەڵام هەر ئەو پەلەپەلکردنە ئاشکرا پیشان دەدا کە –



**کونسوولّ بێرنیک:** هیچ پیشان نادا . کەواتە تاقیش کراوەتەوە؟

**پارێزەر کراپ:** دیارە؛ بەڵام –

**کونسوولّ بێرنیک:** دەبێن. بێگومان هیچ نەدۆزراوەتەوە پەڵپی لێ بگرن.

**پارێزەر کراپ:** جەنابی کونسوولّ، ئێوە باش دەزانن چۆن چۆنی ئەو جۆرە پشکنینانە دەکرێ، بەتایبەتی لە ورشەیەکدا کە ناوێکی باشی هەیە وەک ئەوەی ئێمە.

**کونسوولّ بێرنیک:** بەهەمان ڕادە؛ ئێمەش لەوە پەشیمانین.

**پارێزەر کراپ:** جەنابی کونسوولّ، بەڕاستی ئێوە سەرنجتان لە ئەونا نەدا کە –؟

**کونسوولّ بێرنیک:** دەڵێم، ئەونا بەتەواوەتی هێوری کردمەوە.

**پارێزەرکراپ:** منیش پێتان دەڵێم کە لەڕووی ئەخلاقییەوە باوەڕی تەواوم هەیە کە –

**کونسوولّ بێرنیک:** ئەمە مانای چی، جەنابی کراپ؟ من باش دەزانم کە ئێوە حەزتان لەچارەی ئەو پیاوە نییە؛ بەڵام گەر دەتانەوێ لەناوی بەرن، ئەوە دەبێت ئێوە فرسەتێکی تر هەڵبژێرن. دەزانن چەند گرنگە بۆ من – یان ڕاستتر بڵێین بۆ کۆمپانیایی کەشتی ئاژۆیی بازرگانی – کە سبەینێ ‹ کچی هیندیی سوور›بەڕێ کەوێ.

**پارێزەر کراپ:** باشە، باشە، با بڕوا؛ بەڵام چەندی پێ دەچێ تا ئێمە گوێمان لێ دەبێ ئەو پاپۆڕە – هم!

(بازرگان ڤیگەلاند لەلای ڕاستەوە دێت)

**بازرگان ڤیگەلاند:** لەگەڵ ڕێزو حورمەتمدا ڕۆژتان باش، جەنابی

کونسووڵ. کەمێک بوارتان هەیە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لەخزمەتتاندام، جەنابی ڤیگەلاند.

**بازرگان ڤیگەلاند:** بەڵێ، تەنیا دەمەوێ گوێم لێ بێ بزانم ئایە ئێوەش دەنگ نادەن بەوەی کە سبەینێ ‹ لقەدارخورما› بەڕێ کەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** با، ئەو مەسەلەیە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە.

**بازرگان ڤیگەلاند:** بەڵام ئێستا کاپتن هات بۆ لام و پێی وتم کە ئاگاداریی تۆفان وباوبۆران لەوێوە دراوە.

**پارێزەر کراپ:** بارۆمەتر لەم بەیانییەوە زۆر نزم بووەتەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڕاست؟ واتە چاوەڕوانی تۆفان وباوبۆران بین؟

**بازرگان ڤیگەلاند:** بەهەرحاڵ بایەکی توند؛ بەڵام بای ڕووەو دژ نا؛ بە پێچەوانەوە –

**کونسووڵ بێرنیک:** هم؛ ئێ، باشە ئێوە دەڵێن چی؟

**بازرگان ڤیگەلاند:** من هەرئەوە دەڵێم کە بە کاپتنیشم وت، ‹ لقەدارخورما› بدەرە دەست خودا. لەگەڵ ئەوەشدا، لەپێشدا تەنیا بە دەریاییی باکووردا دەڕوا؛ لە ئینگلتەرا ئێستا کرێیی گواستنەوە هێندە بەرزە کە –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڕاستی چاوەڕوانیکردن زەرەرمان لێ دەدا.

**بازرگان ڤیگەلاند:** پاپۆرەکەش قایمە، هەروەها فوول ئینشورەنسی هەیە. نەخێر، بەڕاستی ئەوە بۆ ‹ کچی هیندیی سوور› مەترسیدارترێکە –

**کونسوول بێرنیک:** مەبەستان چییە؟

**بازرگان ڤیگەلاند:** ئەویش سبەینێ دەردەچێ.



**کونسوول بێرنیک:** بەڵێ، کۆمپانیاییی کەشتی ئاژۆیی بازرگانی زۆر پەلەیان لێ کردووە و لەگەڵ ئەوشدا –

**بازرگان ڤیگەلاند:** ئێستا ئەگەر، ئەو سندووقە کۆنە جەسارەتی چوونە دەریاوەی هەبێ، سەرباشقەی تاقمە کەشی، ئیتر ئەوە شوورەییە ئەگەر ئێمە نە –

**کونسووڵ بێرنیک:** باشە باشە، ڕەنگە ئێوە کاغەزەکانی پاپۆڕەکەتان لەلابێ؟

**بازرگان ڤیگەلاند:** بەڵێ ئەوەتا.

**کونسووڵ بێرنیک:** چاکە؛ ئێوە ئیتر لەگەڵ جەنابی کراپ بڕۆنە ژوورەوە.

**پارێزەر کراپ:** فەرموون؛ هەر ئێستا جێ بە جێی دەکەم.

**بازرگان ڤیگەلاند:** سوپاس. – ئەنجامەکەشی دەدەینە دەست خوای خاوەنی گشت قودرەت و توانا، جەنابی کونسووڵ.

(بازرگان ڤیگەلاند لەگەڵ پارێزەر کراپدا دەڕواتە ژوورەکەی پێشەوەی لای چەپ. مامۆستا ڕۆرلووند لە باخچەکەوە دێتە ژوورەوە.)

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئەها، دەبینم لەم کاتەدا لە ماڵن، جەنابی کونسووڵ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەدەم بیرکردنەوەوە) وەک دەبینن.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵێ، لەڕاستیدا لەبەر خاتری خانمتان هاتووم بۆئێرە. بیرم کردەوە خانمتان پێوستی بە دڵدانەوە هەیە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بێگومان ئەو پێویستی پێیەتی. بەڵام منیش

حەزدەکەم کەمێک قسەتان لەگەڵ بکەم.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەخۆشحاڵییەوە، جەنابی کونسووڵ. چیتانە؟ ئێوە زۆر ڕەنگ زەرد و پەشۆکاو دینە بەر چاو.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڕاستی؟ وا دیارم؟ بەڵێ، ئەی چۆن وا دیار نەبم، – ئالەم کاتەدا کە لەهەموولایەکەوە گیروگرفتم بۆ ڕاست دەبێتەوە؟ تەواوی کارگە مەزنەکەم و ئینجا ڕۆنانی سکەی هێڵی شەمەندەفەرەکە. گوێ بگرە، شتێکم پێ بڵێ، جەنابی مامۆستا؛ ڕێگەم بدەن پرسیارێکتان لێ بکەم.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** زۆر بەخۆشحاڵیەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بیرێک کەوتووەتە مێشکمەوە. کاتێک مرۆڤ خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەورە بێ، کە تیایدا مەبەستی گەیشتنی هەزارەها مرۆڤ بێ بە خێروخۆشی. ئەگەر ئەو پرۆژەیە داوای قوربانییەکی بچووک بکا –؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** مەبەستان چییە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بۆنموونە من پیاوێک دادەنێم، بیرکاتەوە لە دامەزراندنی کارگەیەکی گەورە. ئەو پیاوە بەدڵنیاییەوە دەزانێ لەبەرئەوەی لە ئەزموونەکانییەوە فێربووە، درەنگ یان زوو لەکاتی دروست کردنی ئەو کارگەیەدا هەندێ کەس ژیانیان تێدادەچێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵێ، ئەوە لەوانەیە.

**کونسووڵ بێرنیک:** یان کەسێک کە خەریکی ئیشی کانەخەڵووزە. ئەو کەسە هەم ژیانی باوکەخێزاندارەکان و هەم مرۆ گەنجە تەندروستەکان دەخاتە خزمەتی خۆیەوە. ناکرێ بە



هۆشیارییەوە بوترێ کە ئەمانە هەموویان لەوێدا ژیانیان دەربازنابێ؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** با، بەداخەوە، ئەوە وایە.

**کونسووڵ بێرنیک:** کەواتە، پیاوێکی بەوجۆرە پێش وەخت دەزانێ، کە ئەو پرۆژەیەیی ئەو دەیەوێ بیخاتە بواری کارکردنەوە، بێگومان جارێک لە جاران دەبێتە هۆی لە کیسچوونی ژیانی مرۆڤ.

بەڵام ئەو پرۆژەیە لەبەرژەوەندی گشتیدایە؛ چونکە لە کیسچوونی ژیانی هەر مرۆڤێک لەو پرۆژەیەدا، بێگومان دەبێتە هۆی گەیشتنی سەدەها کەس بە خێروخۆشی.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئەها، ئێوە بیر لە دروستکردنی ڕێگای ئاسن دەکەنەوە، بیر لەو هەموو زەوی هەڵکەندن و شاخ تەقاندنەوانە دەکەنەوە و هەموو ئەمە –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ؛ باشە؛ من بیر لەدروستکردنی ڕێگای ئاسن دەکەمەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگای ئاسن دەبێتە هۆی دروست بوونی هەم کارگە و هەم ئیشی کانە خەڵووز. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێتان وانییە –؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** جەنابی کونسووڵی خۆشەویست، ئێوە زۆر بەویژدانن. مەبەستم ئەوەیە کە ئێوە ئەوە بدەنە دەست خوا.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ، وایە؛ پەروەردگار –

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئیتر پەشیمان نابنەوە. ئێوە ڕێگای ئاسن بەباوەڕبەخۆ هەبوونەوە دروست بکەن.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵام نموونەیەکی تایبەتیت بۆ دەهێنمەوە، بۆ نموونە کونێک کراوەتە شوێنێکی گیرو مەترسیدارەوە بۆئەوەی بتەقێنرێتەوە؛بەبێ تەقاندنەوەی ئەو شوێنە، دروستکردنی ڕێگای ئاسن مەحاڵە. بابڵێین، ئەندازیارەکەی کە ئەو کارەی لەئەستۆدایە، دەزانێ ئەو کرێکارەی کە فتیلەبۆمباکە دەتەقێنێتەوە پێوە دەبێ و دەمرێ؛ بەڵام ئەوشوێنە هەردەبێ بتەقێنرێتەوە، ئەوە ئەرکی سەرشانی ئەندازیارەکەیە کرێکارێک بنێرێ بۆجێبەجێکردنی ئەو کارە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هەم –

**کونسووڵ بێرنیک:** دەزانم ئێوە دەتانەوێ بڵێن چی. شتێکی مەزن دەبوو ئەگەر کابرای ئەندازیار خۆی فتیلە بۆمباکەی هەڵگرتایە و بڕۆیشتایە بۆ ئەوجێگەیەو بیتەقاندایەتەوە. بەڵام شتی وا نابێ. کەواتە ئەندازیارەکە هەر دەبێ کرێکارێک بکاتە قوربانی.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هەرگیز هیچ ئەندازیارێکی ئێمە ئەوە ناکا.

**کونسووڵ بێرنیک:** هێچ ئەندازیارێک لەو وڵاتە گەورانەدا بیر لەوە ناکاتەوە شتی وا بکا.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** لەو وڵاتە گەورانەدا؟ نەخێر، من لەو باوەڕەدام. لەو کۆمەڵگا فاسیدە بێ ویژدانانەدا –

**کونسووڵ بێرنیک:** ها، ئەو کۆمەڵگایانە زۆر باشترن.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئەشێ ئێوە وا بڵێن، ئێوە کە خۆتان –؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لەو کۆمەڵگا گەورانەدا مرۆڤ جێگەیەکی باشی هەیە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی بەسوود؛ لەوێ مرۆڤ زاتی



ئەوەی هەیە هەندێ شت لەپێناوی مەسەلەیەکی گەورەدا بکا بەقوربانی؛ بەڵام لێرە مەودای مرۆڤ لەبەر گومان و ڕەچاوکردنی ڕژد و جۆراوجۆر بەرتەسک کراوەتەوە.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئایە ڕەچاوکردنی ژیانی مرۆڤێک ڕژدێتییە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** کاتێک ژیانی ئەو مرۆڤە ببێتە هەڕەشەیەک دژی بەختەوەریی هەزارەها.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵام جەنابی کونسووڵ، ئێوە پوخت حاڵەتێک دەهێننەوە کە بەبیردانایەت! من ئەمڕۆ هیچ لە ئێوە تێ ناگەم. پاشان ئێوە ئاماژەدەکەن بۆ ئەو کۆمەڵگا گەورانە. بەڵێ، لەوێ، ژیانی مرۆڤێک چییە؟ لەوێ حیساب بۆ ژیانی مرۆڤ دەکرێ هەر وەک ئەوەی بۆ سەرمایە دەکرێ. بەڵام بە بۆ چوونی من ئێمە تا ڕادەیەک هەڵوێستێکی تری ئەخلاقییانەمان هەیە،. سەیری حاڵی خاوەن کەشتیە بازرگانییە شەریفەکانی ئێمە بکە! ناوی تاقە یەکێک لە خاوەن کەشتییە بازرگانەکانی لای ئێمە بڵێ کە لەپێناو قازانجێکی بێ کەڵکدا ویستبێتیان ژیانی مرۆڤێک بکەنە قوربانی! ئینجا بیر لەو ناپەسەندانەی نێو کۆمەڵگا گەورەکان بکەرەوە کە لە بەر خاتری قازانج یەک لەدوای یەک ئەوپاپۆڕانەی کە بەکەڵکی چوونە ناودەریا وە نایەن بەکرێیاندەدەن – **کونسووڵ بێرنیک:** قسە لەبارەی پاپۆڕی بێکەڵکەوە ناکەم!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵام من قسە لەو بارەیەوە دەکەم، جەنابی کونسووڵ!

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵام مەبەست چییە لەوە؟ ئەوە دوورە لە

مەسەلەکەوە. ئۆھ، گوێدانە ئەو مەترسییە بچووکانە! ئەگەر جەنەراڵێکی لای ئێمە سوپاکەی بەرەو شەڕێکی خوێناوی بەرێ و بەکوشتیان بدا، ئەوا پاشان بەشەو خەوی لێ ناکەوێ. لە شوێنی تر بەو شێوەیە نییە. خۆزگە گوێت لێ بووایە ئەوەی لە ژوورەوەیە باسی چی دەکرد –

**مامۆستا ڕۆرلووند:** ئەو؟ کێ؟ ئەمریکییەکە –؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ ئەو. گوێت لێ بوایە مرۆڤ چۆن چۆنییە لە ئەمریکا –

**مامۆستا ڕۆرلووند:** لە ژوورەوەیە؟ ئەی بۆ پێم ناڵێن. هەر ئێستا –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەکەڵک نایە؛ سوودی نییە لەگەڵ ئەودا.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بابزانین، ئەوە خۆیەتی.

(یۆهان تۆننەسێن لە ژوورەکەی لای چەپەوە دێتە دەرێ)

**یۆهان تۆننەسێن:** (لەدەرگاکراوەکەی دوای خۆیەوە لەگەڵ یەکێک قسەدەکا) بەڵێ بەڵێ، دینا، با وابێ؛ بەڵام بەهەرحاڵ من دەست لە ئێوە بەرنادەم. دووبارە دەگەڕێمەوە، ئەوسا نێوانمان خۆش دەبێت.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەیارمەتی، مەبەستتان لەو قسانە چییە؟ چیتان دەوێ؟

**یۆهان تۆننەسێن:** دەمەوێ ئەو کچە گەنجەی کە تۆ دوێنێ منت لەبەر دەمیدا ناشرین کرد، ببێتە هاوسەرم.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هاوسەری ئێوە؟ ئێوە بیرکەنەوە کە ؟

**یۆهان تۆننەسێن:** من ئەوم وەک هاوسەری ژیانم دەوێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هەر ئێستا، ئێوە بۆتان دەردەکەوێ – (دەڕوا بۆ



لای دەرگا نیوەکراوەکەوە) خاتوو بێتی، ئێوە دەبێ شایەتی بدەن – و هەروەها ئێوەش، مارتا خانم. با دیناش بێ. (لوونا دەبێنێ) ئا، ئەوە ئێوەش لێرەن؟

**لوونا:** (لە ناودەرگاکەوە) منیش بێم؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** کێ دەیەوێ بێ با بێ؛ هەتا زۆرتربن باشترە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێوە نیازتان چییە؟

(لوونا، بێتی، مارتا، دینا و هیلمار تۆننەسێن لە ژوورەکەوە دێنە دەرەوە)

**بێتی:** جەنابی مامۆستا، هەرچیم کرد نەمتوانی ڕێگای لێ بگرم بۆنەکردنی ئەوکارە –

**مامۆستا ڕۆرلووند:** من نا هێڵم ئەو ئەو کارە بکا، خاتوون. دینا، تۆ کچێکی هەڵەشەو سەرەڕۆی. بەڵام من خەتای ئێوە ناگرم. ماوەیەکی زۆرە ئێوە لێرە بەبێ هیچ پاراستنێکی ڕەوشتیانەی تۆکمە چاوەڕێن. من سەرزەنشتی خۆم دەکەم کە هەر لەسەرەتاوە ئەو پاراستنە ڕەوشتییە پتەوەم بۆ فەراهەم نەکردوون.

**دینا:** نابێ قسەبکەن!

**بێتی:** ئەوە چییە؟

**مامۆستا ڕۆرلووند:** دینا، ئێستا دەبێ من ڕاست ودروست بڵێم، ڕەفتاری ئێوە دوێنێ و ئەمڕۆ وای لێ کردوم دەجار سەختگیرتربم. بەڵام لەپێناوی ڕزگارکردنی ئێوەدا دەبێ ڕەچاوکردنی هەموو شتێکی تر بخرێتەلاوە. ئێوە ئەو بەڵێنانەی منتان لەبیرە کە دام پێتان. بیرتانە بەڵێنی چ وەڵامێکتان پێ

دام کاتێک کە من پێم وابوو کاتی خۆی هاتووە. ناوێرم لەوە زیاتر بیـربکەمـەوە، هەر لەبەر ئەوە – (ڕوودەکاتە یۆهان تۆننەسێن) ئەم کچە گەنجەی کە ئێوە هەوڵی پێ گەیشتنی بۆ دەدەن، دەستگیرانی منە.

**بێتی:** دەڵێن چی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** دینا!

**یۆهان تۆننەسێن:** ئۆه! ئێوە؟

**مارتا:** نا، نا، دینا!

**لوونا:** درۆیە!

**یۆهان تۆننەسێن:** دینا، ئەو پیاوە ڕاست دەکا؟

**دینا:** (دوای ماوەیەکی کەم) بەڵێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هیوادارم بەم شێوەیە واز لە چەواشەکاری بهێنرێ.

ئەو هەنگاوەی کە من لەپێناوی خۆشیی دینادا ناومە، دەبێ بەخۆشحاڵییەوە بکرێ بەوانەیەک بۆ هەموو کۆمەڵگاکەمان. من زادەی ئومێدێکی هێندە پتەوم کە نابێ بەخراپی ڕاڤەبکرێ. بەڵام ئێستا، خانم، من وای بەباش دەزانم دینا لێرە بەرینە دەرەوەو و هەوڵ بدەین دووبارە لە باری دەروونییەوە ئارامی بکەینەوە.

**بێتی:** بەڵێ، وەرە. ئۆه، دینا، چ بەختەوەرییەکە ئەمە بۆ تۆ!

(بێتی دینا لەلای چەپەوە دەباتە دەرێ؛ مامۆستا ڕۆرلووندیش لەگەڵیان دەڕوا)



**مارتا:** یۆهان، خوات لەگەڵ!(دەڕوا)

**هیلمار تۆننەسێن:** (لەنێو دەرگای باخچەکەوە) هم – دەبێ بەڕاستی بڵێم –

**لوونا:** (کە چاوی لەدینا نەترووکان تا لەچاو ون بوو) مەترسە، پیاو! من لێرە دەمێنمەوە و ئاگاداری قەشە دەبم. (لەلای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە).

**کونسووڵ بێرنیک:** یۆهان، کەواتە تۆ بە <کچی هیندیی سوور> سەفەرناکەی!

**یۆهان تۆننەسێن:** با چۆن.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام ئیتر دووبارە ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** من دووبارە دەگەڕێمەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** دوای ئەمەش؟ دوای ئەمە تۆ چیت لیرە دەوێ؟

**یۆهان تۆننەسێن:** تۆڵەی خۆم لە ئێوە هومووتان بکەمەوە؛ ئەوەندەی پێم بکرێ، تێکتان دەشکێنم.

(لەلای ڕاستەوە دەڕواتە دەرێ. بازرگان ڤیگەلاند و پارێزەر کراپ لە ژوورەکەی کونسووڵ دێنە دەرەوە).

**بازرگان ڤیگەلاند:** جەنابی کونسووڵ، ئێستا کاغەزەکان هەموویان تەواون.

**پارێزەر کراپ:** (بەهێواشی) هەروەها نووسراوە کە سبەینێ < کچی هیندیی سوور> بەڕێ دەکەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڕێ دەکەوێ.

(کونسووڵ دەچێتە ژوورەکەی خۆی. بازرگان ڤیگەلاند و

پارێزەر کراپ لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە دەڕۆنە دەرەوە. هیلمارتۆننەسێن دەیەوێ لەگەڵیان بڕوا، بەڵام لەوکاتەدا ئۆلاف لەدەرگاکەی لای چەپەوە بەهێواشی سەری دێنێتە دەرەوە)

**ئۆلاف:** مامە، مامە هیلمار!

**هیلمار تۆننەسێن:** ها، ئەوە تۆی؟ بۆ لەسەرەوە نیت؟ خۆ تۆ زیندان کراویت.

**ئۆلاف:**(دووهەنگاو دێتە پێشەوە) بێ دەنگ بە! مامە هیلمار، تۆ دەزانی چی؟

**هیلمار تۆننەسێن:** ئا، دەزانم کە ئەمڕۆ دارکارییان کردوویت.

**ئۆلاف:** (بەتووڕەییەوە سەیری ژوورەکەی باوکی دەکا) ئیتر ناتوانێ لێم بدا. بەڵام دەزانی کە مامە یۆهان سبەینێ لەگەڵ ئەمریکییەکاندا سەفەردەکا؟

**هیلمار تۆننەسێن:** ئەوە چ پەیوەندیی بە تۆ وە هەیە؟ بزانم بڕۆرەوە سەرەوە دەی.

**ئۆلاف:** مامە، لەوانەیە منیش جارێک بچمە ڕاوە گامێش.

**هیلمار تۆننەسێن:** قسەی قۆڕ؛ ترسنۆکێکی وەک تۆ—

**ئۆلاف:** بەڵێ، بەم زووانە؛ سبەینێ دەزانی!

**هیلمار تۆننەسێن:** هیچ لەباردا نەبوو!

(هیلمار تۆننەسێن لە باخچەکەوە دەڕواتە دەرەوە. ئۆلاف کە پاریزەر کراپ دەبینێ لەلای چەپەوە دێ دووبارە ڕادەکاتەوە ژوورەوە و دەرگاکە دادەخا)

**پارێزەر کراپ:** (دەچێتە لای دەرگای ژوورەکەی کونسووڵەوە و نیوەی دەرگاکە دەکاتەوە) ببوورن دیسان هاتمەوە، جەنابی کونسووڵ؛ کەش بەرەو سەختی دەچێ. (کەمێک چاوەڕێ دەکا؛ هیچ وەڵامێک نییە) لەگەڵ ئەوەشدا هەردەبێ ‹ کچی هیندیی سوور› دەرچێ؟ (پاش ماوەیەکی کورت کونسووڵ وەڵام دەداتەوە)

**کونسووڵ بێرنیک:** (لەنێو ژوورەکەوە) لەگەڵ ئەوەشدا ‹ کچی هیندیی سوور› هەردەبێ دەرچێ.

(پارێزەر کراپ دەرگاکە دادەخاتەوە و دیسانەوە لەلای ڕاستەوە دەچێتەوە دەرێ)

# بەشی چوارەم

(هۆڵی سەرباخچەکەی کونسووڵ بێرنیک. مێزی ئیش لەسەر کردنەکە براوەتە دەرەوە. پاش نیوەڕۆیەکی تۆفاناویە و نیمچە تاریکە، کاتێک ئەم ڕووداوانە ڕوودەدەن.)

(خزمەتکارێک مۆمی ناو شەمدانەکان دادەگیرسێنێ؛ دوو خزمەتکاری کچ لەسەر مێز و بەدرێژایی دیوارەکان ئینجانە گوڵ و چرا و مۆم دادەنێن. بازرگان ڕوومێل، بەکراس و پانتۆڵ و دەستکێش و پەڕۆیەکی سپی ملەوە، لەساڵۆنەکەدا وەستاوە و فەرمان دەدا)

**بازرگان ڕوومێل:**(بەخزمەتکارەکورەکە) یاکوب، هەر لەدوو مۆم یەکێکیان داگیرسێنە. نابێ ئێرە ئەوەندەش بەزەوق و خۆش بێ؛ دەبێ وەک شتێکی چاوەڕوان نەکراو دیار بێ. ئەو هەموو گوڵە –؟ ئا؛ دایان نێن؛ با وا بزانرێ کە ئەوانە ڕۆژانە هەر لەوێدان –

(کونسووڵ بێرنیک لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە)

**کونسووڵ بێرنیک:** (لەنێو دەرگاکەدا) ئەمە مانای چی؟

**بازرگان ڕوومێل:** ئاخ، ئاخ، لێرەی؟ (بە خزمەتکارەکان) باشە، ئێستا دەتوانن بۆ ماوەیەکی کورت ئێرە بەجێ بهێڵن.

(خزمەتکارەکەو کچەخزمەتکارەکان لەدەرگای سەرەوەی لای چەپەوە دەچنە دەرەوە)



**کونسووڵ بێرنیک:** (نزیکتردەبێتەوە) بەڵام، ڕوومێل، ئەمە مانای چی؟

**بازرگان ڕوومێل:** ئەمە مانای ئەوەیە کە ساتەوەختی بەخۆوە نازینت هاتووە. ئەم ئێوارەیە شارەکە بۆ یەکە پیاوی خۆیان ئالا هەڵدەگرن و ڕێپێوان دەکەن.

**کونسووڵ بێرنیک:** چی، چی؟

**بازرگان ڕوومێل:** ڕێپێوان و ئالاهەڵگرتن بە تەپڵ و مۆسیقاوە! دەبووایە مەشخەڵیشمان هەڵکردایە؛ بەڵام نەمان وێرا ئەوجەسارەتە بکەین، بەم باران و تۆفە. ئیستا، دەرەوە بەچراو ڕووناکی دەڕازێنرێتەوە؛ کاتێک لە ڕۆژنامەکانیشدا ئەو وێنەیە بڵاودەکرێتەوە جوان دەنوێنێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** گوێ بگرە، ڕوومێل، نامەوێ هیچ لەوبارەیەوە بزانم.

**بازرگان ڕوومێل:** ئاخر، تازە درەنگە؛ نیوکاتژمێری تر دێن.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام بۆ پێش وەخت ئەمەت پێ نەوتم؟

**بازرگان ڕوومێل:** هەر لەبەرئەوەی دەترسام تۆ ڕازی نەبی. پەیوەندیم بە خانمتانەوە کرد؛ ئەو کەمێک مۆڵەتی ڕێکخستنی ئەمەی دامێ و پاشان ئەو خۆی مشووری خواردن و خواردنەوەش دەخوا.

**کونسووڵ بێرنیک:** (گوێ دەگرێ) ئەوە چییە؟ هەروازوو هاتن؟ وابزانم گوێم لە گۆرانییە.

**بازرگان ڕوومێل:** (لەبەردەم دەرگای باخچەکەدا) گۆرانی؟ ئا، ئەوە ئەمریکییەکانن. ئەوە < کچی هیندیی سوور>ە لەسەر بەرمیل ڕای دەکێشنەدەرەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ڕای دەکێشنەدەرەوە! ئا؛ نەخێر، ڕوومێل، ئەم ئێوارەیە من ئەمەم پێ ناکرێ؛ نەخۆشم.

**بازرگان ڕوومێل:** بەڵێ، بەڕاستی تۆ نەخۆش دیاری. بەڵام دەبێ خۆت گورج کەیتەوە، دەبێ گەر مردن و عەزابیش بێ، خۆت گورجکەیتەوە! ئێمە هەرسێکمان من و ساندستاد و ڤیگەلاند ئەرکێکی زۆرمان کێشاوە بۆ ڕێکخستنی ئەمە. بەرهەڵستکارەکانمان دەبێ هێندەی بکرێ لەژێر قورسایی ڕاگەیاندنێکی چڕوپڕی ڕای گشتیدا چۆکیان پێدا بدرێ. پڕوپاگەندەکانی شار لە زۆربووندان؛ ئیتر بەربە بڵاوبوونەوەی هەواڵی کڕینی مۆڵکەکان ناگیردرێ. تۆ هەر بەناچاری دەبێ ئەم ئێوارەیە، لەکاتی گۆرانی وتن و وتارخوێندنەوەدا، لەکاتی زایەڵەی دەنگی پەرداخەکاندا، بەکورتی، لەکاتی هەڵکشانی کەشێکی پر لە خۆشیدا وایان لێ بکەی بزانن تۆ لەپێناوی چاکەی کۆمەڵگادا چیت خستووەتە مەترسییەوە. لەکاتی هەڵکشانی جەوێکی پڕ لە بەزمی لەم چەشنەدا، کە من ئاماژەم پێ دا، مرۆڤ دەتوانێ لێرە لەلای ئێمە ئەوپەڕی دەسکەوت بەدەست بهێنێ. بەڵام ئەمەش پێویستە هەبێ، ئەگینا نابێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ –

**بازرگان ڕوومێل:** بەتایبەتی کاتێک خاڵێکی هێندە بەتام و دژوار دێتە پێش. بێرنیک سوپاس بۆ خوا، ئێستا، تۆ، ناوێکت هەیە کە دەسەڵات و کاریگەریی خۆی هەیە. گوێ بگرە ؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێ پێکەوە لەسەر شتەکان ڕێک بکەوین. تۆننەسێنی ڤوتابی گۆرانییەکی بۆ داناوی. گۆرانییەکە زۆر جوان بەم



وشانە دەست پێ دەکات: ( ئاڵای بیر بڵند هەڵکە). مامۆستا ڕۆرلووند لە ئاهەنگەکەدا ئەرکی وتار خوێندنەوەی پێ سپێردراوە. بێگومان دەبێ تۆش وەڵامی بدەیتەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەم ئێوارەیە ناتوانم، ڕوومێل. تۆناتوانی –؟

**بازرگان ڕوومێل:** نابێ، ئەگینا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە حەزم دەکرد. وتارەکە وەک دەزانی، بۆ تۆیە. ئێستا، دەبێ چەند وشەیەکیش لەبارەی ئێمەوە بوترێ. لەو بارەیەوە من قسەم لەگەڵ ڤیگەلاند و ساندستاددا کردووە. ئێمە بیرمان لەوە کردووەتەوە کە تۆ بە بڕی چاکسازی لەپێناوی کۆمەڵگاکەمان دا وەڵام بدەیتەوە؛ ساندستاد دەیەوێ چەند وشەیەک لەبارەی تەبایی نێوان چینەجیاوازەکانی کۆمەڵگاوە بڵێ؛ ڤیگەلاند دەیەوێ هەندێ شت لەبارەی ئەو داواکارییەوە دەربڕێ کە نابێ ئەو پڕۆژە تازەیە شیرازەی ئەو بناغە ئەخلاقییە تێک بدا کە حاڵی حازر ئێمە لەسەری ڕاوەستاوین، من بیر لە چەند وشەیەکی کەمی شیاو دەکەمەوە ئافرەتی تێیا بەبیر بهێنمەوە، ئەگەر چی چالاکییان کەم و بێ برشتە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کۆمەڵگا بێ بایەخ نییە. بەڵام خۆتۆ گوێ ناگری –

**کونسووڵ بێرنیک:** با – با چۆن. بەڵام پێم بڵێ، وەکو بزانی دەبێ دەریا لەدەروە زۆر سەخت ودژواربێ؟

**بازرگان ڕوومێل:** ئۆه، تۆ لە ‹ لقە دارخورما› دەترسی؟ ئەو پاپۆڕە ئیشورەنس کراوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، ئیشورەنس کراوە؛ بەڵام –

**بازرگان ڕوومێل:** لە باروحاڵێکی چاکدایە؛ ئێ ئەوەش گرنگترین شتە.

**کونسوولّ بێرنیک:** هەم. ئەگەر کەشتییەک شتێکی بەسەردابێ، مانای ئەوە نییە ژیانی مرۆڤی تێدادەچێ. لەو بەسەرهاتەدا ئەشێ کەشتییەکە و بارەکەی زەرەرمەندبن، لەوانەیە مرۆڤ جانتاوکاغەزەکانی تێدابچێن.

**بازرگان ڕوومێل:** شەیتان بەنەعلەت بێ، لەو حاڵەتەدا جانتا و کاغەز ئەوەندە گرنگ نین.

**کونسوولّ بێرنیک:** دەسەڵات نییە! نەخێر، نەخێر، مەبەستم هەرئەوە بوو. بێدەنگ؛– دووبارە گۆرانی دەڵێن.

**بازرگان ڕوومێل:** ئەوە کاتی سواربوونی ‹ لقە دارخورمایە›

(بازرگان ڤیگەلاند لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**بازرگان ڤیگەلاند:** بەڵێ، ئێستا ‹ لقە دارخورما› ڕادەکێشرێتە دەرەوە. ئێوارەتان باش، جەنابی کونسوولّ.

**کونسوولّ بێرنیک:** ئا ئێوە، کە پیاوێکی شارەزان لە دەریادا، هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی کە؟

**بازرگان ڤیگەلاند:** من، جەنابی کونسوولّ، من سوورم لەسەر پەنا بەخوابوون؛ لەگەڵ ئەوەشدا من خۆم لەنێو کەشتییەکەدا بووم و هەندێک دوعاوموفەڕکی بچکۆلەم دابەش کرد، وەک، من بڕوام پێی هەیە، بۆ ڕەحم وبەزەیی کاریگەرییان دەبێ.

(بازرگان ساندستاد و پارێزەر کراپ لەلای راستەوە دێنە ژوورەوە)

**بازرگان ساندستاد:**(هێشتا لەنێو دەرگاکەدایە) بەڵێ، کە سەرەتا چاک بەدەستەوە هات، ئیترباقیی شتەکانیش هەر چاک بەڕێوە



دەچن. ئۆ سەیرکە، ئێوارەتان باش، ئێوارەتان باش!

**کونسوولّ بێرنیک:** جەنابی کراپ، هیچ هەیە؟

**پارێزەرکراپ:** من ئیتر هیچ ناڵێم، جەنابی کونسوولّ.

**بازرگان ساندستاد:** تەواوی تاقمی کەشتی ‹ کچی هیندیی سوور›سەرخۆشن؛ من پیاوێکی ڕاستگۆ نەبم ئەگەر ئەو دڕندانە بەساغی بگەنەجێ.

(لوونا لەلای ڕاستەوە دێ)

**لوونا:**(ڕوودەکاتە کوونسولّ بێرنیک) بەڵێ، سلاّوی لێ دەکردی.

**کونسوولّ بێرنیک:** هەروازوو سواربوون؟

**لوونا:** بەهەرحاڵ بەم زووانە. ئێمە لەبەردەمی ئوتێلەکەدا لەیەکتری جیابووینەوە.

**کونسوولّ بێرنیک:** ئەو هەر سوورە لەسەر قسەکەی خۆی؟

**لوونا:** زۆر سوورە.

**بازرگان ڕوومێل:**(لەلای پەنجەرەکەوە) نەعلەت لەم شتە تازانە؛ پەردەکەم بۆ نایەتە خوارەوە.

**لوونا:** دەبێ پەردەکان بێنە خوارەوە؟ من وام دەزانی دەبێ بە پێچەوانەوە بن –

**بازرگان ڕوومێل:** سەرەتا بێنەخوارەوە، خاتوون. ئا، ئێوە خۆ دەزانن لەوێ چی چاوەڕوان دەکرێ؟

**لوونا:** باشە. ئادەی با یارمەتیت بدەم؛ (داوی پەردەکان دەگرێ) من پەردە لەسەر زاواکەم دادەدەمەوە، گەرچی من حەزدەکەم پەردەی لەسەر لادەم.

**بازرگـان ڕوومـێل:** دوایی تێ دەگەن. کـاتێک باخـچـەکـە پڕدەبێ لە جموجۆڵی ئەو حەشاماتە، پەردەکان لادەدرێن، خەڵک لە ناوەوە خێزانێکی تەبا بـەختیار دەبینێ؛ ماڵی بەرپرسیار دەبێ وەک دۆلابێکی شووشە وابێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** (وادیارە کە دەیەوێ شتێک بڵێ، بەڵام بەخێرایی دەگەڕێتەوەو دەڕوا بەرەو ژوورەکەی خۆی)

**بازرگان ڕوومێل:** بەڵێ، با بڕۆین ئیتر دوا گفتوگۆ لەسەر شتەکان بکەین. وەرە، جـەنابی کـراپ؛ ئێـوە دەبێ لە یەک دوو زانیـاریی واقیعیدا یارمەتیمان بدەن.

(هەموو پیاوەکان دەڕۆنە ناو ژوورەکەی کونسـووڵ بیرنیکەوە. لوونا پەردەی پەنجـەرەکان دادەداتەوە و دەیەوێ پەردەی جامخـانەی سـەر باخـچەکەش دابداتەوە، لەناکاو ئۆلاف لەسـەرەوە خـۆی هەڵدەداتە خوارێ بۆ سـەرهەیوانی سەرباخچەکە؛ کۆڵوانەیەکی داوە بەسەر شانیداو بوخچەیەکی بەدەستەوەیە)

**لوونا:** ئۆه، کوڕە خوا نەتگرێ، ڕۆحت بردم!

**ئۆلاف:** (بوخچەکەی دەشاریتەوە) بێدەنگ بە، پووری!

**لوونا:** لەپەنجەرەوە خۆت هەڵدەدەیتە دەرەوە؟ بەتەمای کوێی؟

**ئۆلاف:** بێدەنگ بە؛ قسـەمەکە. دەمەوێ بڕۆم بۆلای مامە یۆهان؛ تەنیا تالای بەندەرەکـە، تێ گـەیشـتی؛ هەر پێی دەڵێم خـوات لەگـەڵ. شەوباش پووری! (بەڕاکردن لەباخچەکەوە دەڕواتە دەرەوە)

**لوونا:** نا، مەڕۆ! ئۆلاف، ئۆلاف!

(یۆهان تۆننەسێن، جلی سەفەری لەبەردایە، جانتایەکی بچکۆلەی لە



شاندایە، لەسەرخۆ لە دەرگاکەی لای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە)

**یۆهان تۆننەسێن:** لوونا!

**لوونا:** (ئاوڕدەداتەوە) چی! دیسان گەڕایتەوە؟

**یۆهان تۆننەسێن:** هێشتا چەند دەقیقەیەک کات ماوە. دەبێ جارێکی تر دینا ببینم. ئێمە نابێ بەو شێوەیە لەیەکتری جیابینەوە.

(بێتی ودینا هەردووکیان پاڵتۆیان لەبەردایەو، ئەوەی دواییان جـانتـایەکی جلی بەدەسـتـەوەیە، لە دەرگـای سـەرەوەی لای چەپەوە دێنە ژوورەوە).

**دینا:** بۆ لای ئەو؛ بۆ لای ئەو!

**بێتی:** باشە، هەر دەگەیتە ئەو، دینا!

**دینا:** ئەوە ئەوە!

**یۆهان تۆننەسێن:** دینا!

**دینا:** من لەگەڵ ئێوەدا دێم!

**یۆهان تۆننەسێن:** چی!

**لوونا:** تۆ دەتەوێ بڕۆیت؟

**دینا:** بەڵێ، من لەگەڵیان دەڕۆم! ئەوی تر بۆی نووسیوم، دەڵێ کە ئەم ئێوارەیە بەفەرمی هەموو کەسێک دەبێت بزانێ –

**یۆهان تۆننەسێن:** دینا، ئێوە ئەوتان خۆش ناوێ؟

**دینا:** من هەرگیز ئەو مرۆڤەم خۆش نەویستووە. خۆم فڕێ دەدەمە بنی دەریاوە ئەگەر من بکرێمە دەستگیرانی ئەو! ئۆه، دوێنێ چەند بە قسـە جوامێرەکانی فشاری بۆهێنام و خستمیە سەر چۆک! وای لێ کردم هەست بکەم کە چۆن ئەو مەخلوقیکی بێ نرخی

بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە! من نامەوێ ئیتر بێ نرخ بکرێم. دەمەوێ سەفەرکەم. دەکرێ لەگەڵ ئێوەدا بێم؟

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، بەڵێ هەزارجار!

**دینا:** من نامەوێ زۆر سەخڵەتان بکەم. تەنیا یارمەتیم بدەن تا بگەمە ئەوێ؛ کەمیک لە سەرەتادا یارمەتیم بدەن –

**یۆهان تۆننەسێن:** بەخۆشحاڵییەوە دینا، ئەوە خۆی لەخۆیەوە جێبەجێ دەبێ!

**لوونا:** (ئاماژە بۆ دەرگای ژوورەکەی کونسوولّ دەکا) بێدەنگ؛ لەسەرخۆ، لەسەرخۆ!

**یۆهان تۆننەسێن:** دینا، من بەباوەش هەڵتان دەگرم!

**دینا:** ئیوە بۆتان نییە بەباوەش هەڵم گرن. من خۆم خۆم هەڵدەگرم تا دەگەمە جێ؛ لەوێش خۆم دەتوانم. تەنیا لێرە دووربکەومەوە. ئۆه، ئەو خانمانە، ئەوان نازانن، ئەوانیش ئەمڕۆ بۆیان نووسیووم؛ ئامۆژگاریم دەکەن، بەختی خۆم بزانم، شایستە بە ئەو جوامێرییەیی ئەو پیشانی داوە ڕەفتاربکەم. سبەینێ و هەموو ڕۆژەکانی دوا تریش ئەوان چاودیریم دەکەن تا ببین من شایستەی ئەوەم. من ترسێکی زۆرم لەهەموو ئەم ڕیکوپێکییەهەیە!

**یۆهان تۆننەسێن:** پێم بڵێ، دینا، هەر لەبەر ئەوە ئێوە دەخوازن سەفەربکەن؟ ئەی من هیچ نیم بۆ ئێوە؟

**دینا:** با، یۆهان، ئێوە بۆ من لە هەموو کەسێک زیاترن.

یۆهان تۆننەسێن. ئۆه دینا!

**دینا:** ئەوان هەموویان دەڵێن کە من دەبێ ڕقم لە ئێوە بێ؛ کە ئەوە



ئەرکی سەرشانی منە؛ بەڵام من لەو ئەرکە تێ ناگەم؛ هەرگیز ڕۆژێکیش نایە من لەوە تێ بگەم.

**لوونا:** ڕۆڵە، تۆ پێویستت بەوەش نییە!

**مارتا:** نەخێر، تۆ پێویستت پێی نییە؛ هەر لەبەر ئەوە دەبێ تۆش وەک هاوسەر لەگەڵی بڕۆی.

یۆهان تۆننەسێن. بەڵێ، بەڵێ!

**لوونا:** چی؟ مارتا، من دەبێ ماچت بکەم! من چاوەڕێی ئەمەم لە تۆ نەدەکرد.

**مارتا:** نەخێر، باوەڕت پێ دەکەم؛ من خۆم چاوەڕوانی ئەوە نەبووم. بەڵام ئەوە هەر دەبووایە جاریک لەناخمدا بتەقێتەوە. ئۆه، ئێمە لێرە چەند عەزاب دەکێشین بەدەست ڕەفتارکردنی زاڵمانەوە بە دەست نەریت و ڕێساکانەوە! دینا، دژ بەمە ڕاپەڕە. ببە بە هاوسەری ئەو. با شتێکی وا ڕووبدا کە بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەم داوونەریتە بێ.

**یۆهان تۆننەسێن:** ئێوە چی دەڵێن، دینا؟

**دینا:** بەڵێ، من دەمەوێ ببمە هاوسەری ئێوە.

**یۆهان تۆننەسێن:** دینا!

**دینا:** بەڵام من لەپێشدا دەمەوێ کاربکەم، خۆم ببم بەشتێ، هەروەک ئێوە. نامەوێ وەک شتێک بم بێنرێم و ببرێم.

**لوونا:** بەڵێ، ڕاست؛ دەبێ وابێ.

**یۆهان تۆننەسێن:** چاکە؛ من چاوەڕوانم و هیوادارم

**لوونا:** تۆ براوەی، ڕۆڵە! بڕۆن، ئێستا کاتی سواربوونی کەشتییەکە هاتووە!

**یۆهان تۆننەسێن:** ئاه، بۆ ناو کەشتییەکە! ئاه، لوونا، خوشکی ئازیزم، بەس یەک شت؛ گوێ بگرە (ئەو لوونا دەباتە دواوە و بە حەماسەوە قسەی لەگەڵ دەکا)

**مارتا:** دینا، تۆ بەختەوەری، با بۆ دواجار تێر سەیرت کەم، جارێکی تر ماچت کەم.

**دینا:** نەخێر، بۆ دواجار نییە؛ پوورە ئازیزە خۆشەویستەکەم، بێگومان ئێمە جارێکی تر یەک دەبینینەوە.

**مارتا:** هەرگیز! دینا، بەڵێنم پێ بدە، هەرگیز ناگەڕێیتەوە. (هەردوودەستەکانی دەگرێ و تەماشای دەکا) ئەی منداڵی خۆشەویست؛ ئێستا تۆ بە ناو دەریادا بەرەو بەختیاری دەڕۆی. ئای، چەندەها جار لە پۆلی قوتابخانەوە بیرم لەوێ کردووەتەوە! ئەوێ دەبێ جوان بێ؛ ئاسمانەکەی فراوانتربێ؛ هەورەکانی ئەوێ لە چاو هەورەکانی ئێرەدا بەرزتر هەڵکشێن، هەوایەکی ئازادانەتر بسوورێ و سەری مرۆڤ فێنک بکاتەوە –

**دینا:** ئۆه، پوورە مارتا، ڕۆژێک دێ تۆش بەدواماندا ڕێ هەڵدەگری.

**مارتا:** من؟ هەرگیز؛ هەرگیز. من لێرە خەریکی ژیانە بچکۆلەکەی خۆمم، تاڕادەیەک پێم وایە ئێستا من دەتوانم تەواو ببم بەوەی کە خۆم دەمەوێ.

**دینا:** ناتوانم بیر لەوەبکەمەوە کە لە تۆ جیادەبمەوە.

**مارتا:** بەداخەوە، دینا، مرۆڤ دەتوانێ لە زۆر شت جیابێتەوە (ماچی دەکا) بەڵام تۆ هەرگیز ئەوە تاقی مەکەرەوە، منداڵە شیرینەکە. بەڵێنم پێ بدە کە ئەو بەختیار بکەی.

**دینا:** من نامەوێ هیچ بەڵێنێ بدەم؛ قینم لە بەڵێنە؛ هەموو شتەکان



پێویستە بەگوێرەی  توانای خۆیان بن

**مارتا:** بەڵێ، بەڵێ، دەبێ وابێ؛ دەبێ تۆ تەواو ئەوە بی کە هەی، ڕاست و ڕەوان بەرامبەر بە خودی خۆت.

**دینا:** من ئەوەم دەوێ، پوورێ.

**لوونا:** (هەندێ پەڕی کاغەز کە یۆهان داویێتێ لە گیرفانیدا دەشارێتەوە) چاکە، چاکە، کوڕی ئازیزم. بەڵام ئێستا دەبێ بڕۆن.

**یۆهان تۆننەسێن:** بەڵێ، ئێستا هیچ کات نەماوە بۆ بەفیڕۆدان. خوات لەگەڵ، لوونا؛ سوپاس بۆ خۆشەویستیت. خوات لەگەڵ مارتا، سوپاس بۆ تۆش بۆ وەفاداریی هاوڕێیەتیت.

**مارتا:** خوات لەگەڵ، یۆهان! خوات لەگەڵ، دینا! هەموو ڕۆژەکانتان کامەرانی بێ!

(مارتا و لوونا بەدوایانەوەن تا بەر دەرگاکە. یۆهان تۆننەسێن و دینا بەپەلە لەباخچەکەوە دەڕۆنە دەرەوە. لوونا دەرگاکە دادەخا و پەردەی سەردەرگاکەش دادەداتەوە)

**لوونا:** ئێستا من و تۆ تەنیاین، مارتا تۆ دینات لەکیس چوو منیش یۆهان.

**مارتا:** تۆ – ئەو؟

**لوونا:** ئۆه، تازە لەوێ تا نیوەی ڕێگا ئەوم لەکیس چووبوو. ئەم کوڕە دەهات و دەچوو بیری هەر لەلای ئەوە بوو پشت بەخۆی ببەستێ؛ بۆیە وام پیشان دا کە من تاسەوئارەزوو بۆ وڵات دڵتەنگی کردووم.

**مارتا:** ئەوە بۆیە؟ بەڵێ، من تێ گەیشتم کە تۆ بۆ هاتووی. لوونا، بەڵام ئەو ڕۆژێک هەر داوای ئەوەت لێ دەکا بگەڕێیتەوە لای بۆ ئەوێ

**لوونا:** ئەو ئیتر، چی لە زڕخوشکێکی قەیرە بکا؟ پیاوان زۆر شت لە دەورووبەری خۆیان تێکوپێک دەدەن لەپێناوی ئەوەی بە خۆشبەختی بگەن.

**مارتا:** هەندێ جار وایە.

**لوونا:** بەڵام ئێمە دەبێ پشتی یەکتری بگرین، مارتا.

**مارتا:** من بەکەڵکی تۆ دێم؟

**لوونا:** کێ لەتۆ زیاتر بەکەڵکم دێ؟ ئێمە دوو دایەنی پەروەردەکار، ئەی ئێمە هەردووکمان پێکەوە منداڵەکانمان لە کیس نەچووە؟ ئێستا ئیتر ئێمە تەنیاین.

**مارتا:** بەڵێ، تەنیاین. بۆیە حەزدەکەم تۆش ئەوە بزانی، من یۆهانم لە هەموو شتێک زیاتر لەم دنیایەدا خۆش دەویست.

**لوونا:** مارتا! (قۆڵی دەگرێ) بە ڕاست؟

**مارتا:** تەواوی ناوەڕۆکی ژیانی من لەنێو ئەو وشانەدایە. من ئەوم خۆش دەویست و چاوەڕوانی بووم. هەموو هاوینێک چاوەڕێ بووم بگەڕێتەوە. پاشان گەڕایەوە؛ بەڵام منی نەبینی.

**لوونا:** خۆشت دەویست! تۆ خۆت بەختەوەریت کردە ناودەستییەوە.

**مارتا:** دەبووایە من کە ئەوم خۆش دەویست، بەختەوەریم نەخستایەتە دەستییەوە؟ بەڵێ، ئەوم خۆش دەویست. هەموو ژیانم لە پێناوی ژیانی ئەودا بوو، لەو کاتەوەی سەفەری کرد. دەپرسی، چ هۆیەک هەبوو من دڵبەندی ئەو هیوایەبکا؟ ئۆه، پێم وایە چەند



هۆکارێکم هەبوو بۆ ئەوە. بەڵام پاشان کە گەڕایەوە، – وەک ئەوە وابوو کە لە بیرەوەریی ئەودا هەموو شتێک سڕابێتەوە. منی نەبینی.

**لوونا:** مارتا، ئەو لەبەر دینا چاوی لە تۆ نەبوو.

**مارتا:** باش بوو کە دینا وای کرد من نەبینێ. ئەو کاتەی یۆهان سەفەری کرد، ئێمە لەیەک تەمەندابووین؛ بەڵام کە من دووبارە ئەوم بینییەوە، ئۆه، ئەو ساتە ناخۆشە، بۆم دەرکەوت کە من دە ساڵ لەو گەورەتر بووم. ئەو لەوێ لەدەرەوە لەژێر ئەو خۆرە گەرمە درەخشاوە بریقەدارەدا گەڕاوە و لاوێتی و تەندروستی لە هەموو هەناسەدانێکدا هەڵمژیوە و؛ منیش لێرە لە ژوورەوە دانیشتم و ڕستم و ڕستم –

**لوونا:** بەنی بەختەوەریی ئەوت ڕست، مارتا.

**مارتا:** بەڵێ، من تاڵی ئاڵتوونم ڕست. بێ ڕقوکینە! وانییە، لوونا، ئێمە دوو خوشکی چاکی ئەو بووین؟

**لوونا:** (دەست دەکاتە ملی) مارتا!

(کونسووڵ بێرنیک لە ژوورەکەی خۆی دێتە دەرەوە.)

**کونسووڵ بێرنیک:** (لەگەڵ پیاوەکانی کە لە ژوورەوەن) بەڵێ، بەڵێ، ئێوە هەموو ئەوەی وەک خۆتان دەتانەوێ بەرێوەی بەرن. کە کاتی خۆی هات، بێگومان منیش (دەرگاکە دادەخا) ئا، پیاو لێرەیە؟ گوێ بگرە، مارتا، تۆ دەبێ کەمێک خۆت بگۆڕی، بە بێتیش بلێ با کەمێک خۆی بگۆڕێ. من بێگومان حەزم لە باقوبریق نییە؛ تەنیا بە شێوەیەکی ناوماڵی ڕێکوپێکەوە. دەبێ خێراکەن.

**لوونا:** بیرەوەریەکی خۆش و شادیش بهێننەوە بیری خۆتان، مارتا؛ دەبێ ڕووتان خۆش بێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆلافیش دەبێ بێتە خوارەوە؛ دەبێ لە تەنیشت خۆمەوە دابنیشێ.

**لوونا:** هەم؛ ئۆلاف –

**مارتا:** دەچم بە بێتی ڕادەگەیەنم. (لەدەرگای سەرەوەی لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە)

**لوونا:** بەڵێ، ئێستا کاتی ئەو ساتەگرنگە هاتووە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەنائارامییەوە دێ و دەچێ) بەڵێ، وایە.

**لوونا:** وابزانم، لە کاتێکی ئاوهادا مرۆڤ پێویستە هەست بە شانازی و بەختەوەری بکا.

**کونسووڵ بێرنیک:** (سەیری دەکا) هەم!

**لوونا:** گوێم لێ بوو هەموو شارەکە ڕووناک دەکەنەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بڕیاری شتێکی لەو جۆرەیان داوە.

**لوونا:** هەموو سەندیکاکان بە ئاڵاکانیانەوە ئامادەدەبن. ناوی بەگڕ نووسراوی تۆ دەدرەوشێتەوە. ئەم شەو تەلەگراف بۆ هەموو لایەکی وڵات دەنێردرێ. " کونسووڵ بێرنیک لەناو خێزانە بەختەوەرەکەیدا وەک یەکێک لەپایەکانی کۆمەڵگا پێشوازیی لەئاهەنگی ستایشی هاووڵاتییانی کرد".

**کونسووڵ بێرنیک:** دەبێ؛ لەدەرەوە هاواردەکرێ بژی، حەشاماتەکە لەبەر دەمی ئەودەرگایەدا ئاهەنگم بۆ دەگێڕن، من ناچاردەبم سەری ڕێز دانەوێنم وسوپاسگوزاربم.



**لوونا:** ئۆهـ، ناچاردەبی –

**کونسووڵ بێرنیک:** پێت وایە من لەو ساتەدا هەست بە بەختەوەری بکەم؟

**لوونا:** نەخێر، پێم وانییە کە تۆ بەڕاستی هەست بە بەختەوەری بکەی.

**کونسووڵ بێرنیک:** لوونا، تۆ ڕقت لەمنە.

**لوونا:** هێشتا نا.

**کونسووڵ بێرنیک:** تۆ مافی ئەوەت نییە، ڕقت لێم بێ! لوونا، تۆ نازانی من چەند بە تەنیا لە نێو ئەم کۆمەڵگا داخراوە خراپ دروست بووەدا ڕاوەستاوم، هەر لەباسکردن نایە، چۆن چۆنی ساڵ لەدوای ساڵ دەبووایە لەداواکارییەکانم کەم بکەمەوە لەپێناوی بەجێهێنانی ئەرکی تەواوی ژیاندا. دەسکەوتم چی بوو، چەند زۆر و بی شومار بێتە بەرچاو؟ بەشێکی کەمە، شایانی باس نییە. بەڵام لێرە شتیکی لەوەزیاتر لەباردانییە. بمویستایە هەنگاوێک بچمە پێشی ئەو نەریت و ڕوانگەیەوەی کە لە مرۆژگارەدا بوونی هەیە، ئەوا ئیتر بێ پلەوپایە و بێ دەسەڵات دەمامەوە. تۆ دەزانی ئێمە چین، ئێمە کە بە پایەکانی کۆمەڵگا حیساب دەکرێین؟ ئێمە بەبێ زیادوکەم، ئامرازی دەستی کۆمەڵگاین.

**لوونا:** بۆ ئێستا تۆ بۆ یەکەم جار ئاوها سەیری شتەکان دەکەی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لەبەرئەوەی لەم ماوەیەی دواییدا زۆرم بیرکردەوە، لەوەتەی تۆ گەڕاویتەتەوە، زیاتر لەم ئێوارەیەدا. ئۆهـ، لوونا، بۆچی تۆم بە قووڵی نەناسی – ئەوسا ڕۆژانی کۆن.

**لوونا:** بۆ چی؟

**کونسوولْ بێرنیک:** هەرگیز دەستبەردارت نەدەبووم؛ ئەگەر تۆم هەبووایە، هەرگیز لەو حاڵەدا نەدەبووم کە ئێستا تێیدام.

**لوونا:** ئەی بیر لەوە ناکەیتەوە ئەو چی دەبوو بۆ تۆ، ئەوەی، کە تۆ لەبری من هەڵتبژارد؟

**کونسوولْ بێرنیک:** بەهەرحاڵ دەزانم کە ئەو هیچ نەدەبوو بۆ من ئەو کاتەی پێویستم پێی دەبوو.

**لوونا:** لەبەرئەوەی تۆ هەرگیز ژیانت لەگەڵدا بەش نەکردووە؛ لەبەرئەوەی تۆ هەرگیز بە ئازادی و بەڕاستی پرسیارت لەو نەکردووە لەبارەی پەیوەندیی خۆیەوە لەگەڵ تۆدا؛ لەبەرئەوەی تۆ کارێکی وات کردووە ئەو لەژێر باری خۆسەرزەنشتکردندا داڕمێ، هەرلەبەر ئەو ئابڕووچونەی کە تۆ تووشی بووی بەهۆی کەسوکاری ئەوەوە.

**کونسوولْ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ؛ هەر هەمووی لە درۆ و بوختانکردنەوە هاتوە.

**لوونا:** تۆ بۆچی ئیتر ئەو هەموو درۆ و بوختانانە دەرناخەی؟

**کونسوولْ بێرنیک:** ئێستا؟ تازە درەنگە، لوونا.

**لوونا:** پێم بڵێ، کەشتن ئەم فرو فێڵە چ قازانجێکی بۆ تۆ هەیە؟

**کونسوولْ بێرنیک:** هیچ قازانجی بۆ من نییە. من دەبێ وەک هەموو ئەم کۆمەڵگا نابووتە تێواچم. بەڵام نەوەیەک پاش ئێمە گەورەدەبێ؛ من لەپێناوی کوڕەکەمدا کاردەکەم؛ تەواوی بەرهەمی ژیانی خۆم دەخەمە بەردەستی ئەو. ئەوسا کاتیک دێتە پێشەوە کە حەقیقەتی ژیانی کۆمەڵگا سەرەولێژدەبێتەوە، کەوتووەتە سەر کوڕەکەم دەبێ ئەو بناغەی هەبوونێکی



بەختەوەرانەتر لەچاو ئەوەی باوکیدا هەڵبەستێ.

**لوونا:** لەسەر بناغەیەکی درۆ؟ بیرکەرەوە تۆ چی بەمیراتی بۆ کوڕەکەی خۆت بەجێ دەهێڵی.

**کونسوولْ بێرنیک:** (بە پەشیواویەکی چەپێندراوانەوە) من میراتییەکی هەزار جار خراپتر بۆئەو بەجێ دەهێڵم لەوەی کە تۆ دەیزانی. بەڵام دواجار دەبێ نەفرەت دوورکەوێتەوە. ئێ – لەگەڵ ئەوەشدا – (بەتووڕەییەوە) چۆن ئێوە توانیتان ئەم هەموو شتە بهێننە کەللەی منەوە! بەڵام تازە بوو. دەبێ من بەرەو پێشەوە بڕۆم. نابێ ئێوە لە تێکشکاندنی مندا سەرکەوتووبن!

(هیلمارتۆننەسێن، بلیتێکی بەدەستەوەیە و لەلای ڕاستەوە بەپەلەو پەشێواوی دێتە ژوورەوە)

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵام ئائەمە. بێتی، بێتی!

**کونسوولْ بێرنیک:** چی بووە؟ هەروازوو هاتن؟

**هیلمارتۆننەسێن:** نەخێر، نەخێر؛ من پێویستە و دەبێ لەگەڵ یەکێکدا قسەبکەم (هیلمارتۆننەسێن لەدەرگاکەی سەرووتری لای چەپەوە دەڕواتە دەرێ).

**لوونا:** کەشتن؛ تۆ واقسەدەکەی کە گوایە ئێمە هاتووین بۆئەوەی تۆ تێک بشکێنین. ئینجا با پێت بڵێم چ کانزایەک لەو کوڕە نائەسڵەدا هەیە کە کۆمەڵگا ئەخلاقییەکەتان لێی دووردەکەوێتەوە وەک کەسێکی کە تووشی تاعوون بووبێ. ئەو وازتان لێ دەهێنێ، چونکە سەفەری کرد.

**کونسوولْ بێرنیک:** بەڵام دووبارە دەگەڕێتەوە –

**لوونا:** یۆهان هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێتەوە. بەیەکجاری سەفەری کرد و دیناش لەگەڵی ڕۆی.

**کونسووڵ بێرنیک:** دووبارە ناگەڕێتەوە؟ دیناش لەگەڵی ڕۆی؟

**لوونا:** بەڵێ، بۆئەوەی ببێ بە هاوسەری. بەو جۆرە ئەو دووانە دەکێشن بە دەم وچاوی ئەو کۆمەڵگا خەسڵەت چاکەی ئێوەدا، هەر وەک چۆن من جارێک لە جاران – ئێستا!

**کونسووڵ بێرنیک:** سەفەری کرد؛ دیناش بە ‹ کچی هیندیی سوور›!

**لوونا:** نەخێر؛ نەیوێرا متمانە بەگواستنەوەی هێندە گرانی ئەو بەدڕەوشتانە بکا. یۆهان و دینا بە ‹ لقەدارخورما› سەفەریان کرد.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئاه! کەواتە – بێ هوودە یە (بەخێرای دەڕوا، دەرگای ژوورەکەی خۆی بەتوندی دەکاتەوە و هاواردەکا) کراپ، ‹کچی هیندیی سوور› ڕاوەستێنە؛ نابێ ئەو ئەم ئێوارەیە دەرچێ!

**پارێزەر کراپ:** (لە ژوورەوە) جەنابی کونسووڵ ‹ کچی هیندیی سوور›تازە دەرچووە و لەدەریادایە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (دەرگاکە دادەخا و بەشەکەتییەوە) درەنگە – سوودی نییە –

**لوونا:** مەبەستت چییە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** هیچ، هیچ لێم گەڕێ!

**لوونا:** هم؛ سەیرکە، کەشتن. بابزانی یۆهان متمانەی ئەو ناو ناوبانگەی داوە بە من کە جارێک بەقەرز دابووی بە تۆ و تۆ لێت دزی کە ئەو لێرە نەبوو؛ یۆهان ئەو نهێنییە نادرکێنێ؛ من



دەتوانم ئەوەی دەمەوێ لەو مەسەلەیەدا بیکەم. سەیرکە، ئەوە دوونامەکەی تۆیە بەدەستمەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** لەلای تۆن! کەواتە – هەر ئەم ئێوارەیە، – لەوانەیە کاتێک خۆپیشاندەرانی ئالاهەڵگر –

**لوونا:** من نەهاتووم بۆ ئێرە بۆئەوەی تۆ ئاشکرابکەم، بەڵکو بۆ ئەوەی کارت تێ بکەم بەجۆرێک کە تۆ سەربەست بەویستی خۆت قسەبکەی، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. ئیتر هەر لە سەر ئەو درۆیە بە. سەیرکە؛ ئەوا هەردوو نامەکانی تۆ دەدڕێنم. پارچەکانیشیان بەرە؛ ئەوە تان. ئێستا هێچ بەڵگەیەک دژی تۆ نییە، کەشتن ئێستا تۆ ئاسوودەی؛ بەختەوەریش بە – ئەگەر تۆ دەتوانی.

**کونسووڵ بێرنیک:** (مووچڕک بەگیانیدا دێ) لوونا، تۆ بۆچی پێشتر ئەوەت نەکرد! تازە ئێستا درەنگە؛ تازە هەموو ژیانم بەفیڕۆ چوو؛ من ناتوانم لێرە بە دواوە، وەک خۆم بژیم.

**لوونا:** چی ڕووی داوە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** لێم مەپرسە. من هەردەبێ بژیم! من دەمەوێ بژیم – لەبەرخاتری ئۆلاف. ئەو هەموو شتەکان دادەڕێژێتەوە و بەچاکەکردن تۆڵەی هەموو گوناحەکان دەکاتەوە –

**لوونا:** کەشتن!

(هیلمارتۆننەسێن بەخێرای دێتەوە ژوورەوە)

**هیلمار تۆننەسێن:** کەسی لێ نییە؛ دیارنین؛ بێتیش دیارنییە!

**کونسووڵ بێرنیک:** چ قەوماوە؟

**هیلمار تۆننەسێن:** ناوێرم پێت بڵێم.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوە چییە؟ دەبێ پێم بڵێیت!

**هیلمار تۆننەسێن:** ئێ باشە؛ ئۆلاف لەگەڵ ‹ کچی هیندیی سوور›دا هەڵهاتووە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (لەترێک دەدا بۆ دواوە وەک ئەوەی خەریک بێ بکەوێ) ئۆلاف – لەگەڵ ‹ کچی هیندیی سوور›! نا، نا!

**لوونا:** با، هەڵهات! ئێستا تێ دەگەم؛ بینیم کە لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێ دایە خوارەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (لە ناودەرگای ژوورەکەی خۆیدا، بەپەشۆکاوییەوە هاواردەکا) کراپ، بەهەرشێوەیەک بووە ‹ کچی هیندیی سوور›ڕاوەستێنە!

**پارێزەر کراپ:** (دێتە دەرەوە) مەحاڵە، جەنابی کونسووڵ. ئێوە چۆن بیردەکەنەوە؟

**کونسووڵ بێرنیک:** دەبێ ڕای وەستێنین؛ ئۆلافی لەناودایە!

**پارێزەرکراپ:** دەڵێن چی!

**بازرگان ڕوومێل:** (دێتە دەرەوە) ئۆلاف ڕای کردووە؟ شتی وا نابێ!

**بازرگان ساندستاد:**(دێ) لەگەڵ چاودێریی سەرپەرشتیاردا دەینێرنەوە، جەنابی کونسووڵ.

**هیلمار تۆننەسێن:** نەخێر، نەخێر؛ ئەو بۆی نووسیوم؛ (نامەکە پیشان دەدا) دەڵێ ئەو خۆی لەبارەکاندا دەشارێتەوە تائەوکاتەی دەکەونە فەزای دەریاوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** هەرگیز نایبینمەوە!



**بازرگان ڕوومێل:** ها، ئەو قسەیە چییە؛ پاپۆڕێکی بەهێزوتوندوتۆڵ، تازە چاکراوەتەوە –

**بازرگان ڤیگەلاند:** (لەژوورەکەی کونسووڵ هاتووەتە دەرەوە) لە ورشەکەی خۆتاندا، جەنابی کونسووڵ!

**کونسووڵ بێرنیک:** دەڵێم، هەگیز ئەونابینمەوە. لەکیسم چوو، لوونا، – ئێستا دەزانم – من هەرگیز خاوەنی ئەو نەبووم. (گوێ دەگرێ) ئەوە چییە؟

**بازرگان ڕوومێل:** مۆسیقایە، خۆپیشاندەرانی ئالاهەڵگر هاتن.

**کونسووڵ بێرنیک:** ناتوانم، نامەوێ پێشوازی لە کەس بکەم!

**بازرگان ڕوومێل:** تۆ دەڵێی چی؟ شتی وا نابێ.

**بازرگان ساندستاد:** نابێ، جەنابی کونسووڵ؛ بیرکەرەوە چ ئاکامێکی بۆتان دەبێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێستا ئەمە هەمووی بۆ من چ مانایەکی هەیە! کێم هەیە ئیتر کاری بۆبکەم؟

**بازرگان ڕوومێل:** دەشێ تۆ ئەوپرسیارە بکەی؟ تۆ ئێمە، خۆمان و کۆمەڵگات هەیە.

**بازرگان ڤیگەلاند:** بیرت نەچێ کونسووڵ کە ئێمە –

(مارتا لەدەرگای لای سەرووی چەپەوە دێتە ژوورەوە، مۆسیقا بە ئەسپایی لەخوار شەقامەکەوە دێتە گوێ)

**مارتا:** خۆپیشاندەران هاتن؛ بەڵام بێتی لەماڵەوە نییە؛ نازانم ئەو لە –

**کونسووڵ بێرنیک:** لەماڵەوە نییە! خۆ دەبینی، لوونا؛ بێ هیچ پشتگیری لێکردنێک، نە لەخۆشیداو نە لە ناخۆشیدا.

**بازرگان روومێل:** پەردەکان لادەن! وەرە جەنابی کراپ، یارمەتیم بدە. جەنابی ساندستاد، ئێوەش وەرن. مایەیی خەمبارییە کە ئێستا ئاوا خێزانەکە پەرش و بڵاو بوونەتەوە؛ تەواو بەپێچەوانەی بەرنامەکەوەیە.

(پەردەکانی سەر دەرگاو پەنجەرەکان لادەدرێن. مرۆڤ تەواوی شەقامەکە ڕازاوە و ڕووناک دەبینێ. لافیتەیەکی گەورە بە خانووەکەی ئەوبەرەوە هەڵواسراوە و لێی نووسراوە: " بژی کەشتن بێرنیک، پایەی کۆمەڵگاکەمان!")

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەرەو دواوە دووردەکەوێتەوە) ئەمانە هەموویان لابەن! نامەوێ بیانبینم! بیانکوژێننەوە، بیانکوژێننەوە!

**بازرگان روومێل:** لەگەڵ ڕێزدا دەپرسم، ئایا تۆ باش نەپارێزراویت؟

**مارتا:** لوونا، ئەوە چییەتی؟

**لوونا:** هیش! (بەهێواشی قسەی لەگەڵ دەکا)

**کونسووڵ بێرنیک:** دەڵێم، ئەو دروشمە بەدەست نووسراوە لابەن! نابینن کە ئەوهەموو ڕووناکییە زمانمان لێ دەردەهێنن؟

**بازرگان روومێل:** نەخێر، ئێستا دەبێ دان بەوەدا بنێم –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆه، ئێوە چی تێ دەگەن! بەڵام من، من! ئەمە هەمووی ڕووناکیی نێو هۆڵێکی مەیتخانەیە!

**پارێزەر کراپ:** هم –

**بازرگان روومێل:** نەخێر، دەزانی چی، تۆ زۆر بەسەختی وەرتگرتووە.

**بازرگان سانستاد:** کوڕەکە چووە بۆ پیاسەیەکی دەریاییی ئەتڵەنتیک، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ لات.



**بازرگان ڤیگەلاند:** تەنیا ئیمانت بەخاوەنی قودرەتی قادر هەبێ، جەنابی کونسووڵ.

**بازرگان روومێل:** پاپۆڕەکەش، بێرنیک؛ من بزانم، پاپۆڕەکە لەحاڵوبارێکی وادانییە نقووم بێ.

**پارێزەر کراپ:** هم –

**بازرگان روومێل:** بەڵێ، بۆ ئەو کەشتییە یەکێکە وەک ئەو تابووتی جەنازە سەرئاوکەوتووانەی کۆمەڵگا گەورەکان کە خەڵک لەبارەیانەوە دەبیستێ –

**کونسووڵ بێرنیک:** واهەست دەکەم ئێستا لەم ساتەدا مووەکانی سەرم هەموویان سپی دەبن.

(بێتی، شاڵیکی گەورەی بەسەرەوەیەو، لەدەرگای سەرباخچەکەوە دێتە ژوورەوە)

**بێتی:** کەشتن، کەشتن، دەزانی –؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، دەزانم ؛ بەڵام تۆ،– تۆ، کە هیچ نابینی، تۆ، کە بەچاوێکی دایکانەوە ئاگاداری ئەو نەبووی!

**بێتی:** گوێ بگرە!

**کونسووڵ بێرنیک:** بۆچی ئاگات لێی نەبوو؟ تازە من ئەوم لەدەست چوو. ئەگەر دەتوانی دووبارە ئەوم پێ بدەرەوە!

**بێتی:** بەڵێ. دەتوانم؛ ئەو لەلای منە!

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەو لەلای تۆیە!

پیاوەکان: ئێ!

**هیلمار تۆننەسێن:** من، بیرم لەوە کردبووە.

**مارتا:** کەشتن، دووبارە تۆ بوویتەوە بەخاوەنی!

**لوونا:** بەڵێ، ئیتر دڵی بۆ خۆت بەرەوە و ئاگاداری بە.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەو لەلای تۆیە! بە ڕاستە؟ کوا لەکوێیە؟

**بێتی:** پێت ناڵێم هەتا لێی نەبووری.

**کونسووڵ بێرنیک:** ها چی لێی ببوورم! بەڵام تۆ چۆنت زانی؟

**بێتی:** پێت وانییە دایک دەبینێ؟ من خەریکبوو دەمردم لەترسی ئەوەی نەکا تۆ دووچاری شتێک ببی. ئەو دوێنێ دوو وشەی لەدەم دەرچوو و ژوورەکەی بەتاڵ بوو، جانتاو جلەکانی دیارنەبوون –

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بەڵێ؟

**بێتی:** ڕام کرد؛ هانام بۆ ئەونا برد؛ سواری بەلەمە چارۆکەدارەکەی ئەوبووین؛ پاپۆڕە ئەمەریکییەکە لەدەرچووندا بوو. خوا ڕەحمی کرد، ئێمە لەکاتی خۆیدا گەیشتین، چووینە ناوەوە، گەڕاین بەدوایدا، دۆزیمانەوە. بەڵام، کەشتن، نابێ سزای بدەی!

**کونسووڵ بێرنیک:** بێتی!

**بێتی:** ئەوناش نابێ سزابدەی!

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەونا؟ هەواڵی ئەو چییە؟ ‹کچی هیندیی سوور› دیسان بەڕێ کەوتەوە؟

**بێتی:** نەخێر، مەسەلەکە ئەوەیە –

**کونسووڵ بێرنیک:** قسەبکە، قسەبکە!

**بێتی:** ئەوناش وەک من پەرێشان بوو؛ تا دۆزیمانەوە زۆری پێ چوو؛ دنیا تاریک بوو بوو، دواتر فەرمانبەری سەرپەرشتیکار خەریک بوو کارەکەمان دژوارکا؛ ئیترئەونا جەسارەتی کرد – بەناوی تۆوە –



**کونسووڵ بێرنیک:** ئێ؟

**بێتی:** پاپۆڕەکە تا بەیانی ڕاوەستێنێ.

**پارێزەرکراپ:** هەمم –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆخەی، چ بەختەوەرییەکی گەورەیە!

**بێتی:** تووڕە نیت؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆ، چ بەختەوەرییەکی لە ڕادەبەدەرە، بێتی!

**بازرگان ڕوومێل:** تۆ چەند ویژدان زیندوویت.

**هیلمار تۆننەسێن:** بەڵێ، ئیتر بەم زووانە شەڕێکی بچووک لەگەڵ توخمەکاندا بەرکارە – ئاخ!

**پارێزەرکراپ:** (لەسەرەوە لای پەنجەرەکەوە) ئێستا خۆپیشاندەران لەدەرگای باخچەکەوە دینە ژوورەوە، جەنابی کونسووڵ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئا، ئێستا با بێن.

**بازرگان ڕوومێل:** باخچەکە هەمووی پڕدەبێ لە خەڵک.

**بازرگان ساندستاد:** هەموو شەقامەکە پڕە لە خەڵک.

**بازرگان ڕوومێل:** هەموو شارەکە هاتوون، بێرنیک. بەڕاستی ئەمە ساتەوەختێکی ئاگراوییە.

**بازرگان ڤیگەلاند:** با ئێمە بەوپەڕی چاوی ڕێزەوە تەماشای کەین، جەنابی ڕوومێل.

**بازرگان ڕوومێل:** هەموو ئاڵاکان بەرزکراونەتەوە. چ خۆپیشاندانێکە! ئەوا کۆمیتەی ئاهەنگگێڕانەکەش بە سەرۆکایەتیی مامۆستا ڕۆرلووند گەیشتن.

**کونسووڵ بێرنیک:** دەڵێم، بابێنە ژوورەوە!

**بازرگان ڕوومێل:** بەڵام گوێ بگرە؛ لەو حاڵەتە شڵە ژاوییەییی تۆی تێدای –

**کونسووڵ بێرنیک:** چ نییە؟

**بازرگان ڕوومێل:** نامەوێ ئەوەڕەت بکەمەوە کە لەبریتی تۆ قسەبکەم.

**کونسووڵ بێرنیک:** نەخێر سوپاس؛ ئەم ئێوارەیە دەمەوێ خۆم قسەبکەم.

**بازرگان ڕوومێل:** بەڵام تۆ دەزانی دەبێ چی بڵێی؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، دڵنیابە، ڕوومێل، دەزانم دەبێ بڵێم چی.

(مۆسیقاکە ڕاوەستاوە. دەرگای سەرباخچەکە دەکرێتەوە. مامۆستا ڕۆرلووند لەپێشی کۆمیتەی ئاهەنگگێڕانەوە دێتە ژوورەوە، بەیاوەریی دووخزمەتکار کە سەبەتەیەکی داپۆشراویان هەڵگرتووە. پاش ئەوان هاووڵاتییانی سەر بە هەموو چینە جیاوازەکان دێنە ژوورەوە،ئەمەندەی ژوورەکە بیگرێ. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر دروشم و ئاڵا لە ناو باخچە و سەرشەقامەکەوە دیارن.)

**مامۆستا ڕۆرلووند:** زۆر بەڕێزو ئابڕوومەند جەنابی کونسووڵ! لەو سەرسامییەی ڕوخسارتانی نەخشاندووە دەبینم، کە ئێمە وەک میوانی چاوەڕواننەکراو خۆمان کردووە بەلای ئێوەدا و هاتووینەتە ناو بازنەی خێزانە بەختەوەرەکەتانەوە، هاتووینەتە بەر ئاگردانی ئاشتی ئێوە، کە بە هاوڕێیانی شەرافەتمەند و چالاک و هاووڵاتی دەورەدراوە. بەڵام ئەوە پێویستییەکی دڵخوازانە بوو لە ئێمەوە کە ستایشی خۆمانت پیشان دەین. ئەمە یەکەم جار نییە کە شتی وا ڕوودەدا، بەڵام یەکەم جارە کە



بەم بەرفراوانییە ڕوودەدا. ئێمە زۆرجارسوپاسی خۆمانمان گەیاندووە بەئێوە وەک دەڵێن بۆئەو بناغە بەر فراوانە ڕەوشتییەی کەئێوە کۆمەڵگاکەی ئێمەتان لەسەر بنیات ناوە. ئەمجارە بەتایبەتی ستایشی ئێوە دەکەین وەک ئەوکەسە دیارە، ماندوونەناسە، بەتەنگ خەڵکەوە هاتووە، بەڵێ، هاووڵاتییەکی خۆبەخش کە هەنگاوێکی لەباری ناوە بۆ پڕۆژەیەک کە پاش هەموو تێفکرینێکی زیرەکانە، پڕۆژەیەکە دەخوازێ هەنگاوێکی بەبڕشت بێ، لەپیناوی باشی ژیان و خۆشگوزەرانیی ئەم کۆمەڵگایەدا.

**چەند دەنگێک لەنێو خەڵکەکەوە:** ئافەرین، ئافەرین!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** جەنابی کونسووڵ، ئێوە چەندساڵێکە بوون بە ڕووداوێکی نموونەی ڕووناک لە شارەکەماندا، لێرەدا من باسی ژیانی خێزانیی نموونەییی ئێوە ناکەم، بەهیچ کلۆجێکش باسی خوو و ڕەوشت و ئاکاری بێ لەکەی ئێوە ناکەم. ئەوبابەتانە لە ژووری پشوودانداا ئاماژەی بۆدەکرێ نەک لە ساڵۆنی ئاهەنگ گێڕاندا!

بەڵام من لە چالاکییەکانی ئێوە وەک هاووڵاتییەک دەدوێم، کە تائەم ساتە ڕوون وئاشکرا، بەکراوەیی لەبەرچاوی هەمووکەسێکدایە. پاپۆڕی توندوتۆڵ وتەیار لە ورشەکەتانەوە دەردەچێ و لە دوورترین دەریادا ئاڵایان دەشکێتەوە. ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بەختەوەر وەک باوک، تەماشای ئێوە دەکەن. بە بانگەشەکردنتان بۆ بووژاندنەوەی کاروپیشەی تازە خۆشگوزەرانیی سەدەها خێزانتان بنیات ناوە. بەمانایەکی تر

– ئێوە بناغەی پتەو و بەکاری ئەم کۆمەڵگایەن.

**چەند دەنگێک:** گوێ بگرن، گوێ بگرن، ئافەرین.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** تەنیا ئەم لەخۆبردووییە نەرمونیانە کە وچانی لەهەموو ڕەفتاری ئێوەدا داوە، کارێگەرییەکی خێرخوازانەی سەرسووڕهێنەرو لە وەسف نەهاتووانەی هەیە، لەم ساتەوەختانەدا. ئێستا بەشتێکەوە خەریکن بۆ ئێمەی بەدەست بهێنن – بەڵێ، من پەسەندی ناوهێنانی وشەی ڕیالیستی و لەڕوو ناکەم – ئیستگەیەکی هێڵی ئاسنین.

**چەند دەنگێکی زۆر:** ئافەرین. ئافەرین!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڵام ئەم پڕۆژەیە لەجەوهەردا بەمەبەستی خودپەسندی کورت وکوێر، کۆسپی خراوەتە پێش.

**دەنگ:** گوێتان لێ بێ، گوێ بگرن!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بەڕاستی شتێکی شاراوە نییە کە ئەو کەسانە، سەر بەم کۆمەڵگایە نین، دەستپێشکەریی هاوشارییە چالاکیەکانی ئێرەیان کردووە و دەستیان بەسەر ئەوقازانجەدا گرتووە، کە بەحەقیانەت دەبووایە لە خزمەت و قازانجی شارەکەی خۆماندا بووایە.

**دەنگ:** بەڵێ، بەڵێ! گوێتان لێ بێ!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** بێگومان ئێوەش، جەنابی کونسووڵ ئاگاتان لەم حەقیقەتە ناخۆشە هەیە. بەهەرحاڵ ئێوە توند و پتەو بەدوای پلانەکانتاندا دەچن،

باش دەزانن کە هاونیشتیمانی نابێ بەتەنیا بیر لە شارەوانییەکەی لەمەڕ خۆی بکاتەوە.



**چەند دەنگێکی جیاواز:** هم! نەخێر، نەخێر! بەڵێ، بەڵێ!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** مرۆڤ ئاوهایە وەک هاوولاتی لە نیشتیماندا، مرۆڤ پێویستە و دەبێ وەک ئەو کەسە بێ، کە ئێمە لەم ئێوارەیەدا بەڕێزیان ستایش دەکەین. خۆزگە پڕۆژەکەی ئێوە بە ئەنجام دەگەیشت و دەبووە مایەی بەختەوەریی هەمیشەیی بۆ ئەم کۆمەڵگایە! بێ شک هێڵی شەمەندەفەر دەبێتە ڕێگایەک کە ئێمە لێیەوە خۆمان دووچاری گەیشتن بە ڕەگەزی لەدەرەوەهاتووی بەدڕەوشت دەکەین، بەڵام ڕێگایەکیشە کە بەخێرایی لەگەڵ ئەوانەدا دەمانگوێزێتەوە. ئەو جۆرە ڕەگەزە لەدەرەوەهاتووانە ئێستاشی لەگەڵدابێ، ئێمە ناتوانین خۆمانیان لێ بپارێزین. بەڵام کە ئێمە ئێستا هەر لەم ئاهەنگەدا، بەگوێرەی پڕوپاگەندەکان دەڵێن، بەختیارتر و خێراتر لەچاو ئەوەی چاوەڕواندەکرا. لەو جۆرە ڕەگەزانە ڕزگارمان بوو –

**چەند دەنگێک:** هیش! بێدەنگ!

**مامۆستا ڕۆرلووند:** من ئەوە وەک مزگێنییەکی خۆش دەبینم بۆ پڕۆژەکە. کە من ئالێرەدا باسی ئەو خاڵەدەکەم، ئەوە پیشان دەدا کە ئێمە خۆمان لەماڵێکدا دەبینینەوە کە ویستی ئەخلاقی تیایدا گرنگترە لە پەیوەندیی خزمایەتی.

**چەند دەنگێک:** گوێ بگرن! براڤو!

**کونسووڵ بێرنیک:** (لەهەمانکاتتدا) ڕێگەم پێ بدە –

**مامۆستا ڕۆرلووند:** هێشتا چەند وشەیەکی کەم ماوە، جەنابی کونسووڵ. ئێوە هەرچییەکتان بۆ ئەم شارەوانییە کردووە، بێ

شک بیرتان لەوە نەکردووەتەوە کە پاشان ئەوە بۆ ئێوە ببێتە مایەی سوود و قازانج. بەڵام ئێوە ناتوانن خەڵاتێکی بچکۆلانەی ڕەمزی سوپاسگوزاریی هاووڵاتییان ڕەت بکەنەوە، لانیکەم ئالەم کاتە پڕمانایەدا، کە ئێمە، پاش دڵنیاکردنەوەمان لە لایەن پیاوانی کردەییەوە، لەبەردەمی سەرەتای زەمەنێکی تازەدا ڕاوەستاوین.

**چەند دەنگێکی زۆر:** ئافەرین، گوێ بگرن! گوێ بگرن!

(مامۆستا ڕۆرلووند ئاماژەیەک بۆ خزمەتکارەبەکرێگیراوەکان دەکا؛ ئەوان سەبەتەکە دەهێننە پیشتر؛ ئەندامانی کۆمیتەی ئاهەنگگێڕانەکە دێنە پێشەوە و ئەو شتانە پێشکەش دەکەن بەوانەی کە ڕوویدەمیانتێدەکرێ)

**مامۆستا ڕۆرلووند:** جەنابی کونسووڵ، ئینجا ئێمە دەمانەوێ، جزوەیەکی زیوینی قاوەت پێشکەش بکەین. هەتا لەداهاتووشدا هەروەک جاران، مێزەکەتان برازێنێتەوە کاتێک ئێمە، لەم ماڵە میواندۆستەدا بەخۆشحاڵییەوە کۆدەبینەوە.

ئێوەش بەڕێزەکانم، پاش ئەوەی ستایشیکردنی پیاوی یەکەمی کۆمەڵگاکەمان کۆتایی هات، داواتان لێ دەکەین دیارییەکی بچکۆلەمان بۆ یادگار لێ قبووڵ بکەن. ئەم پەرداخە زیوە بۆ ئێوە، جەنابی بازرگان ڕوومێل. ئێوە هەمیشە، بە وتارو وشەی جوان، لەکاتی زایەڵەی دەنگی پەرداخەکاندا بۆ نۆشین بەرگریتان لە بەرژەوەندی هاووڵاتییانی ئەم کۆمەڵگایە کردووە؛ خۆزگە ئێوە هەمیشە فرسەتی بەنرختان دەدۆزییەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئەم پەرداخە و بەتاڵکردنەوەی. ئێوە، جەنابی



بازرگان ساندستاد، ئەم ئەلبوومەتان پێشکەش دەکەم کە وێنەی هاووڵاتییانی تێدایە. مرۆڤ خوازی ناسراو و دیارتان ئێوەی خستووەتە بارێکی میهرەبانیی واوە کە لەنێو هەموو حیزب و لایەنەکانی کۆمەڵگادا هاوڕییانی خۆتان بژمێرێن. هەروەها بۆ ئێوە، جەنابی بازرگان ڤیگەلاند، بۆ ڕازانەوەی خەڵوەتگاکەتان، ئەم کتێبی دوعاخوێندنەوەیەی کاتی نوێژوخواپەرستیتان لە بەرگێکی جوانی لەسەر چەرم نووسراودا، پێشکەش دەکەم. ئێوە لەژێر کاریگەری سالانی پڕئەزموونیدا بە تێگەیشتنێکی چڕوپڕی جیددی ژیان گەیشتوون؛ چالاکیتان لەئامانجی ئیشوکاری شەوڕۆژانەتاندا لەماوەی سالانێکی دوورودرێژدا پاک و نەجیبزادانە بووە بە بیرکردنەوەتان لە خوای گەورە و ڕۆژی قیامەت (ئاوڕ لەخەڵکەکە دەداتەوە) ئیتر، هاوڕێیانم، بژی کوونسووڵ بێرنیک و هاوخەباتانی! بژی پایەکانی کۆمەڵگاکەمان!

**هەموو حەشاماتەکە:** بژی کونسووڵ بێرنیک! بژی پایەکانی کۆمەڵگا! بژی، بژی، بژی!

**لوونا:** پیرۆز، زاوا!

(بێدەنگییەکی پڕ لە چاوەڕوانی)

**کونسووڵ بێرنیک:** (لەسەرخۆوجیددی دەست پێ دەکا) هاووڵاتییانم، لەزاری ئاخێوەرەکەتانەوە وترا کە ئێمە ئەم ئێوارەیە لەسەرەتای زەمەنێکی تازەدا ڕاوەستاوین، من هیوادارم ئەو دۆخە بێتەپێش. بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەم دۆخە دروست بێ، دەبێ ئێمە خۆمان فێری حەقیقەت بکەین، حەقیقەت کەهەتا ئەم

ئێـوارەیە وەک هەمـیـشـە و لەهەمـوو پەیوەندییـەکـانی نێـو ئەم کۆمەڵگایەدا جێگەی نەبووەتەوە.

(سەرسوڕمان لە ناو ئەوانەی لەدەوروبەرییا وەستاون)

**کونسووڵ بێرنیک:** من پێـویستـە بگـەڕێمـەوە و لەو وشـە پـەسندانەوە دەست پـێ بکەم کـە ئێـوە، جـەنـابی مـامـۆسـتـا، بە گـوێرەی داوونەریتی ئەم جۆرە بۆنانە، بەسەرمنتاندا داباراند. من لایقی ئەو قـسـانە نیم؛ لەبەر ئەوەی من هەتا ئەمـڕۆ پیـاوێک نەبووم بیرم لـە قـازانجی خـۆم نەکـردبێـتـەوە، ئەگـەرچی من هـەمـیـشـە بەدوای سـوود و پارەدا هـەوڵـم نەداوە، بـەڵام بەهـەرحـاڵ من ئێستا تێ دەگەم کە هەوەس و شەیدابییەک بۆ بەدەستهێنانی دەسـەڵات، کـاریگـەری، ڕێزوشکۆ، هێـزی پـاڵنـەر بووە لە زۆربەی زۆری ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی مندا.

**بازرگان ڕوومێل:** (کەمێک بەدەنگی بەرز) ئێ دوای ئەوە؟

**کـونسـووڵ بێـرنیک:** من لێـرەدا، لـەبەردەمی هاوولاتیـیـاندا هـیچ سەرزەنشتی خۆم ناکەم ؛ چونکە من هێشتا لەو باوەڕەدام کە لە نـاو لێـهـاتووانی خـۆمـاندا لێـرە دەوێرم لـەڕیزی پێـشـەوە ڕاوەستم.

**چەند دەنگێ:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ!

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام ئەوەی من دەیخەمە ئەستۆی خۆم، ئەوەیە کە من تاڕادەیەک هەمیشە ئامادەییم تێدابووە ڕێگای خواروخێچ بگرمـەبەر، لـەبەرئـەوەی مـن دەمـزانـی و دەترسـام لەئامادەییتێدابوونی کـۆمـەڵگاکـەمـان بۆبـاش نەبینینی ئەو هۆکارە تەمومژاوییانەی کە وان لەپشت هەموو ئەوکارانەوەی



پیاوێک لێرە پێیان هەڵدەستێ. ئێستا دێمە سەر خاڵێک کە پەیوەندیی بەمەوە هەیە.

**بازرگان:** ڕوومێل (بە نائارامییەوە) هم – هم!

**کونسووڵ بێرنیک:** لێرە پڕوپاگەندەیەکی زۆر بڵاوە لەبارەی کڕینی مـوڵکێکی زۆرەوە لە بەرەوژووری ولاتدا. ئەو مـوڵکانە من کڕیومن، هەموویان پێکەوە، خۆم بەتەنیا.

**چەندەنگێک بە هێواشی:** ئەوە دەڵێ چی؟ کونسووڵ؟ کونسووڵ بێرنیک؟

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەو موڵکانە هەتا ئێستا لەدەستی مندان. بێگومان من ڕازونیازی خۆمم بە هاوکارانم وتووە، بەو بەڕێزانە، ڕوومێل، ڤیگەلاند و ساندستاد، هەروەها ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکەوتووین

**بازرگان ڕوومێل:** ڕاست نییە! بەڵگە– بەڵگە –!

**بازرگان ڤیگەلاند:** ئێمە لەسەر هیچ ڕێکنەکەوتووین!

**بازرگان ساندستاد:** نەخێر، لێرەدا من دەبێ بڵێم –

**کونسووڵ بێرنیک:** ئەوە تاڕادەیەک ڕاستە؛ ئێمە هێشتا لە سەر ئەوەی من دەمەویست ناوی بەرم ڕێکنەکەوتووین. بەڵام هیوادارم کە ئەم سێ بەڕێزە پێکەوە لەگەڵ من هاودەنگ بن کاتێک دەڵێم کە من ئەم ئێوارەیە لەگەڵ خۆمدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتووم کە ئەو موڵکانە بخرێنە سەرمایەیی گشتیی هاوبەشەوە؛ ئەوەی کە دەیەوێ، دەتوانێ بەشی خۆی لە ناویاندا هەبێ.

**چەنددەنگێکی زۆر:** بژی! بژی کونسووڵ بێرنیک!

**بازرگان ڕوومێل:** (بەهێواشی بە کونسووڵ بێرنیک دەڵێ) خیانەتێکی هێندە گەورە!

**بازرگان ساندستاد:** (بەهەمان شێوە) کەواتە لەخشتەت بردین!

**بازرگان ڤیگەلاند:** دەی کەواتە شەیتان کاولی کا! ئۆه، خاچ، ئەوە من دەڵێم چی؟

**حەشاماتەکەی دەرەوە:** بژی، بژی، بژی!

**کونسووڵ بێرنیک:** بێدەنگی، بەڕێزانم. من هێچ مافێکی ئەو ستایشکردنەم نییە؛ چونکە ئەوەی ئێستا من بڕیارم لەسەردا، لە سەرەتاوە نییەتی من نەبوو. نییەتم ئەوەبوو هەمووی بۆ خۆم هەڵگرم، وە هەتائێستاش من لەسەر ئەو بۆچوونەم کە ئەو موڵکانە باشترین سوودیان لێ وەردەگیرێ ئەگەر ئەوانە لە دەستێکدا کۆبکرێنەوە و بمێننەوە. بەڵام خەڵک دەتوانن دەنگ بدەن. ئەگەر خەڵک ویستیان، ئەوا من ئامادەم بەڕێوبەرایەتییان بکەم بە باشترین قەبڵاندن.

**دەنگ:** بەڵێ! بەڵێ! بەڵێ!

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام پێش هەموو شتێ، پێویستە هاووڵاتییانم بەقووڵی من بناسن. ئینجا با هەریەکێک لە ئێوەش بەخۆیدا بچێتەوە، با بەتەواوی جێگیربێ، کە لەم ئێوارەیەوە ئێمە پێ دەنێینە زەمەنێکی تازەوە. ئەو زەمەنە کۆنە، لەگەڵ سووراوسپیاوی خۆیدا، لەگەڵ دووڕوویی و بەتاڵیی خۆیدا، لەگەڵ میهرەبانیی درۆزنانەی خۆیدا و خاترانەی غەمگینی خۆیدا، وەک مۆزەخانەیەک وابێ بۆ ئێمە، بۆ لێوەفێربوون کراوە بێ؛ ئێمە بۆ ئەو مۆزەخانەیە – وانییە، بەڕێزەکانم؟ پێکەوە جزوی قاوە تێدادروستکردنەکەو پەرداخەکە و ئەلبوومەکە و کتێبی دوعا خوێندنەوەکەی کاتی نوێژوخواپەرستی لە



بەرگەجوانە لەسەر چەرم نووسراوکەدا دەکەین بە دیاری.

**بازرگان ڕوومێل:** بەڵێ بێگوومان.

**بازرگان ڤیگەلاند:** (بەمنگە منگەوە) هەمووشتێکتان برد ئەوەش بەرن–

**بازرگان ساندستاد:** فەرموون.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئینجا بڕانەوەی حیسابی سەرەکی لەگەڵ کۆمەڵگاکەمدا. وترا کە ڕەگەز بەدەکان ئەم ئێوارەیە بەجێیان هێشتین. بەڵام من دەتوانم ئەوە بخەمە سەرئەو قسەیە کە خەڵک نایزانن ئەو پیاوەی هیمای بۆکرا، بەتەنیا سەفەری نەکرد؛ ئەویش لەگەڵی ڕۆی بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری –

**لوونا:** (بەدەنگی بەرز) دینا دۆرف!

**مامۆستا ڕۆرلوند:** چی!

**بێتی:** ئەوە تۆ دەڵێی چی؟

(جموجۆڵێکی زۆر)

**مامۆستا ڕۆرلوند:** ڕۆی؟ هەڵهات – لەگەڵ ئەو! کاری وا نابێ!

**کونسووڵ بێرنیک:** بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری، جەنابی مامۆستا. هەروەها زیاتر دەخەمە سەرقسەکانم.(لەسەرخۆ) بێتی، خۆڕاگربە و، بەرگەی ئەوەی ئێستا دەوترێ بگرە (بەدەنگی بەرز) من دەڵێم؛ دەستی ڕێز بگرن بە سنگتانەوە بۆ ئەو پیاوە؛ لەبەرئەوەی ئەو نەجیبزادانە چووە ژێرباری تاوانی یەکێکی ترەوە. هاووڵاتییانم، من دەمەوێ لە ناڕاستی بچمە دەرەوە؛ خەریک بوو یەکەیەکەی ڕیشاڵەکانی لەشم ژەهراوی بکا. پێویستە ئێوە هەموو شتێ بزانن. پانزە ساڵ لەمەوبەر تاوانبار من بووم.

**بێتی:**(هێواش و بەدەم هەڵلەرزانەوە) کەشتن!

**مارتا:**(هەمان شێوە) ئاه، یۆهان!

**لوونا:** دواجار تۆ خۆت بردەوە!

(سەرسوڕمانێیەکی بێ ئامانج لەنێو ئامادەبوواندا)

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، هاووڵاتییانم، تاوانبار من بووم و ئەو سەفەری کرد. ئەوپروپاگەندە خراپ و ناڕاستانەی کە پاشان بڵاو بوونەوە، لە دەسەڵاتی کەسدا نەبوو بەرەنگاریان بێتەوە. بەڵام من لێرە بەدواوە جورئەتی ئەوەناکەم داوای لێبوردن بکەم. پانزەساڵ لەمەوبەر لەسەرحیسابی ئەو پڕوپاگەندانە من خۆم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان؛ ئەگەر ئێستا من بەسەرسەردا بەسەر ئەو پڕوپاگەندانەدا بکەوم، ئەوا با هەرکەس لەلای خۆیەوە سەرپشک بێ.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** چ گورزێکی هەورەبرووسکە ئاسایانەیە! پیاوی یەکەمی شار!(بەهێواشی بە بێتی خانم دەڵێ) خانم من چەند بەداخەوەم بۆتان!

**هیلمار تۆننەسێن:** دانپیانانێکی ئاوا! ئێستا، چی بڵێم!

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵام ئەم ئێوارەیە هیچ بڕیارێک نادرێ. من داوا لە هەریەکێک لە ئێوە دەکەم بڕواتەوە لای خۆی، خۆی کۆبکاتەوە و سەیری ناخی خۆی بکا. کاتێک بیروهۆشەکان ئارام بوونەوە، ئەوسا ئەوە دەردەکەوێ ئایا من بە دانپیانانم دۆڕاندم یان بردمەوە. خواتان لەگەڵ! من هێشتا گەلێ گەلێ شتی ترهەیە لێیان پەشیمان ببمەوە؛ بەڵام ئەوە تەنیا پەیوەندیی بە ویژدانی خۆمەوە هەیە. شەوباش! هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە



ئاهەنگگێڕانەوە هەیە دوورخەنەوە. هەموومان هەست دەکەین کە ئەو شتانە ئێستا لە جێگەی شیاوی خۆیاندا نین.

**مامۆستا ڕۆرلووند:** نەخێر ئاشکرایە (بەهێواشی بە بێتی دەڵێ) هەڵهات! کەواتە ئەو بە تەواوەتی منی بەلاوە بێ نرخ بوو. (کەمێک بەرزتر بە کۆمیتەی ئاهەنگگێڕانەکە دەڵێ) بەڵێ، بەڕێزانم، پاش ئائەمە من وای بەباش دەزانم کە بە تەواوی بێدەنگییەوە دوورکەوینەوە.

**هیلمار تۆننەسێن:** چۆن چۆنی لەمەودوا مرۆڤ بتوانێ ئاڵای بیروباوەڕ بەرز ڕاگرێ، ئەوە – ئاخ!

(ئەوەی وترا لەوبەینەدا دەماودەم بە چرپەچرپ بڵاو بووەتەوە. هەموو بەشدارانی ڕێپێوانی ئاڵاهەڵگر لە باخچەکە دووردەکەونەوە. ڕوومێل، ساندستاد و ڤیگەلاند بەهێواشی بەدەم گفتوگۆیەکی توندەوە دەڕۆنەدەرەوە. هیلمارتۆننەسێن لەلای ڕاستەوە خۆی دەدزێتەوە. بێدەنگ لەهۆڵەکەدا کونسووڵ بێرنیک، بێتی، مارتا، لوونا، پارێزەر کراپ دەمێننەوە.)

**کونسووڵ بێرنیک:** بێتی، تۆ لێم دەبووری؟

**بێتی:** (بەزەردە خەنەوە سەیری دەکا) دەزانی، کەشتن، ئێستا تۆدەرگای بینینی شادمانترین دیمەنت بۆ واڵاکردم کە من چەند ساڵە بە حەسرەتییەوەم.

**کونسووڵ بێرنیک:** چۆن چۆنی؟

**بێتی:** چەند ساڵە پێم وایە کە من جارێک لە جاران بوومە خاوەنی تۆ و دووبارە تۆم دۆڕاندەوە، ئێستا دەزانم کە من هەرگیز خاوەنی تۆ نەبووم؛ بەڵام من هەر دەبێ تۆ بەرمەوە.

**کونسووڵ بێرنیک:** (دەست دەکاتە ملی) ئۆ، بێتی، تۆ منت بردووەتەوە! من بەهۆی لووناوە یەکەمجار فێربووم بەڕاستی تۆ بناسم. بەڵام کوا ئولاف با بێ.

**بێتی:** بەڵێ، هەرئێستا دەیبینی. جەنابی کراپ!

(بێتی لەگەڵ کراپ لە پشتەوە بە هێواشی قسەدەکەن. کراپ لەدەرگای سەرباخچەکەوە دەچێتە دەرەوە. لەو کەینوبەینەدا هەموو چراو مۆمەکانی ماڵەکان دەکوژێنەوە)

**کونسووڵ بێرنیک:** (بە هێواشی) سوپاس، لوونا، تۆ باشترین شتت لەمندا – لە پێناوی خۆمدا ڕزگارکرد.

**لوونا:** ئایا من هیچی ترم دەویست؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، دەتویست، یان نەتدەویست؟ من سەر لە تۆ دەرناکەم.

**لوونا:** هم –

**کونسووڵ بێرنیک:** ڕقوکینە نەبێ؟ تۆڵەکردنەوە نەبێ؟ کەواتە بۆچی گەڕایتەوە بۆ ئێرە؟

**لوونا:** هاوڕێیەتیی کۆن ژەنگ هەڵناهێنێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** لوونا!

**لوونا:** کە یۆهان لەبارەی ئەو درۆیەوە قسەی بۆکردم،

سوێندم بەخۆم خوارد کە قارەمانەکەی تەمەنی لاویم پێویستە سەربەست و ڕاست ڕابوەستێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئای، من ئەو مرۆڤە ڕەشبەختە ئەوەندە شایەنی ئەوە نیم.



**لوونا:** بەڵێ، کەشتن، ئەگەر ئێمەی ژنان بەدوای کێ شایەنیەتی و کێ شایەنی نییە دا بگەڕاینایە –!

(ئەونای بەلەمساز لەگەڵ ئۆلافدا لە باخچەکەوە دێنە ژوورەوە)

**کونسووڵ بێرنیک:** (بەرەوڕووی ئۆلاف). ئۆلاف!

**ئۆلاف:** باوکە، بەڵێنت دەدەمێ، ئیتر هەرگیز –

**کونسووڵ بێرنیک:** هەڵنایەیی لە ماڵەوە؟

**ئۆلاف:** بەڵێ. بەڵێ باوکە، بەڵێنت دەدەمێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** منیش بەڵێنت دەدەمێ، ئیتر هەرگیز ناچار نەبی. لێرە بەدواوە تۆ مافی ئەوەت هەیە، وەک میراتگری بەرهەمی ژیانی من نا، بەڵکو وەک ئەوەی کە کار و ژیانی خۆی هەیە گەورە بی.

**ئۆلاف:** من بۆم هەیە ببم بەوەی خۆم دەمەوێ؟

**کونسووڵ بێرنیک:** بەڵێ، بۆت هەیە.

**ئۆلاف:** سوپاس، کەواتە من نامەوێ ببم بە یەکێک لە پایەکانی کۆمەڵگا.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئاوها؟ بۆچی نا؟

**ئۆلاف:** لەبەرئەوەی پێم وایە کە ئەوە دەبێ زۆر ناخۆش بێ.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئۆلاف، تۆ دەبێ ببی بەخۆت ؛ پاشان ئەوەی تری بەگوێرەی توانای خۆی. هەروەها ئێوە، ئەونا –

**ئەونای بەلەمساز:** دەزانم، جەنابی کونسووڵ؛ من لەکارەکەم دەرکرام.

**کونسووڵ بێرنیک:** ئێمە هەر بەیەکەوە دەمێنینەوە، ئەونا، لێم ببوورە –

**ئەونای بەلەمساز:** چۆن چۆنی؟ ئەم ئێوارەیە پاپۆڕەکە دەرناچێ.

**کونسوولّ بێرنیک:** سبەینێش دەرناچێ. من وەختێکی کەمم دابوو بەئێوە. ئەو پاپۆڕە پێویستە تەواو ورد سەیری بکرێ.

**ئەونای بەلەمساز:** بەڵێ باشە، جەنابی کونسوولّ، ئەوکارە بە ئامیرە تازەکان ئەنجام دەدەین!

**کونسوولّ بێرنیک:** دەبێ وابێ، بەلاّم ورد و قوولّ و ڕاستگۆیانە. ئێمە زۆر شتمان هەیە کە پێویستیان بە چاکردنەوەیەکی ورد و قوولّ و ڕاستگۆیانە هەیە. ئیتر، شەوباش، ئەونا.

**ئەونای بەلەمساز:** شەوباش، جەنابی کونسوولّ؛ سوپاس، سوپاس، سوپاس! (لەلای ڕاستەوە دەڕواتە دەرەوە)

**بێتی:** هەموویان ڕۆیشتن.

**کونسوولّ بێرنیک:** ئێمەش بە تەنیاین. چیتر ناوی بەگڕنووسراوی من نادرەوشێتەوە؛ هەموو چرای ناو پەنجەرەکان کوژاونەتەوە.

**لوونا:** دووبارە ئاوات بە داگیرسانیان دەخوازیتەوە؟

**کونسوولّ بێرنیک:** نا بە هیچ کلۆجێک. من لە کوێ بووم! ئەگەر ئیوە بزانن من لە کوێ بووم هەر دەتۆقێن. وەک ئەوەی دوای ژەهراوی بوونم هۆش وگۆشم هاتبێتەوە بەر. بەڵکو هەست دەکەم، دووبارە گەنج و ساخ دەبمەوە. ئۆخەی، لێم نزیکتربنەوە، لەدەورم کۆببنەوە. وەرە، بێتی! وەرە، ئۆلاف، کوڕی خۆم! تۆش مارتا،وابزانم، من ئەم هەموو ساڵە تۆم نەبینیوە.

**لوونا:** نەخێر، باوەڕت پێ دەکەم؛ کۆمەڵگاکەی ئێوە کۆمەڵگایەکە لە ڕوحی پیاوی سەڵتی پیر، ئێوە ژن نابینن.

**کونسوولّ بێرنیک:** ڕاستە، ڕاستە؛ هەر لەبەر ئەوەش، بەڵێ، دوابڕیارە، لوونا، تۆ من و بێتی بەجێ ناهێڵی.



**بێتی:** نا، لوونا، تۆ نابێ بەجێمان بهێڵی!

**لوونا:** نەخێر، هیچ بیانوویەکم نییە تا سەفەرکەم و ئێوەی خەڵکی گەنج بەجێ بهێڵم، کە دەتانەوێ دەست بکەن بە خۆ دروستکردن؟ ئەی من دایان نیم؟ من و تۆ، مارتا، ئێمە دوو پوری پیر. سەیری چی دەکەی؟

**مارتا:** ئاسمان چەند ساف وبێ هەورە، سەردەریا چەند ڕووناکە. " لقەدارخورما" بەختی هەیە.

**لوونا:** بەختەوەریشی بارکردووە.

**کونسوولّ بێرنیک:** ئێمە– ئێمە ڕۆژێکی درێژی کارکردنی جیدی چاوەڕێمانە؛ زیاتر من. بەلاّم با ئەو ڕۆژەبێ؛ لە دەورم کۆببنەوە، ئێوە ژنانی دڵسۆزوحەقیقەتخواز. من لەم رۆژانەدا ئەوەش فێربووم: کە ئێوەی ژنان پایەکانی کۆمەڵگان.

**لوونا:** کەواتە تۆ پەندێکی لاواز فێربووی، زاوا. (توند دەست دەخاتە سەر شانی) نەخێر؛ ڕوحی ڕاست و ڕوحی ئازاد – ئەوان پایەکانی کۆمەڵگان.

تەواو

٢٠٠٧/٧/٧ – ڤۆدیسێ

پێشکەشە بە: کەریم عوسمان

## سوپاس و پێزانین

وەرگێڕانی پایەکانی کۆمەڵگای هێنریک ئیپسن کارێکی ئاسان نەبوو. یەکەم، بەهۆی ئیش و کاری ڕۆژانەوە، مەجبوور ئەم جۆرە کارانە دەکەونەوە سەر حیسابی کاتی پشوودان و لە کاتی پێکەوەبوونی ماڵ و منداڵ بۆخۆیان دەدزنەوە. دووەم، بەهۆی ئەو زمانە کۆنە نەرویجییەیی سەدوسی ساڵ لەمەوبەر ئیپسن پێی نووسیوە، کەهەتاڕادەیەک دەکاتەوە زمانی دانیمارکیی کۆن. دیارە کە گەڕان بەدوای مانای ئەو وشانەی ئەوسا و ساخکردنەوەیان بە گوێرەی زمانی ئەمڕۆ! کە لەجێگەیاندا بەکاردەهێنرێ، هەم مایەیی سەرنجڕاکێشان و هەم دژوارییش بوو. بەهەر حاڵ هیوادارم کە ماندوبوونەکەم بای ئەوەبێ کە بەشانازییەوە بوێرم ئیپسن ڕاستەوخۆ بخەمە بەر چاو و هەست و هۆشی خوێنەری کورد، نەک لە زمانی دووەم و سێیەم و...هتد، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەزمانی ئیپسن خۆیەوە. هەر ئەوکاتەی کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی ئیپسن، ئەم شانۆنامەیە یەکێک بوو لە ناو ئەو بەرهەمانەی کە خۆشم ویستن و خولیاییی وەرگێڕانیم کەوتە سەر. هەموو جارێک کە بەراوردی باری دەروونیی کەسانی پایەدار و کەسانی بێ دەرەتانی ناو دراماکەم لەگەڵ باری دەروونیی کەسانی پایەدار و کەسانی بێ دەرەتانی ناو کۆمەڵگاکەی خۆمان دەکرد، بیری وەرگێڕانیم لەلا تیژتر دەبووەوە. جگە لەمەش کە بۆم ڕوون بووەوە کە ئیپسن ئیلهامی ئەم



شانۆ نامەیەی لە هەندێ ڕووداوی سەردەمی ژیانی خۆیەوە وەرگرتووە، هێندەی تر ئەم درامایەم لەلا شیرین بوو. بەڵێ چەند ساڵێک لەمەوبەردەستم دایە وەرگێڕانی و بەشی یەکەم و دووەمیم تەواوکرد و ئیتر بە هەر هۆیەکەوە بوو، لێی دابڕام و نەچوومەوە سەری. لێرەدا دەمەوێ زۆر سوپاسی هاوڕێی کۆن و ئازیزم مامۆستا دانا ڕەووف بکەم، وەک هاندەرێک بۆ دووبارە دەست بەکار بوونەوەم لەسەر تەواوکردنی وەرگێڕانی ئەم شانۆنامەیە. دووبارە سوپاسی کاک دانا دەکەم کە ئەرکی پێیاچوونەوەی دەقەکوردییەکەی لەگەل دەقە سویدییەکەیدا، گرتە ئەستۆ و بە ئامۆژگاریی زانایانەی زۆری بەهرە پێ گەیاندم. هەروەها زۆر سوپاسی هاوڕێی دلسۆزم کاک ئاسۆ عەبدولڵا کەریم دەکەم کە زۆر لە خۆ بووردوانە، بەشی یەکەمی وەرگێڕانەکەی ئەم شانۆگەرییەی بۆخستمە سەرکۆمپیوتەر. پاشان سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ یارمەتیی هاورێ وهاودەم و هاوسەرم ئینگەرئۆستنستاد کە بەبێ ئەو هەرگیز ئەم وەرگێڕانە وا نەدەبوو کە هەیە. دووبارە سوپاس و خۆشەویستیم بۆ ئینگەر بۆ پێکەوە بەراوردکردن و پیاچوونەوەی دەقە کوردییەکە لەگەڵ دەقە نەرویجییەکەیدا. نەوەکو هەڵەیەک یان بە هەڵە لێتێگەیشتنێک ڕوویان دابێ. لەگەڵ ئەوەشدا دیارە کە ئەمە هێشتا هەر وەرگێڕانەو وەرگێڕانیش لە کەموکووڕی بەدەر نییە. هەر لەم فرسەتەشدا دەمەوێ داوای لێبووردن لە تین و ئارام بکەم، چونکە وەرگێڕانی ئەم شانۆنامەیە زۆری لەکاتی باوکایەتیی من لەگەڵ ئەواندا بۆ خۆی قۆستەوە. سوپاسی تەحەممول وتێگەیشتنیان دەکەم.

هاودەم ساڵح جاف

٢٠٠٨/٨/٥ ئۆسلۆ

ئەم شانۆنامەیە لەم کتێبەوە کراوە بەکوردی

HENRIK IBSEN
Samfundets sttter
SKUESPILL I FIRE AKTER
GYLDENDAL NORSK FORLAG
OSLO 1992
Utgitt frste gang 1877
Denne utgave c Gyldendal Norsk Forlag A/S 1992
Printed in Norway
Fotografisk opptrykk:
Aktietrykkeriet i Trondhjem, Trondheim 1992
Omslagsdesign: Benn Bolt
ISBN 82-05-19350-9

Oversatt fra norsk av
Hawdam Salih Jaf